# فەرمانڕەوایی

# موکریان

نووسینی

محەمەد جەمیل

ڕۆژبەیانی

هەواڵنامەی کتێب

کۆماری عیـراق

وەزارەتی رۆشنبیری‌و راگەیاندن

دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی

کتێبی ژمارە ( ٢٨٣ )

هەواڵنامەی کتێب

بغـــداد

١٩٩٢

سەرنج :

ئەم سیپارەیە لە زۆر کۆنەوە تا سەردەمی شێخ عوبەیدیلای شەمزینی ڕوون ئەکاتەوە ، دەربارەی لەوە دووای ، نووسەرانی سۆڤیاتی ، ودەربارەی جمهوریەتی مەهابادیش زۆر لە نووسەرانی بێگانەو کوردانی مەهاباد کتێبیان نووسیوەو سەرچاوە زۆرە بۆ شکاندنی ئارەزووی خوێنەران، بۆیە من بەوەندە وازم هێنا ...

ــ ڕوژبەیانی ــ

# فەرمانڕەوایی موکریان

**سەرەتا :**

بە جوانی دەزانم لە سەرەتادا ئەم باوەڕە ڕوون بکەمەوە کە بەر لە صەدەی سێیەمی کۆچی (نۆیەمی زایینی) هیچ گوندێو هیچ شارۆلکەیێو هیچ گەورە شارێ لە هەرێمی ئادەربایجانو کوردستانو موکریاندا ناوەکەی تورکی نەبووە • پاش شالاوی غوزو سەلاجقەو مغولو خوارەزمی وتاتارو قەرەقویونلوو ئاققویونلو ناوی زۆر لە ئاواییو شارەکانی ئادەربایجانو کوردستانو موکریان دا گۆڕراونە تورکیو ناوە کۆنەکانیان لە بیرچوونەوە • هۆی گۆڕانی ناوەکانو لە ناو چوونی مێژووی کارەساتو قەوماوەکان ئەوە بووە کە هەرێمی ئادەربایجانو کوردستان، پتر لە جێیانی تری بەر شالاو کەوتوونو بەرامبەر بە داگیرکەران زۆرتر وەستاونو درێژەیان بەخەباتو نەبەرد داوە، داگیرکەرانیش ناچار بوون شارو دێیەکانیان ئاگرتێ بەرداوە، وولاتەکەیان وێران کردووە، خەڵقەکەیان ڕافڕاندووە تاڕێی گەڕانەوەیان بەربەست بکەن، تا بە ئارامیو ئاساییشەوە، لەشکری خۆیانی تیا جێگیر بکەن، ئەم کارانە بۆتە هۆی ئەوەی ناوی بنکەو پایەگای عێڵە تورکە کۆچەرەکان- کە تیا بەزیون- جێی ناوە کۆنەکان بگرنەوەو پاش تێپەڕینی ساڵەهای ساڵو سوڕانی چەرخی ڕەشی ڕۆژگار، ناوە کۆنەکان لەبیر بچنەوەو لە دڵو دەروونی خەڵقی وولات بسڕدرێنەوە •

هەندێ لەو عێلە تورکمانو تورکانەی کە لە هەرێمەکانی موکریان و کوردستانی ئێراندا ژیاونو تا ئێستەش ناویان بەسەر زمانەوە ماوە ئەمانەن: «جغەتای، تاتار، ئێلخانی، ئاققویونلو، قەرەقویونلو، قزلباش، قەرەپاپاخ ، سەلدوز، موکریت، ئەفشار، قاجار، بەیات•••و دەیانی تر »• بە دووریش نازانرێ کە هەندێ ووردە تیرەی هەرێمەکانی «سقناق»و «سەقسین»ی تورکستانیش لە گەل ئەم عێلو تیرە تورکانە هاتبنە ئاذەربایجانی غەربیو کوردستان و،ناوی کێوی «سخناخ»ی لای «سنە»و ناوی شاری «سەقز»یش لەوانەوە مابێتەوە • ئەگەر سەرنجێکی ئاذەربایجانی غەربی بدەین بەوێژەو تەنانەت بەشی هەرێمی موکریان، ئەبینین ناوی زۆر لە گوندەکان،و گەورە دێیەکان،و شارەکانی تری، وەك « ئاجی کەند، ئاختاجی، ئیلتەمور، بەریاجی، تەرەغە، تیکانتەپە، «ساروق، ساری‌قامیش، ساوجبولاق، سەلدوز، صاین- قەلعە،و صەدەهای تر••» ناوە کوردی‌یەکانیان نەوەك هەر لە بیر چوونەوە، بەڵکو لە لاپەڕەی مێژووشدا تۆمار نەکراون •

جا هەر وەکو لەرستەی ناوەکانا ناوی عێلی «موکریت»ی تورکمانیش بەر گوێ کەوت، ڕەنگە هەندێ کەس بە دووری نەزانن کە ناوی «موکریان»یش- کە هەم لە ئاذەربایجانی خۆرئاواو هەم لە زۆر جێی تری کوردستاندا،و لە زۆر جێگەی تری ئاسیای بچوکیشدا هەیە[1] - لە ناوی «موکریت»ەوە هاتبێ، من،بەر لەوەی دیاردی بۆ وەلامی ئەم پرسیارە بکەم با نیکتەیێ بگێڕمەوە : نووسەری شەرەفنامە «ئەمیرشەرەفخانی بتلیسی» (بەهەشت جێی بێ) زۆر بە سادەیی هۆی ئەم ناز ناوەی ڕوون کردۆتەوە ونووسیویە : «باپیرە گەورەی فەرمانڕەوابانی موکریان پیاوێکی زۆر زانو ژیرو تەڵەکەباز بووە،

(١) قاموس الئەعلام شەمس‌الدین سامی ، باسی موکریت •

لەبەر ئەوە پێی وتراوە : مەکرۆ • ئەو «ناز ناوە» بۆتە ناز ناوی بنەماڵەکەی و، ئنجا بۆتە ناوی هەرێمەکەش••»[2] بەلاّم نووسەری ئەم وتارە باوەڕی وایە: کە ناوی «موکریان» لە «موکریت» و«مەکرو»وە نەهاتووەو، زۆر لە وانە کۆنترەو، گۆڕانێکی کەمي بەسەرا هاتووە •• ئەم ناوە لە بنەڕەتا «موغڕێ، موغڕێیان» بووە، پاشان بووە بە «موقریان»و ئنجا بە «موکریان» •• مێژۆ بۆمان دەرئەخا کە زاییںگەی « ئاشو زەردەشت » کەوتۆتە لای باشوور وخوارووی زرێچەی «چیچەست»[3]و، ئاتەشکەدەی «ئاذەر گوشنەسپ «Ather gorhnasp» یش لە شاری «شیز»[4] بووە، جاموغەکان لە دەورانی «ماد»و «هەخامەنشی» ( ئەخەمینی ) و « پەرتی »ی ئەشکانیو « ساسانی »دا لە «هەمەدان»و «پاسارگاد»و «تەخت جەمشید»و «تیسفون»و جێیانی ترەوە بۆ کڕنووش بردن، ئەچوونە زاییںگەی زەردەشت هەروا شایەلانی ئێرانیش- تەنانەت ساسانییەکان ـ کاتی کە ئەچوونە سەر تەخت دەبوو لە تیسفونەوە ، بەپێ تا«شیز» بچن،و کڕنووش بەرن بۆ ئاگری پیرۆز[5]، جا لەبەر ئەوەی ئەم دەشتی موکریانە سەرەڕێی موغەکان بووە ناو نراوە «موغڕێ، موغڕێیان»و سەرئەنجام بووە بە «موکریان»• هەروەک «سەردەشت» کە ئەویش دیاردییە بۆ زاییںگەی «زەردەشت» •

---

(٢) شەرەفنامە فارسی یەکە (/٣٧٢) وعەرەبی یەکەی منوەرم گێراوە (٢٩٨/١)

(٣) واتا گۆلی ئورمییە = زرێچەی أورمیە •

(٤) واتا تەخت سلیمانی ناوەندی مەهابادو ئورمییە ،کە شوێنەواری کۆنترین شاری مادی تیا دۆزراوەتەوە •

(٥) فەرهەنگی موعین ، فەرهەنگی دیهخودا، ودائیرەت الە عاریفەکان، لە باسی زەردەشتو شیزدا •

## موکریان کوێ بووە؟ وبە کوێ ووتراوە؟:

ناوی موکریان، لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچییەوە (جواردەیەمی زایینییەوە) کەوتۆتە لاپەڕە زێڕینەکانی کتێبە مێژوویی و جوغرافیایی ئانەوەو دراوە بەم سەرزەوییەی ئەم هەرێمانە ئەگرێتەوە: «مەراغە، سەلماس، شنۆ، لاجان، نەغەدە، ئورمییە، صایینقەلآ، سابلاخ، بۆکان، مەیان دوواو، خانە، سەردەشت، سەقز، بانەو جێیانی تری ناو ئەم سنورە» کە ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری ئوستانی[٦] ئاذەربایجانی خۆرئاواو، ئوستانی کوردستانی ئیران پیک ئەهێنن ..

## پێشینەی مێژوویی موکریان :

ئەو هەرێمەی کە ئەمڕۆ گەلی کورد پێی ئەڵێن: «موکریان» لە هەزاران ساڵ بەر لە هاتنەدنیای عیساوە تائەمڕۆ هەر ئاوەدان بووە لەم ساڵانەی دوایییەدا دێرینەو شوێنەوار ناسان کە بە دوای دێرینەو شوێنەواری کۆندا وێڵن، لە هەرێمی «سەلماس»دا کۆنە شارێکی چەند نهوم و چین لەسەر چینیان لە ژێر خاکا دەرهێناوە، ئەم شارە بە هۆی بوومە لەرزەو کارەساتی ترەوە چەند جارێ ڕوخاوەو ـ، دوبارە دامەزرێنراوەتەوەو چینی تازە لەسەر شوێنەواری کۆن دوروست کراوەتەوە، بەم جۆرە بۆتە چەند نهۆم . هەندێ لەو چین و نهۆمانە بەهی دەورانی ئاسن و مس دراونە قەڵەم جگە لەوانەش، شوێنەواری شاری «زیویە»ی لای «سەقز»یش بەڵگەو، گەواهە لەسەر ئەوەی کە لە «موکریان»دا، هەزاران سال بەرلە هاتنە دنیای عیسا(د.خ) فەرهەنگ و شارستانێتیی هەبووەو ، بەڵگەیی کە لەم بارەوە بە دەست مێژونووسانەوە هەبێ کەییکەن بە ـ پاڵ پشت بۆ باوەڕی

---

(٦) لەئێران بە محافظە ئەوترێ « ئوستان .

خۆیـان ، ساڵنامەکانی ئاشوری‌یە و، کتێبی تەوراتی پیرۆزیش زۆر شـتی تیـایـە •

**نووسەری سوڤیێتی «دیاکونـوف» لە مێـژووی «مـاد»دا نووسیویـە:**

«ئەوەی راست بێ تا ئێستە بە تەواوی نەزانراوە کەی مرۆڤ پێی‌خستۆتە سەر خاکی «ماد»؟ـ کە موکریان پارچەیێکـە لەو خاکەـو لە کەیەوە تیـا نیشتە جێ بوون ؟ بەڵام زانستی مرۆڤ تا ئەو جێیە بڕی کردووە کە بزانێ ئادەمیزاد لە دەورانی کۆنی بەردەوەـ کە پێی ئەوترێ «پالیئولیت»ـ لەم هەرێمەدا هەن‌و ژیاون،و لە سەردەمی ئێمەشا ، دێرینەناسەکان لە سـایەی هەڵکۆڵین‌و هەڵدڕینی شوێنەوارەکانەوە زۆر دێرینەیان بەدەست هێناوە کە بەهی: سەردەمەکانی «ئاشیل» ASHELL و«مۆستی» MUSTEAE و«ئورینیاک» ORINYAI ناسراون[7]• **بەڵام ئەو زانستانەی کە دەربارەی دانیشتوانی خاکی مادی سەردەمی کۆنی بەرد، بە دەس هێنراون، تا ئێستە زۆر کەمن ، مێژونووس ناتوانێ سوودی تەواویان لێ وەر گرێ**[8] •

(٧) با لێرەدا ئەم سێ زاراوەیە ڕوون بکەمەوە کە بەکارهێنراون: زانایانـی دێرینەو شوێنەوارناس (ئاثار) دەورانی کۆنی بەردیان ناو ناوە «پالئولیت» (واتا سەردەمێ کە شەختەو بەستەڵەك هەمـو ڕووی زەوی پۆشیبـو) ، فـەرهـەنگ وخوێنـداری‌و ڕۆشـنبیری‌و شـارسـتانیێتی‌ی ئـەو سەردەمەشیان ناو نـاوە «ئاشیـل»ـ واتـا خوێنـدەواری‌و کەڵچـەری سەرەتایی ـ ••• ئنجا دەورانـی ناوەنجـی‌ی بەرد، دەس پێ ئەکـاو پێی ئەوترێ «مۆستێ » کە ئەکات: دەمێ کە شەختەو بەستەڵەك تەینا هەندێ بەشی سەرزەوی‌ی ئەوروپای داپۆشیبو••• ناوی «مۆستێ»ش لە ناوی ئەشکەوتێکەوە هاتـووە کەلـە فەرانسـە دۆزراوەتـەوەو هـی ئـەو سەردەمەیە ••• بـە فەرهەنگ‌و شارستانێتـی دەورانـی هـەرە دوایی بەردیش ئەوترێ «ئۆرینیاك»ـ کە ئەمیش هەروەك ئەوی تری لە ناوی ئەشکەوتێکەوە هاتووە کەـ لـە فەرانسە دۆزراوەتەوەو ، شوێنەواری ئەو سەردەمەی تیایە •

## مانئا :

لە سەرەتای هەزارەی بەر لە زایینی «عیسا»دا «ماننا»کان بەشێکی بچوك بوون لە ڕێکخراوەی «لولۆبی-گۆتی»و هیچ جۆرە پەیوەندی‌یەکیان نەبورە بە یەکیتی‌ی عیلە مادی‌یەکانەوە •• بەلام لە سەرەتای نۆیەم صەدەی بەرلە میلاددا «ماننا»یەکێ بووە لە دەولەتەکانی ئەو خاکەی پاشان پێی ووتراوە وولآتی «ماد» •

ناوچەی سەرزەویی دەولەتی « مانا » کەوتە پێ دەشتەکەی لای باشوری زرێچەی ئورمیەوە (واتا خاکی موکریانی ئێستە)• ئەم دەولەتی «مانا»یە لە هەشتەمین صەدەی بەر لە هاسەدیای عیسادا ، چەند جاری لە نێن دەولەتەکانی «ئاشوری»و«ئورارتو»دا کەوتۆتە شەڕەوەو بەرامبەر بە هیچ کامیان زەبوون نەبووە وشکستی نەخواردووە• بەلاّم لە سەر دەمی پادشایێتی‌ی «ناصر پانی پاڵی دووەمی» قەڕاڵی ئاسوری‌دا ناوچەی «زامۆا» (واتاهەرێمی سەلماس) ویستی خۆی لە تالاّن وبڕۆی ئاسوری بپارێزێ، جادیاری‌یەکێ ڕێك‌وپێکی بۆ قەڕاڵی ئاسوری نارد کە برێتی بوو: لە چەند سەر ئەسپ،و هەندێ زێڕو زیوو قورقوشم ومس‌و قەلاّیی‌و قاپ‌و قاجاغی لە توج‌و زەرد دوروست کراو[9]•

«سەلما نەصری» سێیەمی قەڕاڵی ئاسوری کە لە ساڵانی ٨٥٩ – بەر لە (ها•د•) تا ٨٢٤پ•ز•ە لەسەر تەخت بووە ، لە ڕۆژانی پێ‌یینی «پاومانی» قەڕاڵێتی کەیا ، کە پیرو فەرتوت بوبو، «دایان ئاشور»ی کرد بە فەرماندەی سپای ئاسوری‌و ناردي بۆ سەر وولآتی «ئورارتو»[10]•

---

(٨) مێژوی ماد، نووسراوی دیاکونوف، وەرگێڕ راوی فارسی‌ی کەریمی کیشاوەرز چاپی تاران، پالآوتەی لاپەڕەکانی (١٢٦–١٣٧) •

(٩) مێژوی ماد، پالآوتەی لاپەڕەکانی ١٨٥–١٨٧

(١٠) وولآتی ئورارتو: ئەکەوتە باکوری خۆرئاوایی وولآتی «ماننا»وە• ناوی چیای «ئارارات»ی ئێستە لە «ئۆرارتو»وە هاتووە •

«دایان ئاشـور» لـە نوخشە شالاودا هەلی کـوتـایـە سـەر « موسەسیر MUSSASIR [11] و گەورەدێو شارەکانی تالان وویران کرد، بەلام نەیتوانی سەر بە حەلکەلە شۆڕ بکات، و مروڤی «موسەسیر» پەیوەندی‌ی خۆیان لەگەل «ئورارتو» نەبڕی‌و «ئوئالکی»ی پادشـای «موسەسـیر» خۆی خستە چیاکان، ئنجا «دایان ئاشور» هەلمەتی هەرێمی «کیلزان»ی‌دا، «ئوپو»ی پادشای «گیلزان» ناچار بو کەباج وپیتاک بدات بە دەولەتـی ئاسوری[12] •

لـە دەورو بـەری سالی ۸۲۸ پ • زاەدا «ئیش پۆئین‌ێ»ێ کوڕی «شەردوری» بوو بە پادشای «ئورارتو» وهەرێمە داگیرکراوەکانی تەواو لە دەولەتی ئاسور سەندەوەو، هەموی لە ژێر چنگ دەرهێنانو هەرێـمی «گینزان»یشی خستە سەر «ئورارتو»،و لە دەربەنـدی «کەلەشـین»دا ــ کە لە نێوانی شنۆ‌و ڕەواندزدایە ــ باسی ئەم کیشـوەر گیری‌یەی خوی لەسەر کێلە بەردێ، بە دوزمانەی ئورارتو‌و ئاسوری، هەلکەند• پـاش ئەوە «مینوئا»ی کوری خۆیشی، لەفەرمـانڕەوایا کـرد بـە هاوبـەشی خۆی، • «مینوئا» سەربەرشتی وفەرمانڕەوایی سای «ئورارتە»ی گـرتـە ئەستۆو توانی سالی ۸۰۸پ•زاە هەرێمی «موسەسیر»، وسالی ۸۰۷پ• زاەش هەرێمی «ماننا» بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە[13] •

دەولەتی «ماننا» لەم جەند میری بە خۆ مالی‌یە پێک هاتبو :ــ

**١ ــ سوریکاش : (واتاهەرێمی سەقزی ئەمرۆ) •**

**٢ ــ میسیی : (واتادەوروبەری سنەی ئێستەکە دەکەوێتە لای‌سەروی ڕوباری جغەتۆوە) •**

---

(١١) واتا هەرێمی «سیدەکان ــ خانە ــ کەلەشین » •

(١٢) مێژوی ئورارتو، نووسینی دوکتور محەمەد جەوادی مەشکور بە فارسی لاپەرە (١٦ ، ١٧) •

(١٣) هەمان سەرچاوە لاپەرە (١٨) •

٣ ـ ئوئیشیدیش . (واتادەورو بەری هەرێمی مەراغەی ئەمڕۆ کە ئەلەویە لای خۆرهەلاتی زرێچەی ئورمیەوە) •

٤ ـ ئارسیانش : (واتا دەورو بەری هەمەدانی ئەمڕۆ) •

٥ ـ ئارشتەیانا: (واتا دەوروبەری سیروان، کە دەبێ هاورامانو جوانڕۆي ئێستە بووبێ) •

٦ ـ چەند جێلەیێکی تری کەلە لایەن کوێخاکانەوە بەڕێوە ئەبران • پایتەختی دەولەتی «ماننا » « ئیزیرتو » بو ( واتا دەورو بەری تەپە حەسەسوی ئەمڕۆي موکریان ) •

٧٢٠ سال پ•زا• زۆربەی هەرێمەکانی ئازەربایجان ، یا لە ژێر دەسەلاتی ڕاستەو خۆی « ئێران زۆ »ی پادشای « ماننا »دا بوون ، یا بە هۆی فەرمانڕەوایانی خۆمالیو ناوخۆیی‌یەوە بەڕێوە ئەبران • « ئیرانزو » ئەوەندە پیاوێکی ئازاو بە جەرگو بە دەسەلات بو ، کە توانیبوی کیشوەری « ماننا » ـی ـ گەیاندبووە ڕیزی دەولەتێکی «یەکەم پلە » ، بەلام هەندێ هەرێمی وولاتەکە بوبون بە تەرگزە بۆ پایەداری‌ی « ماننا » • ئەوانە ئەم فەرمانڕەوایی‌یە ناوخۆیی‌یانە بوون :

١ ـ باشاییتی‌ی « ئوئیشیدیش » ( هەرێمی مەراغە ) •

٢ ـ میرایەتی‌ی « زەگەرتو » ( هەرێمی ئەردەبیل ( ئەردەویلی )ی ئەمڕو ) •

٣ ـ فەرمانڕەوایی « ئاندیا » ( لای بەرەژێرو پاومانی ڕوباری سپی کە مغول ناویان نا قزل ئوزان ) ـ کە برێتی بو لە خاکی داوێنی چیای « ئەلەبەرز » بە کناری زریەی خەزەردا ، کە ئەکا بەشێ لە ئوستانی گێلانی ئەمڕۆی ئێران ـ •

٤ ـ خاکی « دیوك » ـ یادیائاکو ـ ( واتا لای سەرچاوەی ڕوباری سپی « قزل‌اوزان » ) ، کە لە چیاکانی هەمەدان‌و کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ و دەبووەوە بەرەو زریێی خەزەر[١٤] •

« ئێران زۆ »ی پادشای « مانتا » ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو پەڕی هێزو دەسەلاتی هەبو ، هەندێ لە هەرێمەکانی « مانتا » لە دەرفەتێکالێی هەلسەرانەوەو خۆیان لەژێر دەسەلاتی ئەو دەرهێناو ، پەیوەندییان لەگەل « ئورارتو » بەست کە یارمەتییان بدات‌و بیان پارێزێ •

سالی ٧١٩ پ•زا• « ئێران زۆ » خۆی لە دەولەتـی « ئاسـوری » نزیککردەوە ، دەولەتی ئاسوری لەسەر داوای ئەو ، کەوتە پەنجە حستنە کاروباری وولاتی « مانتا »وە •

سالی ٧١٧پ•م• « رۆسای‌یەکەم » پادشای « ئورارتو » شالاوی کردە سەر وولاتی « مانتا »و بیست‌و دوو قەلای لێ دابڕی ، وهانە هانەی « دیوك »ی سەرۆکی « ماد »یشی‌دا ، کە خۆی لە یەکێتی‌ی « مانتـا » دەربچڕێ • بەم پێیە « دیائوکو » کوڕێکی خۆیی ناردە لای « ڕۆسـا » کە بە چەشنی بارمتە لای بمێنێتەوە •

« ئێران زۆ »ی پادشای « مانتا » لەم سەردەمەدا کۆچی دوایی کرد « ئازا »ی کوڕی جێی گرتەوەو لەسەر تەخت دانیشت ، بەلام سەرۆکی

---

(١٤) لێرە دابە هەلی ئەزانم دوو شت روون بکەمەوە:
یەکەم ئەوەیە : پیش زایین بـە ٧٢٠ سال، بەلکو پتریش ـوەکـو لە سەرەوە بۆمان دەرکەوت ـ ناوی «ماد» هـ بووە، بەلام نیو سەربەسـتو نیو ئازاد ژیاوە،و ناوی «دیوك، دیوئاك»یـش هـەر لەو سەر دەمـەدا بەسەر زمانەوە بووە •
دووەم ئەوەیە: ئەو روبارەی کە ناوی «قزل‌ئوزان»ی تورکی‌ی بەسـەردا براوە، تەنیا ڕوبارە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاسـت دا، بەرەو باکـووری ڕێ ئەکا، پێچەوانەی هەمـو ڕوبارەکانـی تری خۆرهـەلاتی ناوەڕاست کـە هەمویان ڕووەو باشورێ ڕێ ئەکەن •

هەریمەکانی ژیر دەسەلاتی ، ماوایان نەدا ، لیی ڕاپەڕینو دەستگیریان کردو کوشتیانو لەشەکەیان فڕێ دایە چیای « ئوئاش » ـ واتا چیای سەهەندی نێوان ئەردەبێل وتەوریز(١٥) •

«سار ـ گونی دووەم»ی فەڕالی ئاسوری کە بە شۆرشەکەی ناوخۆی خەلتی « مانا »ی زانی ، ڕاپەڕیو هەلی دایو « باگداتو »ی فەرمان ڕەوای « ئوئیشیدیشی » ( مەراغەیئەمڕۆ) ـی ـ دەستگیر کردو فەرمانی دا پێستی بکروونو بە ڕووتو فووتی لە پیس چاوی خەلکدا دابنێن •

کە هەراو شۆرشەکە دامرکا « ئوللوسونی »ی کوڕی دووەمی « ئێران زۆ » لەسەر تەختی پادشاییتیی دانرا • « ئوللوسونو » زواوزو خۆی لە پەیوەندیی هاوپەیمانێتیی « ئاسور » رزگار کرد ،و لەگەل « ... »ی هاوسیدا پەیمانی یەکێتیی بەست • و بیستو دوو قەلەی « مانا »ی خستە ژێر دەسەلاتی « ڕوسا »وە • بەلام « سارگونی دووەم » لەم ڕەفتارو کردارەی « ئوللوسونو » کەوتە قاروقینو بەشەڕ بەرپەرچی دایەوە،و پایتەختی « مانا » ـ ( واتا ئینزیرتو ـ )و دوو قەلای گرنگی ناوچەکەی لێ داگیر کرد ، کە « زیبیە » ( زیویە )و «ئارمائیت» بوون،و « ئاشورلەی » سەرداری « کارالا »شی بە زیندویی پێست کەن ،

(١٥) لێرەدا بادوو شت روون بکەمەوە :
یەکەم ئەمەیە: ناوانی «ڕوسا»و «ئازا» و«ئوو = ئاو» و«مینوئا = مینە» کە لەو سەردەمەدا باو بوون، تائێستەش لە کوردستانا هەر باون•
دوەم ئەوەیە، کە دانیشتوانی وولاتی «مانا»ـ وەکو بەمان دەرکەوت ـ مردوو یان نەخستۆتە ژێر خاکەوە، بەلکو فڕێیان داوەتە بیاوشا خەکان، کە دالاش وتەیروتوال بیخۆن • بەلام بۆمان روون نییە: ئابا «ڕەردەشت» ـ کە بیرو باوەڕی مێژو نووسان دەربارەی زایینو مردنیناکۆکە ـ پێش ئەم ماوەیە ژیاوە، وئەم دابو دوستورەی «مانا» لەوە وەریان ماوەتەوە؟ یاخۆ «زەردەشت»و پەیرەوانی لەسەر دابو دوستوری کۆنی «مانا» ڕویشتوون ؟!

« ئێستیێ »ی سەرداری « ئالابریا » خۆی دەرباز کرد ، و«دیائوکـا»ی پادشای « ماد »یش بە خێزانەوە بەدیل گیرا وڕەهەنـەی « حەمـا »ی سوریە کرا • بەو هۆیە وەبو کە لەوە پاش «حەما» بە ناوی ئەوەوە ناو ئەبراو پێی ئەوترا « دیائوکـکو » ، بەڵام « ئوللوسونو » پاشان سەری بۆ « ئاسوری » شۆڕکرد[16] •

سـاڵی ٧١٤ پ•زاه « ئوللوسونـو » دوجار لەسەر یـەک بـاج و پیتاکیدا بە دەوڵەتی ئاسوری ، بەڵام لە ٧١٣ بە دواوە ، ماوەیێکی زۆر بـاج وپیتاکی نەنارد و،هیچ جۆرە دیـاری و پێشکەشێکی نـەدانی •• بەڵکو زاتی نایە بەرخۆی و سەرسنورەکانی ئەو خاکانەشی داگیر کرد کە لە ژێردەستی ئاسوری دابوون • جا لەبەر ئەوەیکە وولاتی « ماننا » لـە ڕوی ئابوری یەوە خێوی هەمو شتێکی پێویست بو بۆ پێشکەوتن ،و لە لایەن بیروڕای سیاسیشەوە بو بوە ، ناوچەی سـەر تا سـەری هەرێمـە چیایی یەکانی خۆرهەڵاتی ئاسوری ، توانی هەوڵ بداو ، ببـێ بە دەوڵەتێکی گرنگ •

لـە دەوروبەری سـەدەی حـەوتـەمی پ•زاەدا دانیشتـوانی ئـەو خاکەی کە لەوە پاش ناونرا « ماد » کە لەڕەگـەزەی جیـا جیـا بـوون ، یەکێتی یەکیان دامەزراند، دانیشتوانی ڕەسەن و بنچینەیی ئـەم هەرێمانـە «گۆتی»و «لولومبی» بوون ، وهەندێ «هۆریانـی»و «ئورارتویی»شیان لەگەڵ بو • ئەوی لە هەمویان پتر بە دەسەڵات و خێـوی شارستانێتـی و خوێندەواری و فەرهەنگ بو ، دانیشتووەکانی دەوروبـەری زرێچـەی « ئورمی یە » ـ واتا مرۆڤی کیشوەری « مانا » ـ بوون[17] ، کـە تـا ئەو سەردەمە هێشتا خۆیان نەخستبووە نێو زنجیرەی یەکێتیی عێلەکانی

---

(١٦) مێژوی مادی دیاکونوف لاپەڕە کانی (٢٥٨ـ٢٦٣) •
(١٧) مێژوی ماد پاڵاوتەی لاپەڕەکانی (٢٦٤ـ٢٨٣) •

« ماد »و بەر شالاّوی تالاّنو بڕۆی « سکا »کـان ئەکەوتـن • بـەلاّم
« سکا »کان دەسەلاتی ئەوەیان نەبو کە «ماننا »کان بە زەبری کوتەك
بکەن بە مسکێنو پەیرەوی خۆیان •••• با ئەوەش لەبیر نەکەین ، کـە
: دۆزرانەوەی لەنجینەی «زیویە»ی لای « سـەقز » لە زۆر دیـریـەو
شوێنەواری سەربە « سکاکانی » تیا دۆزراوەتەوە ، نابێتە پالپشتی ئەوەی
کە « سکاکان » لە « میدیا »دا ناوچەیێکی تایەبەتی‌یان هەبووبێ(١٨) ••

ئـەمـانـەی ووتـرا قسـەی مێژونووسـەکان بـو و، من لام وایـە
« هۆری »یەکان هەر « هەرکی »یەکانی ئێستەو « سکا »کانیش هـەر
« شکاك »ە کانی ئەمڕۆ بوون ، کە تا ئێستە هەر لەو جێگەیانەی لونـي
خۆیان ماونەوە ، • بەلاّم بزانین دێرینەو شوێنەواری مێژویی – لەژێـر
خاکا نوستو – لەمەو دوا چیمان بۆ دەرئەخەن •

« مانـنا »کـان ، وەهادییـارە تا سـالّی ٦٥٠پ•زا خێـوی
دەسەلاّتی سەربەستانەو ئازادانەی خۆیان بوون ، چونکـە ئەبینیـن
« ئاخشەری » AKHSHARI ی پادشای «ماننا » بـە یارمەتـی‌ی
« سکا » کۆچەرەکان هەلّی کوتاوەتە سەر سنورەکانی « ئاسـوری »و
«قەڕاں ئاشورپانی پال » بۆ تەمێ‌کردنی « ئاخشەری » شالاوی بردۆتە
سەر خاکی « ماننا »و داگیری کردووەو خستویەتی‌یە سـەر وولاّتـی
« ئاسور »و بەم جۆرە ماوەتەوە تا « سیاگزار » ( هووەخشەتـەرە )ی
پادشای « میدیا » – کە لەوە پاش وولاّتی ئاسوری داگیر کردو بە تورەکە
بێژای – لە ئاسوری وەرگرتۆتەوەو خستویەتی‌یـەوە سـەر وولاّتـی
« ماد »(١٩) •

---

(١٨) مێژوی ماد، گەلاّلەی لاپەڕەکانی (٢٨٣–٣٠٧) •
(١٩) مێژوی ئورارتو، نووسینـی دوکتور محەمـەد جـەوادی مەشکـور بـە
فارسی لاپەڕەکانی (٣٧–٣٩) •

## ماد و پارس :

ناوی « ماد »و « پارسوا » ، نوخشــه جار لــه سالنامەکـانی « ئاسوری »دا بینراوە ، ئەویش بەم جۆرەی کە باسی دەکەین :

سالی ٨٢٦پ•زاە « شەلما نەصری سێیەم » لای خــۆر ئـاوای زرێچەی « ئورمیێه » باجی لە «پارسوا »دان وەر گرتووە • ئەمە بوسان دەرئەخات کە « پارسوا »کان لەم سەردەمەی مێژوودا لەسـەر زەویی « میدیا » بوون • بەلام ئایا ئەم « پارسوا »یانە بنەچەکەی فارسەکانـی ئەمرۆ بوون ؟ ئاشکرانیێه •

هەر وا لە بەشی باشوری خۆرئاوایی ئەم زرێچەی « ئورمیێه »دا « شەلما نەصری سێیەم» شالاویشی کردۆتە سەر « ماد »ەکانیش بـەلام « شەمش ئادادی پێنجەم » ــ کە لە سالانـی ٨٢٣پ•زاە تـا ٨١٠پ•زاە قەرالی دەولەتی ئاسوری بووە ــ « پارسوماش »ەکانی ــ لە ــ لای خواروو باشوری « خارخار ( کرمانشاە )ەوە دیوە •

لە باسی قەماوەکانی سالانـی ٦٩١ــ٦٥٣ــ٦٥٢پ•زاە شدا،مێـژوی ئاسوری ، وای نیشان داوە کە « پارسوا »کان لە پێیینـی ( پاومانـی ) وولاتی عێلامدا بوون لە « ئەنزان » ••

ئەوەی راستی بێ ، ئەم هەلهێنە تائێستـه بـۆ مێژونووسـان هەل نەهێنراوە ، کە ئـەم « پارسـوا »یانـە بـۆ چ لای خۆرئـاوای « کرمانشاە » وپاش ئەوە لەوێوە گەیبونە خوارووی « عیلام»(٢٠) ؟!(٢١)

---

(٢٠) عێلام: واتا هەرێمـەکانـی «لورستـان»، «خـوزستـان» (عەرەبستـان) و«فارس»ی ئەمرۆیە • «ئەنزان»یش کە پایتەختی ئەم دەولـەتە بـووە، نزیکی «شیراز»ی ئەمرۆ بووە •

(٢١) مێژووی ماد،د یاکـونـوف لاپـەرەکـانی ١٨٧ــ١٩٥ وئێرانی باستان مشیرالدە ولە حەسەن پیرینا ١/١٧٥ •

جا نازانرێ ئایا «ئوراتو»وەکان «پارسـوا»کانیان بـە تـەنگ هێنـاوەو ناچـاریـان کردوون هـەوار بکـویزنەوە ؟ یاخۆ «ماننا»کان تەنکەتاویان کردوون ، کەلە دەستیان هەلآتوون؟ یالەبەر پەلاماری پەیتا پەیتای ئاسوری لەگیان وەڕس بوونو خۆیان دوورخستۆتەوە؟ یا لە ترسی تالآنو بـڕۆی «سکا»کان جێیان پێ لەق بووە؟ یاخۆ «ماد»ەکان ، لاتێ هێزیان پەیـدا کردووەو کەوتوونە پەرەدان بە وولاتو تەنینەوە، ئەم «پارسوا»یانەیان وەک پێش لەشکر گۆێزاوەتەوە « ئەنزان » ( واتا شیرازی ئیستە ) ؟ کە سنوری وولآتیان پێ بپارێزن؟ وەیاخۆ «پارسوا»کانی لای خۆر ئـاوای زرێچەی «ئورمی‌بە»ـ کە هـاوڕەگـەزی مادەکـان بوون ـ لـەگـەل «پارسوماش»ەکاني لای باشـوڕی «خارخـار» ( کرمـانشاه )و ولەگەل «پارسوا»کانی «ئەنزان»ی پایتەخـتی «عێـلام» (فارسی ئێستـە) لەیـەك ڕەگەز نەبـوون؟!

بەپێی نووسینی «هیرودوت»ـ کە بە باوکی مێژونووسان ناسراوە گەلی «ماد»شەش تیبرە بوون :(۱) «بۆز Boude »ەکان، کە بە پێی بیروڕای مێژونووسان ،لـە ناوچــەی «هەمەدان»دا ژیــاون• (ب): «پارتاسنی ''Paretacenie »ەکان کە لە ناوچەی «ئەصفەهان»و لای خۆرهەلآتی‌دا ژیاون• (پ): «ستروشـات Setrouchate »ەکـان کـە هێشتا صاغ نەبووەتـەوە نیشتەجـێی کـوێی«مـاد» بـوون ! (ت) : «ئاریزانت Arizante »ەکان، کە لەو پەڕی سنوری «میدیا»دا، بەلای خۆرهەلآتا، جێ گیير بوبون- واتا لە دەوروبەری «رەی»ی ئێستەی لای « تـاران » کـە ئـەوحەلـە « ڕغـا = ڕێگـا » یـان پـێ ووتـووە[۲۲]

---

(۲۲) بە بۆنەی ناوی «ڕەی» و«تاران»ەوە هەلبەستی هەستیارێکی مەزنی کورد (سالیم بەگی صاحیب قڕان)م هات بە بیيرا کە ماوایـێ لـە «تـاران»و

←

(ج): «بود " Bouse »ەکان بوون کە لە پاومانی (پێبینی) بەشی خۆرئاوای «میدیا»دا ئەژیان. (د): «موغ»ەکان، کە ئەمانە شوێن و جێگەی تایەبەتی‌یان نە بووە، و دوریش نی‌یە کە هەر لە «رەی»دا ژیابن، و ئیش وکاریان تەنیا لە ئاتەشکەدەکانا بووبێ[٢٣] .

تۆ بڵێی «بوسکین» شوێنەواری «بوز=بوس»ەکان نەبێ؟ و«بۆلی» یەکانی‌ش کەئێستە لە دەوروبەری «ڕەواندز»و «دیانا» نیشنەجێ‌ن ماوەی «بود»ەکان نەبن؟.. باچاوەڕی بکەین، بزانین دێرینەناس وشوێنەوار کۆڵەرەوەکان چیمان بۆ ئەدۆزنەوە .

«پارس»ەکانیش لەم تیرەیانە پێک هاتبوون : «پاسارگاد ـ Pasarg Adae »، «مارافی ـ Maraphies.» «ماسپ " Maspes »، «پانتیال ـ Panthialee »، «دروزی ـ " Derousie «گەرمانی ـ " Gemanie »، «دائان ـ Daens »، «ماردی ـ Mardes »، «دروپیکی ـ Dropiques »، «ساگارتی ـ Sagarties »[٢٤] .

ڕەنگە سێ تیرەی «دروزی»و «گەرمانی ـ گەرمیانی»و «ماردی» لەکوردەکانی «مار» بوبن و تێکەڵ بە «پارس»ەکان بووبن، دروزەکانی

---

لە «رەی» بووە، بەڵام قازاغی عەجەم بۆ ئەوەی جارجارە چەند تاکە تارانی بێ بەرتیلی لێ وەربگرن، هەمو جار چەرمەسەرێیان داوە . جا دەڵێ: «شەرتە سالیم گەر نەجاتم بێ لە تارانا ـ × ـ بەهەشت ئەربێتە دەشتی ڕەی بە ئێرانا گوزەرنا کەم» یا دەڵێ : «خۆزگە دەمزانی لە تارانا نەجاتم کەی دەبێ × کۆیی یارم ، مەشهەدم یا مەدفەنم هەر ڕەی ئەبێ ؟

(٢٣) ئێرانی باستانی دیاکونوف لاپەڕە ٦٦، هیرودوت (١/١٨٨) .

(٢٤) تەمەددون هە خامەنشی، فارسی نووسراوی دوکتور عەلی سامی (٢/٢٧)، هیرودوت (١/٢١١ ، ٢١٢)، میژوی ماد (١٨٧ـ١٩٥) .



هەواڵنامەی کتێب

ئەمڕۆی لوبنان،و ناوی شاری «ماردین» وهەر وا وولاّتـی «گەرمیـان» گەواهیکی ڕاستالن٠٠

هەرێسی «موکریـان» تەنانـەت شـاری «زیویـــە»ـ کە خراپـەو شوێنەوارەلانی نـزیـك «سەقز» لە ژێر حات دەرسیراوە ـ بەر شالاوی تالادو بڕوی «سکا» لان کەوتووە ٠ ئەم «سکا»یانە ـ لەشـالەلانی ئەمڕۆ یە پاشماوەی ئەوان دەزانم ـبیست سالی ڕەبەق، هەمـو ئاذەربایجانیـان دا ئیر کردبو٠ پروفیسور «ئیریشمەن» باوەڕی وایە لە ناوی «سـەقز» لە ناوی «سکا»وە هاتووە٠ بەلاّم دیاکونوف باوەڕی وەها نی‌یە[٢٥] ئەی ئەم «سکا»یانەی کە «ئەسکیت»و «ئەشکوزا»شیان پێ دەگوتـن، ولـە ڕەگەزەی ئاری بوونو، جۆرە کلاّوێکی قووچی نووك تیژیان لەسـەر ئەنا ـ،ـ کێبوون؟و چی‌یان لێ‌هات؟! هەروەك ووتم، باوەڕم وایە «شکاك»ـ ـکانی دەوری «ئورمی‌یە» کە تا ئیستەش کلاّو، قوچەکانیان هەر ماوە پاشماوەی ئەوانن ٠

سالی٦٣٣پ ز٠ کە «هووە خشەتەرە» (سیـاگزار = کیاکسـار)ی پادشای «ماد» دەستی بەسەر وولاّتی «ماننا» دا گرتو خستی یە سـەر وولاّتی «میدیا»، «ماننا» هەر وا مایەوە تا سالی ٥٥٠پ٠ ز٠ کە دەولەتی «ماد» ڕۆخاو ، کیشوەری « میدیا » کەوتـە ژێر دەســتی « کوروشی » هەخامەنشی ( ئەخەمینـی)ـ کچـەزای «ئاستیـاگ» (ئیختـوویگـو =

(٢٥) ئیـران ئـەز ئـاغـاز تـا ئیسـلام لاپـەڕە (١١٠) ، مێژووی مـاد (٣٠٧ـ٣٠٨) ٠٠ من لاموایە ئەگەر ناوی سەقز لە سکاوە بهاتبایە، لەبەر ئەوەی شوێنێکی سەرەڕێ بو ، ئەو ناوە هەر ئەما ، بەلاّم لەسەردەمی ساسانی وئیسلاما تا ئەم دوایی یە (چوراەمی کۆچی) ناوی نەبو وە٠٠٠ دوور نی‌یە کۆ «سەجەد»ێ کە لە شەرەفنامـەد اهاتووەکـە ئەلّی «بـەدر کوڕی حەسەن وەی هەلّی کوتا یەسەر «کۆسەجەدەی گـەورك ، ئەم سەقزە بێ، وەگەرنە ڕەنگە لە «سەقسین»ەو هاتبێ ٠



هەواڵنامەی کتێب

ئیشتوویگو = ئەژدەها)ی ئاخرین پادشای «میدیا»- کە دژی باپیری خۆی ڕاپەڕیو-،-ولاتەکەی دا بیر کرد-نا نەوحە لە، لە ماوای ٨٣ سالیدا خایاند بو، «موکریان» هەر لە لایەن سەردارە ناوخۆییەکانی وولاتەوە بەڕێوە ئەبرا، لە هەمان ئەمیرانی «ماننا» بوون وبە ڕوالەت سەر بە «ماد بوون» .

هەروا لە سالّی ٥٥٠ پ. زا. شەوە تا سالّی ٣٣٠پ. زا. کە دەولەتی هەخامەشی (ئەخەمیی) بە زەبری کوتەکی کوشەندەی «ئەسکەندەر»ی مەکدونی ڕۆخا، دیسانەوە «موکریان» لە ژێر دەستی سەردارە ناوخۆییەکانا بووە .. هەروا کومان وایە کە لە دەورانی «مەکدونی» و «سلوکی» یەکانیشدا دیسانەوە «موکریان» هەر لە لایەن سەردارو فەرمانڕەواناو خۆییکانەوە بەڕێوە برابێ، تا «٢٥٠» پ. زا. کە «پەرتییە ئەشکانی»یەکان- (کە بە قسەی «ئەبو حەنیفەی دینەوەری» خەلّقی دەورو بەری «نەهاوەند» بوون)- وولاتەکەیان ئازاد کرد لە ٢٢٦ زایینییەوە تا ٦٦٢زا . (٢١ کۆچی) کە ئێران لە ژێردەستی ساسانییەکان دابو، دیسانەوە «موکریان» هەر لە لایەن سەردارانی ناوخۆییەوە بەڕێوە براوە. بەلّام بە داخەوە لەم بابەتەوە نووسراوێکی مێژویی بە دەستەوە نییە. تەنیا لە باسی شەڕەکانی ئێران وڕومدا هەندێ زانیاریێ بە دەست هاتووە(٢٦) .

## موکریان لە سەردەمی ئیسلاما :

سالّی ٢١ کۆچی (٦٦٣زا) «ئەسفەندیار کوڕی فەڕوخ زادان»- کە برای «روستەم فەڕوخ زادن»ی سپاه سالاری ئێران بو- لە هەرێمی

(٢٦) مێژوی ماد، ئێران باستان، ئەز ئاغانە تا ئیسلام، تەءدون هەخامەنشی،و ئەلئەخبار الطوال ئەبو حەنیفە (١٢ ، ٤٤ ، ٤٥ ، ٤٦) .

«واکرود»ی[٢٧] نێوان «هەمەدان»و «قەزوین»دا، بەرامبەر بە سپای عەرەبی ئیسلام شکا،و سپای ئیسلام چیاکانی «گەرمیزان»[٢٨]یان داگیر کرد، «ئەسفەندیار» بەرەو «ئاذەربایجان» کشایەوەو لەوی بەدیل گیررا[٢٩] •

سالّی ٢٢ کۆچی (٦٦٣زا) هەرێمی ئاذەربایجان کەوتە ژێر دەسەلاّتی «عوتبە کوڕی فەرقەد»و «بو کەیر کوڕی عەبدلـلاە»وە، ئەو حەلـە «موکریان» بەشێ بو لە ئاذەربایجان • پاشان کە «وەلید کوڕی عوقبە کوڕی ئەبو موعیط» کە لەلایەن خەلیفەی سێیەم «عوثمان کوڕی عەفان»ەوە کرا بە فەرمانڕەوای «کوفە»، «عوتبە»ی لە سەرداریتیی ئاذەربایجان لابرد، لەسەر ئەمە خەلّقی ئاذەربایجان یاخی بوونو شۆرشیان هەلّگیرساند، «وەلید» سالّی ٢٥ کۆچی (٦٦٦زا) بۆ کوژاندنەوەی شورش لەشکری کردە سەر ئەم هەرێمەو سەری بە خەلّقەکە شۆڕ کرد[٣٠] •

سالّی ٣٣ کۆچی (٦٧٥زا) «سەعید کوڕی عاص» کە بوو بە فەرمانڕەوای «کوفە» «ئەشعەثي کوڕی قەیسي کیندی» دانا بە فەرمانڕەوای ئاذەربایجان•• لە سالاّنی ١٠٨-١١٢ کۆچیدا (٧٢٦-٧٣٠زا) فەرمانڕەوای «ئاذەربایجان» «موسلیمە کوڕی عەبدالمەلیک» بو•• پاش ئەو «جەڕاح» کوڕی عەبداللاەی حەکەمی» دانرا بە فەرمانڕەوا•• لە ڕۆژگاری ئەم دووەدا سەرانی دەیلەمەکان شالاّویان ئەکردە سەر «ئاذەربایجان» • دوای

---

(٢٧) هەندێ ناوەکەیان کردووە بە «واجرود»، راستییەکەی «وارگرود»ەو «ئیبنی فەقیە» لە «ئەلبولدان»دا ئەلّی: بەشیکە لە «قوم» لاپەڕە (١٠٠)
(٢٨) ئەم ناوە عەرەب بە هەلّەیان نووسیوە •
(٢٩) فتوحات سەوادالعیراق– کەجێی باوەڕنییە– دەلّێ: خالید کوڕی وەلید «سابلاخ»و ئاذەربایجانی داگیر کرد، لەو حەلـەدا پادشای «سابلاخ» قەڕالّیچەیێ بو ناوی «ئەرجانوس»بو •• کە ئەم هەوالّە بێگومان لەگەلّ مێژوداریێک ناکەوێ •
(٣٠) ئەلکامیلی ئیبن الئەثیر (٨٣/٣) •

ئەم دووکەسە «هیشام» خەلیفەی ئەمەوی «مەروان کوڕی محەمەد»ی کرد بە فەرمانڕەوای ئاذەربایجان(٣١) .

ساڵی ١٢٩ کۆچی (٧٣٤ز) «سلیمان کوڕی هیشام» بو بە فەرمانڕەوای «ئاذەربایجان»و هەولی دا «مەروانی دورەزای مەروانی ئەمەوی» لەسەر تەختی پوست نشینێتی لا بدات، بەلاّم لەبەر ئەوەی «مەروان» دایکی کورد بو خەڵقی «ئاذەربایجان» بە گوێی سلیمانیان نەکردو دژی وەستان، وپشتیوانیان لە «مەروان» کرد(٣٢) .

لە سەردەمی خیلافەتی «ئەبوالعەبباسی سەفاح»دا ـ کە بە یارمەتی «ئەبو موسلیمی خوراسانیی کوردی نەهاوەند» ـ دەوڵەتی عەبباسی دامەزراند، «ئەبو جەعفەر المەنصور»ی برای بوو بە فەرمانڕەوای «ئازەربایجان» . «ئەبوجەعفەر» لە ١٣٢ کۆچییەوە تا ١٣٦ کۆچی (٧٣٧-٧٤١ز) لەوێ مایەوەو لە سەردەمی خیلافەتی «مەهدی عەبباسی»شدا ساڵی١٦٣ کۆچی (٧٧٩ز) «هارون الرەشید»ی کوڕی خۆیی کرد بە میری «ئاذەربایجان» بێ گومان لەم سەردەمانەدا کە ووترا هەرێمی کوردستان سەر تاسەر، «موکریان»یشی لە ناوا لە ژێر دەستی سەرداره ناوخۆییەکانا بو، کە هەمیشە دژی دەوڵەتی عەبباسی لە شورشدا بوون .

ساڵی ٢٠٩ کۆچی (٨٢٦ز) «صەدەقە کوڕی عەلی »ـ کەناز ناوی «زریق» بوـ بە فەرمانی «مەءمونی عەبباسی» لەگەڵ «بابەکی خوڕەم دین» کەوتە شەڕەوە، بەلاّم کوردانی موکریان قسەیان نەکرد، چونکە ئەوان لە ساڵی ٢٠١ کۆچی بە دوواوە هەمیشە پشتیوانی «بابەک» بوون.

---

(٣١) تەءریخ الئومەم وەالملوک طەبەری (٨/٢١٠) .
(٣٢) تەءریخ الئومەم وەالملوک طەبەری (٨/٢١٠) .

لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچیدا کوردەکانی ئازەربایجان تەنانەت ڕۆلەکانی عێلی هەدەبانی پەیڕەوی ڕچی (مەذهەبی) «شورات» بوون. ووشەی «شورات» کە کۆمەی ووشەی «شاری»یە (واتاکڕیار) لەو ئایەتەوە هاتووە [إنّ آللّه اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة][33] واتا «بەهەشت کڕ» کوردەکانی «طاوغ» (دەقوقاء)یش کە لە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی ئیسلاما پەیڕەوی ڕچی ئایینیی «شورات» (بەهەشت کڕ) بوون، دژی «ئەمەوی» کان شۆرشێکیان هەلگیرساندبو • یەکێک لە هەستیارەکانیان‌و وتویە :

| | |
|---|---|
| «شباب اطاعوا الله حتى احبّهم | وكلهم « شار » يخاف ويطمع » |
| « فلمّا تبووا من «دقوقا» بمنزل | لميعاد اخوان تداعوا فأجمعوا » |
| « دعوا خصمهم بالمحكمات وبيّنوا | ضلالتهم والله ذوالعرش يسمع » |
| «بنفسي قتلى في «دقوقاء» غودرت | وقد سقطت منها رؤوس واذرعُ » |
| « لتبكِ نساء المسلمين عليهمِ | وفي دون مالاقين مبكى ومجزع »[34] |

[لاوانێ بوون ملکەچی خوا تا خۆشی ویستبوون، هەمو «بەهەشت کڕ»و لە خواترس وپڕئومید ••• هەر کە گەیشتنە لای «دەقوقا» (طاوغ)بە ڤوناخێ بۆ ژوانگەی برایان کە بانگ کرا بوون بۆ کۆبوونەوە•••• بانگیان لە دوژمن کرد ڕو بکەنە «موحکەمات» (ڕاستەقینە)و گومڕاهی‌یانیان بۆ دەرخستن (وخوای خێوی عەرشیش گوێی لێ بو ) ••• گیان‌بە پێناوی ئەو کوژراوانە کە ـلەـ «دەقوقا» (طاوغ) بەستەم کوژران وسەرولاقیان لەوناوە بەجێ ما ••• باژنانی موسولمانان لەسەریان بگرین، ئەوەی بەسەر ئەوان هات ڕەوای گریان‌و فرمێسک ـڕژاندنە] •

---

(33) سورەی تەوبە (9/111) •

(34) موعجیم البولدان یاقوت حەمەوی، باسی «شورات» •

سالی ۲۹۳ کۆ (۹۰۵زا) کوردە «هەزەبانی»کان بەسە رۆکایەتـــی
« محەمەد کوری هیلال » شالاویان کردە سەر «موصل»و ئـەو ناوەیان
تالان کرد، ئەوان کۆچەری بوونو نزیـکەـی- پێنج هەزار مالی ئەبـوون
«ئەبوالهەیجاء کوڕی عەبدوللاە کوڕی حەمدان» لە سەرداری «موصـل»
بو، بەهێزێکـی زۆرەوە بەرانگاریان بـــو، «هەزەبانـی»کـان بــەرەو
« شارەزور » کەڕانەوەو گەیشتنە چیای « سەلق » (٤)و لەویوە بــەرەو
«ئاذەربایجان» کەوتنە ڕێ، «ئیبنیحەمدان» بە هێزی خۆی و، بە لەشکری-
« خەلیفەی عەبباسی »یەوە کەوتە دووایان ، «هەزدبانی»کان خۆیان دایە
پەنای چیای « قەندیل » ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کە کـەش گۆڕابـــو ،
سەرمای زستان تەوژمی سەند بوو چیاکانی کوردستان پڕ لە بەفرو سەهۆڵ
بوون ، «ئیبن حەمدان »هەر لە دوویان نەبووەوەو دەستی لە گەمارۆیـان
هەڵ نەگرت ، تا هەزەبانیکان بەیداخی سپییان هــەڵ کردو خۆیـان دابــە
دەســـــتەوە(۳۵) • لـە صـەدەکانی ســێیەمو چــــوارەمو پێنجـەمی
کۆچیـــــدا « ئازەربایجــــان » هەر بەنـاو سەر بـە خیلافـەتی عەبباسـی
بو ، دەسەلاتو کاروباری وولات بە دەست ئەم دەولەتە کوردانەوە بوو کە
یەک لە دوای یەک دامەزرابون : ( ڕەوادی - سالاری - شەدادی ) بەلام
لەبەر ئەوەی دووان دەربارەی ئەم سێ دەولەتە زۆری ئەوێ و ئێمە لە
باسەکەمان دوور ئەخاتەوە لێیان نادوێین •

لە سەرەتای صەدەی پێنجەمی کۆچیدا « ئورمیە »و « مەراغە » -
واتــا موکریان - لە ســـایەی دەسەلاتی « ئــەبوالهەیجاء کــوڕی ڕەبیب
الدەولە »ی سەرداری عێلی هەزەبانیدا ، لــەو پــەڕی ئاســایشو خۆشـی
یا بوون ، بەلام سالی ٤٢٠ کۆچی ( ۱۰۲۹زا ) تیرەی « غوز »ی تورکمان،
شالاویان کردە سەر « ئاذەربایجـــان » ، « ئەبوالهەیجـا هەزەبانـــی »

(۳۵) ئەلکاملی ئیبن الئەثیر (۷/۵۳۸-۵٤۱) •

بەرانگاریان بو کوشتارێکی سەختی لێکردنو بڕیاری دا ، تا ڕەگ و ڕیشەیان بمێنێ وازیان لێ نەهێنێ »[٣٦] •

جاعێلی « هەزەبانی » هەروەک هەندێ قەوماوەی مێژویی بۆمان دەرئەخا نەوەک هەر تەنیا موکریانو ئاذەربایجانیان لە ژێر دەسا بووە ، بەڵکو فەرمانڕەوای هەمو « سوران »یش بوون ، کە دەڵێم «سوران» مەبەستم خاکی « سەردایتیی سوران» • — واتا نێوانی هەردوو ڕوباری زێی بچوکو وزێی گەورە : هەرلەقەراجەوە تاسنوری موکریان ، « ئیبن الئەثیر » لەم بارەوە ئەڵێ : « ئەبوالحەسەن کوڕی موسەک هەذەبانی » فەرمانڕەوای « هەولیر »بو ، « ئەبوعەلی »ی برای بەهانە هانەی « ئەبوالحەسەن عیسکانی حەمیدی » کە سەرداری « عەقرە » بو — لێی یاخی بوو هەولێری لێ داگیرکرد[٣٧] •

هەروا نووسەری « ئەلکامیل » لە دەنگوباسی صەدەی پێنجەمی کۆچیشا وامان بۆدەرئەخا کە هەرێمی « سوران » هێشتا هەر لە ژێر دەستی « هەزەبانی »دا بووەو ئەڵی : « سولطان محەمەدی کوڕی مەلەکشای سەلجوقی ساڵی ٥٠٠ کۆچی ( ١١٠٦ز ) « جاولیسەقاوو »ی بە سپایێکەوە نارد بەرەو « موصل »و « ئەبوالهەیجاء کوڕی موسەکی هەزەبانی »و «جگەرمز »ی فەرمانڕەوای « موصل » — پێکەوە — ڕێیان بەسپاکەی گرتو ژمارەیێکی زۆریان لێ کوشتن[٣٨] •

ساڵی ٥٠٢ کۆچی « ئەحمەدیل کوڕی سالار برایم کوڕیوە هسوذان » کە سەرداری عێلی « روادی » بو ، لەگەڵ « محەمەد مەلەکشای سەلجوقی » پێکەوە شالاویان برد بۆ سەر وولاتی « شام » ( سوریە ) ••

---

(٣٦) ئەلکامیل (٩/٣٨٢–٣٩١) •

(٣٧) ئەلکامیل (٩/٥٤٥) •

(٣٨) ئەلکامیل (١٠/١٥٨)

بەڵام پاش ئەوە بە چەند ساڵێ « ئەمیر ئەحمەدیل » لە ساڵی ٥١٠ کۆچی دا لەلایەن « لەخۆ بوردو ( فیدائـي ) » یەکـی « دەروونی ( باطینـی )ەوە» کوژرا(٣٩) ٠

ساڵی ٥٢١ کۆچی ( عیمادالدین زەنگی ) فەرمانڕەوای « موصل »، لە « موصل »دا دەزگای سەڵطەنەتی دامەزراند ، لەم کاتەدا « ئەبوالهەیجاء کوری عەبدوڵلای هەزەبانی » فەرمانڕەوای هەولیرو عیمادی‌یەو هەنـدێ هەرێمی تری کوردستان بو « عیمادالدین » داوای لێ‌کرد بیێ بە یاوەروپاڵ پشتي ، « ئەبوالهەیجاء بەڵێنی دایێ‌و چوو لە « موصل » دانیشت ، بـەڵام پاش ئەوەکە « ئەبوالهەیجاء » مرد ، ئەندامانی بنەماڵەکەی لەسەر کورسی‌ی فەرمانڕەوایی لێیان بوو بەهەراو ناکۆکی ٠٠ ئـەم بشێونەیـەی ناوخـۆی ئـەوان ، هەلی دایە دەست « عیمادالدین »و، میرێتی‌یـەکـانی لـە بنچینە دەرهێناو قەڵای « ئاشپ »ی وێران کرد،و قەڵای « عیمادیە »ی لەجێ‌ێ دامەزراند(٤٠) ٠

لێرەدا بەبیرا دێنینەوە : کە بنەماڵەی « ئەییوبی » لە بنەچەکەدا ، لە تیرەی ڕوادی – یارەوەند – ی « دوین »بوون ، کە لقێک بو لـــە عێلی هەزەبانی‌و نیشتەجێ‌ی « دوین » بوون کە بەشی بوو لە « ئەرانـی ئازەربایجان » وئێستە ژێر دەسەڵاتي «سوڤێتە» ٠ با پیرە گەورەی بنەماڵەی « ئەییوبی » کە ناوی « شادی کوری مەروان » بو ، یەکێ بو لەســەر داران‌و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی « شەدادی »ی کورد ، «ئەمیر قرتـی‌ی » تورکمان وولاتەکەیانی داگیر کرد ، « شادی » ڕوی کردە « بەغـدا » ، چونـکە « ئەتابەگ جەمالالدین بیهروز » – کەلەوە پێش لە نۆکەرانی ئەو بو ، لەم کاتە داوالی‌ی بەغدا بو ٠ « جەمالالدین » پیاوانە پێشـوازی‌ی

(٣٩) ئەلکامیل (١٥٨/١٠ ، ١٥٩) ٠
(٤٠) ئەلکامیل (٦/١١) ٠

« شادی » کردو کردی بە فەرمان ڕەوای « تکریت »و، چەند سالێ بە فەرمان ڕەوایی مایەوە ، وە لۆچی دوایی کرد « نەجم‌الدین ئەییوب »ی کوڕە گەورەی لە جێی دانیشت ، و«شیرکۆ »ش - کەکوڕی دووەمی بو - کاروباری پاراستنی وولاتەکەی گرتە دەست • ڕۆژێ لە ڕۆژان « شیرکۆ » بە شەقامی « تکریت »دا تێئەپەڕی ئافرەتی بەفەریادو فیغان کەوتە دووی‌و سکالاو دادی کرد لە دەس « کەلاتەر » - واتا مودیری پولیس - کە لەسەر شەقام شەڕی پێ - فرۆشتووە • « شێرکۆ »یش نەیکردە نامەردی گەڕایەوەو هەڵی کوتایە سەر کەلاتەرو بە شمشێر دای لە ڕەپی ملی‌و کوشتی •• لەسەر ئەم کارە « بیهروز » ڕقی هەستاو لە « تکریت » دەری کردن • ئەو شەوەی کە « نەجم‌الدین ئەییوب »و « شێرکۆ » بنەو باریان ئەپیچایەوە کە بەرەو « موصل » بڕۆنو پەنابەرنە بەر « ئەتابەگ عیمادالدین زەنگی »» فەرمانڕەوای موصل ، ئەو شەوە « صەلاحەدین یوسف » لە دایک بو •• پاشان کە چوونە « موصل »و ماوەیێ مانەوە « عیمادالدین زەنگی »، « نەجم‌الدین ئەییوب »ی کردە بەسەر پەرشتی شاری « حەلەب »و لەوێوە ئەم بنەماڵەیە پێ گەیشتن[٤١]

« موکریان » لە سەدەکانی پێنجەم‌و شەشەم‌و حەوتەمدا ، هەر بەناو لە ژێردەسەلاتی « سەلجوقی - خوارەزمی - مغول - تاتار » دابو بەلام سەردارانی ناوخۆی وولات هەمیشە لەگەل ئەم دەسەلاتە بێگانەیانەدا لە شەڕدا بوون •و ناوچەی هەرێمەکە ماوەیێ « مەراغە » بو ، کە «هولاکو» داگیری کردو کردی بە پایتەختی « تاتار » •

هەرە دوواترین سەرداری بنەماڵەی « ئەحمەدیل ڕەوادی » کە سەرداری « ئەڕان »و « ئاذەربایجان » بوون ، ناوی « عەلاءالدین

---

(٤١) شەرەفنامە، فارسییەکەی چاپی میصر (١/ژ٨-٨٥) وعەرەبییەکەی وەگێڕراوی من، چاپی بەغدا (١/٧٧-٨٠) •

گرپە = گلپە » بو ، « نیظامی‌ی گەنجەوی »ی[٤٢] هەستیاری کوردی مەزن ، سەر بە ئەم ئەمیرە بوو کتێبی « بەهرام‌نامە »ی بە ناوی ئـەوەوە داناوە[٤٣] •

پاش داگیرکرانی « مەراغە » شارۆلکەی « بەهار » بوو بە پایتەختی کوردستانی ئێران ،و ئەو نەخشەیە تێکدرا کە سەلجوقی‌یەکان ـ بەپـێ ئەو ـ کوردستانی ئێرانیان دانا بو بەشانزە ویلایەت بەم جۆرە :

« ئالآنی ـ ئالیشتەر ـ بەهـار ـ خەفتیان ـ دەربەندتاج خـاتون ـ دەربەندزەنگی ـ دزبیل ـ دینەوەر ـ سـولطان ئابـاد ـ چەمچەمـال ـ شارەزور ـ کرمانشاه ـ کرندوخۆشان ـ کەنگـەوەر ـ مایدەشـت ـ هەرسین ـ وەسـطام»[٤٤] •

---

(٤٢) بە پێ‌ی قسەی «نیظامی» خۆی لـە کتێبی «لەیلـی‌و مەجنـون»دا چاپـی موسکو لاپەڕە (٨٧ـ٨٩)، وفەرهەنگی موعیـن،و فەرهەنگـی عەمیـد، وشەهر یارانی گومنامی ئەحمەدی کیسرەوی (٢٤٠ـ٢٤٥) :«ئەلیاس ـ ئەبومحەمەد ـ کوڕی یوسف کوڕی زەکی کوڕی موئەیەد» ـ کـە بە نـاز ناوی «حەکیم نیظامی گەنجەوی» بە ناوبانگە، سـالی ٥٣٥ کۆچـی لـە «گەنجە»ی کوردستانی ئاذەربایجـان لـە دایك بـووە، لە مندالی‌یـەوە خراوەتە قوتابخانە فێری خوێندن وفارسی‌و عەرەبـی وتورکـی بـووە، هوشیاری‌و زیرەکی‌ی خۆی هانی داوە کـە سـەر بـە زۆردە را بکـات: پەیڕەویـی دەروێشێتـی کردووە، هەلبەستی بەسـەر هەنـدێ میـرو سەرداراهەلداوە، چاترین چیرۆك وداستانی دلـداری،و شەیدایـی، هۆینوەتەوە،و بووە بە یەکەم هەستیـاری زمـانی فارسـی• وادییـارە هیشتا مندال بووە کە باوکی یادایکی تەلاق داوە، یا ژنی تری هێناوەو ئەوانی دەرکردووەو لە مالی «خواجە عومەر»ی خالیدا ژیـاون، لەبـەر ئەوە باسێکی باوانی کۆن ئەگێڕێتەوە لە «ئادەم»ەوە تا باوکی‌و نیشان ئەدا کە ڕەگی باوکێتی لەدل دەرهیناوە بەلآم شانازی بە دایکی‌یەوە دەکات کە سەرەك خاتونێکی کورد بووەو ئەلێ: گەر دایکم سـەرەك خاتونـی کورد، دایکانە لەبەر دەم مامردا!؟ لەکاتی لاوانەوەدا کێ بهێنمـە یـاد؟• کەئەو بهێنێتەوە بەردەمم بەزایەلەو فەریاد؟!» ••

(٤٣) شەهریارانی گومنام (٢٤٥٢٤٠) •

(٤٤) نوزهەت القلوب لاپەڕە (١٠٢) •

«ئالانی» : گوایە «جاوانڕوی ئەمڕۆ بووە (کە سەر بە کرماشانە)•
«ئالیشتەر» : گەورە دێی دێهستانێکە (سەر بە خـورەم ئاوایـی لوڕستانە) • «بەهار» : ناوچەی بەخشی سیمینـەرودی هەمەدانـە •
«خەفتیان» : شارێ بووە بە کناری «زێ»وە کە دەبێ خەفتیان زەڕزا (هەودیان)ێ لای ڕەواندزبێ • «دەربەندتاج خاتون» : (دەبێ شـارێ بوبێ نزیک) «کەلی خان» کە سەرەرێی «سنە ـ سەقز ـ بانـە»یە : دەربەندزەنگی» : شارۆلکەیێ بووەشوێنەواری نەماوە دەبێ لە «کێوی زەنگەلیان» بوبێ • «دزبیل» : دەبێ هەر «دزپل=دزفول=قەلای‌یرد»ی ئەمڕۆ بوبێ • «دینەوەر» : شارێکی گەورە بوو، ئێستـە ناوچـەی دیهستانێکە سەر بە کرماشان • «سولطان ئاوای چەمچەمال» : شارێ بوو، لە پاڵ بیستونا، ئێستە دێیێکە • «شارەزور» : گەورە شـارێ بوو، ئێستە شوێنەوارە کەی لە ژێر پەنگاوی دەربەنـدیخان دایـە •
کرمانشاە : (کرماشان ئەو حەلە بچوک و ئێستە شارێـکی گەورەیـە) •
«کرندوخوشان» : لە نێوان قەصـری شیریـن و کرماشـان دایـە •
«گەنگەوەر» : کۆنە شارێکی وێرانەیە سەربـە «ئەسـەد ئـاوا»ی هەمەدانە • «مایدەشت» : سەر بە کرماشانە • «هەرسین»: سەر بـە کرماشانە • «وەسطام»: دەبێ دێی «وەستان» بێ کە بە پاڵ تـاق وەسانەوەیە، یا دێی «بەستام» بێ کە ئێستە لەسەرە ڕێگەی خـۆلـە بەتانی نێوان قەمشە ـ مەریوان دایە ••

لە صەدەی حەوتەمی کۆچیدا «سلیمـان شـاە» ئەیوانی ـ کـە لـە کوردەکانی ئەیوانی گیلانی غەربی سـەر بە خانەقیـن بو ـ فەرمانـڕەوای کوردستان بوو• هەندێ لە مێژونوسان بە هەڵە ئەم «سلیمان شا»یە یان لێ بوو، بە«سلیمان کوری پەرچەمی ئەیواقی‌ی تورکمان» ـ کە یەکـێ بـووە لە دەس و پێوەندەکانی زۆر نزیکی «ئەلموستە عصیم بیلـلای خەلیفـەی

عەبباسی)) • بەڵام ((سلیمان شای)) ئەیوانی، لە لایەن لوڕەکانی خزمو خەزوری خۆیە وەکوژرا، وسلیمان شای ئەیواقیی تورکمان بە فەرمانی هولاکو کوژراوە[٤٥] •

پاش ماوەیێ ((ئولجایتوخانی مغول)) ـ کە ناوی خۆی نابو ((محەمەد خوابەندە)) پایتەختی کوردستانی لە ((بەهار))ەوە گویزایەوە ((سولطان ئاوای چەمچەمال))ی لای کرماشان •

موکریان ، وەک هەرێمەکانی تری (( کوردستان )) لە دەورانی ((مغول))و ((تاتار))و ((ئیلخانیان))دا وێران بو، هەر وەک شارانی ((دینەوەر)) و ((حەلەوان)) و ((شارەزور)) لە بنچینە دەرکران ••

کوردەکانی ((موکریان)) لە سەردەمی ((قەرەقویونلو))و ((ئاق قویونلو))دا کەوتنە خۆیانو بەشەڕو هەرا هەرێمەکانی موکریانیان لە چنگ تورکمانەکان دەرهێنا • ((سەردار سەیفالدین خانی موکری)) هەڵگری ئاڵای ئازادیی ئەوحەلە (واتا پاومانی (پێینی) صەدەی هەشتەمی کۆچی) بو •

## میر سەیفالدین خانی موکری :

ئەمیر شەرەف خانی بتلیسی لە شەرەفنامەدا نووسیویە: ((سەردارانی موکری بە بنەچەکە ئەچنەوە سەر عێلی موکری، کە لە سەرەتادا نیشتەجێی

(٤٥) مونتەخەب التواریخ موعینی، نەطەنزی (٥٩)و تأریخ جیهانگوشای جوەینی (٣/٤٥٩ ـ ٤٦) ولەگەڵ ئەوەشدا کە موعینی نەطەنزی ووتویە: ((بەدرالدین مەسعود)) سلیمان شای ئەیوانی کوشت، دیسانەوە زۆر لەمێژونووسان ، تەنانەت ((شەرەفخان)) هەڵەیان کر دووە، تەنیا کەسێ ـ کە لەم دواییەدا ـ هەستی بەم جیاوازییە کردووە محەمەد عەبدالوهاب قەزوێنییە لەبەراویزی جهان گوشای جوەینیدا .

گۆشە وکنارێکی شارەزور بوون• لەم بنەمالەیە «میر سەیفالدین» ناوێ هەلکەونووە زور زرنگو ژیرو ئازاو سیاسەتمەدار بووە، لە ڕۆژانی هەرە دوایی دەسەلاتی پادشایانی تورکمان‌دا (مەبەست قەرەقویونلوو ئاق قویونلووە) کۆمەلێکی زۆری لە هۆزی باباندو هۆزانی تری کوردستان، لە دەوری خۆی کۆکردەوە، «ولە دەرفەتێکا ناوچەی «دەرەیاس(٤٦)»ی لە چنگی تیرەی «چابقلو»(٤٧)ی تورکمان» «دەرهێنا، وهەریمەکانی «دول باریک» و «ئەختاجی» و «ئیلتەمور» و «سەلدوز» یشی، «خستە سەرو بەم جۆرە دوژمنی لە وولات دەرهێناو خاکی نیشتمانی پاراست» «جا ئەو خەلقە زۆرەی لە دەوروبەری ئەو کۆبوونەوە، بە ناز ناوی «موکری» ناسران،» «ئەم سەردار سەیفالدینە، پاش ئەوەی ماوەیێکی زۆر وولاتەکەی پیاوانە» «بەڕێوە برد، کۆچی دوای کرد ودوکوڕی لێ بە جێ‌ما(٤٨)ـ کە ناویان «صارم» » «وبابا عەمر بو»(٤٩)•

---

(٤٦) دائیرەت المەعاریفی غولام حوسەینی موصاحیب لە زمانی بەطلەمیوسە وەنووسیویە : «داریوسا» ناوی یەکێ لە شارەکانی «مادبوو» بەلام لە کتێبە مێژویی یەکانی ئیسلامی‌دا لەم بارەوە هێچ نەنووسراوە، و«ئیبن الفوطی» تەینا کەسێکە لە کتێبی « مجمع الاداب في معجم الالقاب» دا ـ ناوی ئەم جێیەی هێناوە وئەلی : «غەرس‌الدین داقوقی» ئاسنگەرێ بووە لە «لەج» نزیکی «دەرەیاز»ی «مەراغە»، کە چاکترین چەقەنەی لێ داوە وڕاست ئەوەیە کە «لەج» و « دەرەیاز » دوو جێن ، لە دەوری مەهابادی ئێستە •

(٤٧) لە کتیبی «دیاربەکریە»ی ئەبو بەکری تارانی‌دا، کەمێژووی تورکمانەکانی قەرە قویونلوو ئاق قویونلووە، هەروا لە «ئەحسەن التەواریخی حەسەن روملو»دا ولە «عالەم ئارای عەبباسی» شا تەینا ناوی تیرەی «جاگیرلو» هەیە،و دوور نی‌یە «جابقلو» هەلە بێ،و ڕاست «جاگیرلو» بێ •

(٤٨) لەمەو دووا باسی ئەمە دەکەین کە کوڕو براو خزمانی «صارم» لە لایەن سپای شاە ئیسماعیلەوە کوژ راون ، بەمەدا دەرئەکەوێ ـ کوڕی تریشی هەبووە •

(٤٩) شەرەف نامە فارسی‌یەکەی چاپی میصر (٣٧٢/١، ٣٧٣) وعەرەبی‌یەکەی وەرگێڕراوی خۆم (٣٩٨/١)• بەلام ئەوەی سەیرە لە «مێژوی هۆزی

جا له قسەكانى ئەمير شەرەف خان وامان بۆ دەرئەكەوێ كە شورشى «ئەمير سەيفالدين خان» دژى دەولەتە توركمانەكان، لە پاومانى صەدەى نۆيەمى كوچى يا (پازدەيەمىزايينىيا) ڕوى داوە •

## مير صارم كوڕى سەيفالدين خان موكرى :

«حەســەن خانىروملــو» نووسيويــە :«ســاڵــى ٩١٢ كۆچــى (واتا ١٥٠٦زا•)» «خاقانى ئەسكەندەر شان «شاه ئيســماعيلى صەفــەوى» بــە لەشــكرەوە لــە شــارى خۆى بــەزىو خێوەتى هەلداو سەردارانى ناردە سەر «صارمى» «كورد»، هەر كە لەشكرى پێرۆزو سەركەوتو گەييشتــە سنورى وولاتى ئەو كۆمەلە گومڕايە ، كوردەكان پەنــايان بــردە چيــا بەرزە سەر لە عاسمانەكــان وغازىيــان كەوتنــە تالاّنــى وولاتەكــەيــانو خەلْقێكــى زۆر لــەو كۆمەلْــە بێديــن وئێمانانــە لەدەمــى شمشێـــرەوە دەرهێنران• لەم كاتەدا هەواڵ گەيیشت كە « صارم » ئامادەى شــەڕكردن بووە•، خۆى گەياندۆتە داوێنى چياى جاسپاى پيرۆز هەڵى كوتــايە ســەر ئەو كابرا خوێڕىيە بێ كارەيەو كوردان كەوتنە شەڕەوەوەو مليــان نــاو شەڕێكى سەخت ڕوىدا، لە هەردو لا خەلْقێكي زۆر لە خاكو خــوێنــا گەوزانەوەو لە سەردارانى ناودار : «عەبدى بەگــى شاملــو»و « صــارو عــەلى موهــردارىتــە كەللويــى» لــە نــاوا كوژرانو بەيــرام بەگــى

فيض اللاەبەگى»دا ئەم «سەيفالدينخان»ە بە كوڕى «باباعەمر»ى كــوڕى «فەقى ئەحمەدى ــد اريشمانە» دراوەتە قەلّەم ، ونووسەرانى كتێبەكە،و هەروا وەرگيڕەكەشى سرنجى ئەوەيان نــەداوە كە «سەيــفالدين لەپــاو مانى صەدەى نۆيەمى كۆچىو سەرەتاى صەدەى دەيەمدا ژياوە ، و دژى توركمانەكان هەســتــاوە، بەلاّم «فــەقى ئەحمــەد» كــە باپيــرە گــەورەى چوارەمين بنەمالّەى بابانە لە بەرايــى صــەدەى يازدەيەمــى كۆچــىدا ژياوەو، بەلاى كەمەوە سێ صەد ســـالّيكيان بــەينە ، وەك ڕوونــى دەكەينەوە •

قەرەمانلـو»و «خەلفا[51] بـەگ»یـش بـەرەو سپـای هـومایـون» «کەڕانەوە[52]•»

میرخواندو ئەسکەندەر بەگی مونشی وقـاضی غەفـاری ئەمەشیان خستۆتە سەر :

«لەم شەڕەدا کوڕەکەی صـارمو براکەیو کۆمەڵێ لەسـەردارانی هێزی «موکری دەس لیبر بوونو بە پیسترین سیاسەب کوژران»[53] •

وەکو بینیمان، ئەو پـەڕی هەڵـدان وستایشیـان بۆ خۆیـان بەکـار هێناوە، کەچێ پێسترین جوێنی ناشرینیان بـە صارمو کوردەکان داوەو ، شکانو هەڵاتنو قووچاندنی خۆیان بەسەر کەوتن داوەتە قەڵەمو، دیل گرتنو کوشتنیان بە ئازایی داناوە ••

با بێینە سەر نووسەرێکی بێ ناو، کە قسەکانیشی هیچی بەسەر هیچەوە نییە، بەلام دەربارەی ئەم شەڕە چەند لاپەڕەی پڕ لە هەڵەی نووسیوەو ئەڵێ : «هەرکە « شـاە ئیسماعیلی صەفـەوی » ڕوی کردە « یەزد » بـۆ سەرکوت کردنی «محەمەد کەرەهـی» لەم حەلەدا «صارمخـان پادشـای کوردستان» (چەکاری)»[54] هـەلی بۆ هەڵ کـەوت بە عێـلو خێلەکـانی کوردستانەوە تەپلی سەرچڵیو یاغێتیی کوتاو، بەچـل هەزار کـە سەوە هەڵی کوتایە سەر «سوڵطان ئیبراهیم»ی برای « شـاە ئیسماعیل »و بـە نیازی گرتنی «تەورێز» کەوتە ڕێ، هەر کە گەیشتـە تیرەی « اروملـو»

---

(51) مەبەست « خادم بەگ » خەلیفەت الخولەفایە •

(52) ئەحسەن التەواریخ لاپەڕە (90) •

(53) ڕەوضەت الصەفا ، کەدانە رەکەی سالی 912 کۆچی–، پاش ئەم شەڕە مردووەو، رەضاقولی خانی هیدا یەت ، بەرگەکانی تری نووسـیوە (19/8)، عالەم ئارای عەبباسی (31/1)و تەءریخ جیهان ئارا (270) •

(54) چەکاری هەڵەیە، راست «موکری»یە •

(روملو)ـو لەو حەلەدا «قەراگونە سولطان» بەخوی‌و سێ‌صەد لەسەوە فەرمانڕەوای قەلای «اروملو»(٥٥) بوـ لە پال قەلای «اروملو»دا لەسەر بەزی کرد •• «شاه ئیسماعیل» لەم کاتانەدا «صارو حوسەین شاملـو»ی لە لەی «شازادە ئیبراهیم»ی برای خویی بەسێ هەزارلە سەرە کارت بـو «ئەصفەهان» کە بەرەو«تەوریز» بکەونە ڕێ، بۆ ئەوەی کە لە ژێر فەرمانی شازادە دا بن• «لە لە حوسەین» بەعار خوی لەیاندە «تەوریـز»و باسـی «صارم»ی لە «شازادە ئیبراهیم» پرسی ، لە وەلاما فەرمویان: «مانگێکی تەواوە لە پاڵ قەڵای «اروملو»دا لەگەڵ «قەراگونە سولـطان» لە شـەڕ دایە ، «قەراگونە» لەدی تەنگی پێ‌هەلچەنراوە داوای لە «صارم» کرد ڕێی بدات لە قەلاکە دەربچێ ورِو بکـاتە «تەوریز» ، «صـارم» ڕێی داوە، بەلاّم کە بەماڵ‌و کەس‌و کارەوە لە قەلاکە هاتۆتە دەرەوە، کوردەکانی پەیڕەوی «صارم» هەمویان کوشتوون، وسەرو ماڵیان تالاّن کـردوون•• ئنجا کە «صارم» بووە بەخێوی قەلاّی «اروملـو» بـە لەشکـرەوە ڕوی کردۆتە «تەوریز»• ئنجا «شازادە ئیبراهیم» بە «صارو سولطان»ی لەلەی ووت: من وا بە باش ئەزانم کە بچین بە پیری «صارمخان»ەوە ئەگەر بڕیاری دا ڕو بکاتە «تەوریز»، بۆ تالاّن کردنی•» «صاروخان» ووتی : « من سێ هەزار کەسم هێناوە، ئیوەش چوار هەزار کەستان هەیـە،و سـێ هـەزار کەسیش لە خەڵکی «تەورێـز» کـۆ ئەکەینـەوە وڕێ بە «صـارم خـان» ئەگوین•»و بەم پێیە لە «تەوریز» هاتنە دەرەوەو ڕوویان کردە «خۆی» ولەوێ بە یەکا تەقان• «سارو سولطانی کوڕی صارم خان» هاتە مەیدان‌و نەڕاندی‌و داوای کوڕی مەیدانی کرد، «شازادە» بریـاری دا خۆی بچێتـە مەیدانی‌یەوە، بەلاّم «سارو سولطان موهرداری لە لەی» ڕێی نەدا وخۆی

(٥٥) مەبەستی لە قەلاّی «اروملو» «اورمی‌یە» یەولای وەها بـووە کـە نـاوی شاری «ئورمی‌یە» لە ناوی تیپرەی «اورملو» وەوە هاتووە، بەلاّم هەڵـەی کردووە ناوی «ئورمی‌یە» زۆر کۆنە ••

چووە مەیدان وبە دەستی «سارو سولطانی کوڕی صارم خان» کوژرا، کە ئەو دابەزی سەری ببڕیو بیبابەد بیاری بۆ باولی، «شازادە» بە سواری ئەسپ هەلی لوتایە سەری و لوشتی وسەری بڕی(؟!)وکاتێ کە ئەیەویست بەکەللەسەری «صارو صارم» وکەللەسەرەکەی «لەلە» کەیەوە، بگەڕێتەوە، «صارم خان» لەتاو کوژرانی کوڕەکەی خۆی هاتە مەیدانو شازادەی ناسیو پێی ووت: «رەبێ ئاگر بەردەمە جەرگی شای بەرات، هە وەک تۆ ئاگرت بەردایە جەرگی منو کوڕەکەمت کوشت!!» • شازادە ئاو زەنگی لە ئەسپی داو هەردو بەڕم هاتنە ئوێزەی یەکترو بەدار ئەسپی یەکتریان داپلۆسی،و «صارم» بە سێیەمین تیپر ئەسپەکەی شازادەی لە ژێریا تۆپاندو بێ وولاغی هێشتەوە، بەلام «شازادە»ڕاپەڕیو «شمشێری حەیدەری‌ی ذوالفیقار بنەچە»ی لە کالان دەرهێنا ، «صارم»یش خەریک بو تیرێکی تری بخاتە کەوانو پلی پێدا بهێنێ، شازادە خۆی دابە زوەی‌یاو لە تیپرخۆی لادا،و بە توندی ڕاپەڕی‌هەلمەتی دایە ئەسپەکەی «صارم»و بە شمشێر ملی پەراند،و هەردو لایان سواری سەروئەسپی تری بوونو بە شمشێر تێک ئالان•• ئەو کۆنە گاورە یەزیدی‌یە(٥٦) شمشێرێکی مالی بە سوپەرەکەی «شازادە»دا وکردی بە دوو کەرتەوە، سنگیشی بریندار کردو بەرزینی ئەسپەکەشی دادڕیو ئەسپەکەشی بریندار کرد ، کە بە تاو تێپەڕی لەم لاوە لەشکری قزلباش ڕژانە مەیدانی شەڕ کردیان بە غولغولەی رومو تاخۆر ئاوا بوون لە شەڕا بوونو قزلباش مەردایەتی‌ی خۆیان نواندو شازادەیان هەلگرت وبەرەو «تەورێز» گەڕانەوە••• «صارم» کەوتە بۆلە بۆلو تانووت دان لە کوردەکان ووتی: «ئەی نامەردگەل ! قزلباشەکان چواریەکی ئێوە نەبوون سێ هەزار کەسیان لە ئێوە کوشتو نەتاتتوانی کارێ بکەن تۆلەی کوڕەکەم وەرگرن!

(٥٦) شیعەی سەردەمی صەفەوی بە خۆیان دەوت حوسەینیو بە موسولمانەکانی تریان ئەووت: یەزیدی ••

کوردەکان ووتیان: «بابەقزڵباش بنیادەم ینن ، «جانەوەرن ، گیانیان لەپۆلا داڕێژراوە، مەگەر تۆ خۆت نەتئەدی « چۆن خۆیان ئەدا بە دەمی شمشێرا !؟» •

لەولاوە «شـاه ئیسماعیـل» «ساروخـان موهـردار»ی ناردبـو ، گەییشتبووە « قەزوین »و « عەبدی خان شاملو »شی لە قەزوینەوە بەچوار هەزار کەسی ترەوە ناردبو •• هۆی ئەم دەربەست هاتنەش ئەوە بـو « ئـەمیر موظەفەر »ی پادشـای « ڕەشت » بیستبوی کـە « صارم خانی یەزیدی » ـ کەلە کوردەکانی چەکاری ( موکـری )یە ـ یاغـی بـووە ، و « موحەمەد کەرەهی »ش لە « یەزد »و « ئەبەرقو » یاخی بووە ،ولـەم حەڵەشا چوار هەزار کەس لە تورکمانەکان لە شەڕ لەگەڵ «ئەلوەند شاە»دا هەڵاتبونو پەنایان برد بووە «گیلان»و خۆیان دابووە پاڵ «ئەمیرموظەفەر» و، ئەمیرموظەفەریان هەڵ خڕاند بو، کە ئێمە بۆچ «قەزوێن» داگیر نەکەین؟ « ئەمیرەموظەفەر »ی بێ هوش !! ووتبوی : « باوکم ساڵێکی ڕەبەق شاە ئیسماعیلی لە «ڕەشت» پەنادا وخۆی وصوفی‌یەکانی بەخێو کرد، منچۆن لەم ئاشنایی ودۆستایەتی‌یە واز بێنم(وەها نووسراوە)!! بەڵام شاەئیسماعیل سپایێکی ناردە سەر «ڕەشت» و «عەبدی خان» یشی ناردبۆ « تەورێـز » هەر کە « عەبدی خان شاملو » گەییشتە « تەورێـز »و بینی کـە شـازادە چووە بە پیری « صارم خان »ەوە ، ئەویش پاش چوونە ناو « تەورێز »بە دوای شازادە داچو گەییشتە « صوفی‌یەکان »و بینی کە شازادە برینداره و هەزارو پێنجصەد کەس لە سەربازەکانی کوژراوە ، شازادەی گیڕایـــە دوواوە ، وهەر لەوێ لەشکر بەزی کرد • ڕۆژی دووەم « صـارم خـان » دەرکەوتو هاتەوە بەرەو مەیدانی شەڕ،و هـەردولا بەرامبـەر بـە یـەک وەستان ، و « ئەردەوان بەگی کوڕی صارمخان » داوای ماوای لە باوکی کرد وهاتە مەیدانو داخوازی مەردی مەیـدان بـو « عەبـدی بـەگ »

شازادەی برینداری لە ژێر ئالاکەدا بەجێ هێشتو خۆی ئاو زەنگی دا لە ئەسپی چوارە مەیدانی وەپاش خستو توڕەیی ئەیگرت « ئەردەوان بەگ » تیرێکی گرتە « عەبدی خان »و دای لە ناوشانی و لە ئەسپەکە بەری دایە خوارەوە ، « دورمیش خان »ی کوڕی هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو یەخەی خۆی دادڕی و هاتە مەیدان ، و لە کاتێکا کە «ئەردەوان» پیادە بوبو ئەیەویست سەری « عەبدیخان » ببڕێو بیبەستێتە تەرکیوبیبا بۆ باوکی ، قیڕاندی : ئەی دەست شوم ! ئەگەر تۆ پیاوی ، لەگەڵ جوانان شەڕ بکە ، شەڕ لە گەل پیرێکی حەوتا سالییا ، و بە تیر لێدانی پیاوەتی نییە !!» ، « ئەردەوان »ووتی : « ئەو کابرایە باوکی تۆ بوو؟» ووتی بەڵێ ! »و ئەیەویست قسەی خراپ بکا ، « دورمیش خان نەڕاندی های نامەرد ! ڕاوەستە بۆت هاتم ! » « ئەردەوان » تیرێکی خستە کەوانو تێی گرت • « دورمیش خان » لە سەردەم خۆی دابەزەوییا ، تیرەکە سەری کرد ونە یگرتو ، ڕاستەپا هەستایەوەو سپای قزلباش ئافەرینیان لێکرد، و ئنجا بە تاو خۆی گەیاندە « ئەردەوان »و شمشێرێکی بۆی ڕاوەشاند سوپەرەکەی کرد بە دوو کەرتەوە تا بەری ناوکیشی هەڵتلیشاند •• « صارم خان » ووتی : لێی گەڕێن ( وا نوسراوەو هەڵەیە )و کوردەکان بۆی دەرپەڕینو سپای « شاملو »ش کە دو هەزار کەس بوون ، بۆ کۆمەکو یارمەتیی، « دورمش خان » بە تاو هەڵیان کوتایە ناو مەیدانو هەردو لەشکر دایان بە یەکا ••

« شاە ئیسماعیل » ، کاتێ کە لە شالاوەکەی بۆ سەر « یەزد » گەڕایەوەو گەیشتە « تەوریز » و، دی قزلباش بە تەنگ هاتوونو «دورمیش خان »و « بەیرام خان» ( یا مەنتەشا خان )بریندارن، و لە تاو بەغیرەتیی خۆیان هاتوونە جۆشو لە تانووتی ڕاکردن ئەترسن ، ئا لەم کاتەدا لەپێ دەشتی « تەوریز »ەوە ئالای سپیی ئەژدە هائاسا دەرکەوت، و گوڕەی نالەو نەعرەتەی ئەو پادشا گەورەیە دەنگی دایەوە، و گیانی دووبارە

ئەوتەوە لەشی گەنجانی قزلباش،و هەرکە « شاە ئیسماعیل » خۆی گەییشتە مەیدانی شەڕ ، هەلمەتی کوردانی « یەزیدی »دا •• « صارمخان » کە لە دورەوە سرنجی دەس و مەقامی شەڕەنگێزانەی ئەو جیهان گیرەی دا •• لە ترسان هەلات و هەر وەك بای ڕەشەبای سەر سەر بۆی دەرچو ، بەلام لەگەل ئەو پادشایەدا تەقین بەیەکا « شاە ئیسماعیل » بەو پەڕی ڕق و کینەوە شمشێری لە کالان هەلکێشا وشیرێکیدا لە کەمەری « صارم »و کردی بە دو پارچەوەو ڕەوانەی جەهەنەمی کرد(٥٧) و لەشکری کوردان شکاو « موصطەفا خان مەحمودی »ش(٥٨) مەیدانی بەجێ هێشت و هەلات ، وشەش سەرداری تریش بەرەو هەرێمەکانی خۆیان ڕایان کردەوەو «شاە ئیسماعیل»یش براکەی خۆی دۆزیەوەو «دورمیش خان»یشی گرتە باوەش و پێی ووت : « مەردایەتی هەر لە خۆت هاتووە ! »و بە ووتەی « کوڕی خۆم » سەر فرازی کرد،و بەم جۆرە بە پیرۆزیی و سەرکەوتنەوە چوونەوە ناو تەوریزی پایتەختەوە »(٥٩) •

دانەرانی «ئەحسەن التەواریخ»و «شەرەفنامە»و «تەئریخ جیهان ئارا» دیاردییان بۆ ئەمە نەکردوو، کە پایتەختی فەرمانڕەوایی «صارم خانی موکری» کوێ بووە! بەلام لە «عالەم ئارای عەبباسی»و «عالەم ئارای

(٥٧) ئەمە، درۆو دەلەسەی پیرێزنانەیە «صارم» پاش چەندشەڕێ خۆی دایە پال عوثمانی ولەوە دوواش هەر مابو تا سالی ٩٢٦ کۆچی (١٥١٩ز) کە سولطان سولەیمانی قانونی دوبارە کردیەوە بەفەرمان ڕەوای موکریان،

(٥٨) موسطەفا خان مەحموودی یەکێکە لە سەردارانی «بەزیدی»ی سەردەمی شاە عەبباس ونزیکەی صەت سالی دووای ئەم قەومایە ژیاوە ودیسان ئەمەش هەلەیە •

(٥٩) ئەم باسە لە «عالەم ئارای صەفەوی» یا هاتووە (لاپەڕەکانی ١٠٣-١٠٨) کە سالی ٢٥٣٥شاهەنشاهی بنیادی فەرهەنگی ئێران بە تێکوشانی «یەداللاەشەکەرچی» بلاوی کردۆتەو •

صەفەوی» بۆمان دەرئەکەوێ کە پایتەختی «صارم» «ئورمی یە» بـووەو «شاە ئیسماعیلی صەفەوی» پاش ئەوەی لە سالی ۹۰۷کـۆچی بـە دواو، تاجی پادشاییتی لەسەر ناوە کەوتۆتە هەوڵدان بۆدا گیرکردنی «وولاتـی موکری»و ریشەو بنەچەکە دەرهێنانی ئـەو کوردانـەی لـە نێوانیـاندا چەندین جار شەڕو هەرا ڕوی داوە، وهەمو جار شکست هەر بەشی سپای «قزلباش» بووە،و ئەم جـاری ئاخـرەش لەشکـری قزلبـاش یە تـەواوی تەفروتووتا بوون،وفەرماندەگەورەکانیان کوژراونو پاکورەی سپاکەیـان قاتەقاو قوچاندویاتە وبەرەو لای شاکەیان گەڕاونەوە »[٦٠] •

بـەلام « ئەمیرصارم » گەر چی لەم شەڕانەدا، سەرکەوتبو ، هەرگیز لە خۆی بایی نەبوبو،و لە پاشە ڕۆژ کۆی ئەکردەوەو ئەترسا، لەبەر ئـەوە ئەویـش ـوەکـو سەردارەکانـی تری وولاتی کـورد دوای بیـروڕای «مەلائیدریسی بتلیسی» کەوتبو،و خۆی دابووە پاڵ دەولـەتی عوثمانـی •

## ناکۆکی ی نێوان «شاە ئیسماعیل»و کوردەکان هۆی زۆر بو:

یەکەم : ئەوە بو کە « شیخ جونەید »ی باپیری ـ،ـ «خەدیجەخانم»ی خوشکی سەردار حەسەنە درێژی (اوزون حسن) پادشای «ئاق قویونلو»ی خواستبو کە دوژمنێکی تۆخی کوردبو، وولاتی کوردستانی داگیر کردبو، گەلی کـوردی بـەزۆرو ستـەم چەوسانـد بووەوە• جا «جونەیـد» لـە «خەدیجەخانم» «حەیدەر»ی بوبو، کە دوژمنایـەتی لەگەل کـوردا بـە ڕەگەز بۆ مابووەوە •

دووەم : «حەیدەر»یش هەر بـەو جـۆرە «مارتابامـارت»ی کچـی سەردارحەسەنە درێژی خواستبو ـ کە لە دوایی یا بە ناوانی «عالەم شاە»

---

(٦٠) ئەحسەن التەواریخ (۹۰) وعالەم ئارای عەبباسی (۱/۳۱)وشەرەفنامـە فارسی یەکە (۱/۳۷۳) •

عەلەم شاه ، حەلیمەبیگی »ئە ناسرا –،– دایکی ئـەم کچەش « کـاتـریـن دیسپینا خاتون»ی کچی « ئالـوژان»ی ئیمپراتـوری «طـەرابزون بـو، لە ئەوانیش لەگـەڵ کورد دوژمـن بـوون،و لـەم ژنـە نیـوە مەسیحـی یە «ئیسماعیل» لە دایك بوبو[٦١] جا ئەمەندە ڕقوکین لە «ئیسماعیل»دا لـۆ بووبـــووەوە .

سێیەم: «مەلیك خەلیل»ی سـەرداری «حصـن کیـف»– کـە لە بنەماڵەی « ئەیوبی » بو لـە کاتێکا کـە « ئیسماعیل»و براکانی لە لایـەن سولطـان یەعقوبـی ئـاققویونلـی» خاڵۆیانـەوە تەنگـە تـاو کرابـوون و خوشکەکەی ویستبوی بچی بو حەج – ئەو ، خوشکەکەی مـارە کردبو ، شاه ئیسماعیل کە دەسەڵاتی پەیدا کردبو، داوای لێ کردبو خوشکەکەی بباتە تەورێز کەپێی طەلاق بدا ، ئەو ، نە یبردبو[٦٢] .

چوارەم: شاه ئیسماعیـل، لەبنەماڵەیێکـی شێخێتـی ی کـوردەواری بو، «شیخ صەفیی»ی باپیرە گەورەی لە کوردەکانی «سەنجان»ی نزیك «ئەردەویل» بو، هەندی بە هەڵە بە خەڵکی «سنجار»یان داوەتـە قەڵـەم،و لەگـەڵ شـیخ زاهیدی کـوردی گـەیلانیدا زاواوخەزور بوون،و هەمـو بنەماڵەکان «سونی» بوون[٦٣] .. بـەڵام « شاه ئیسماعیل » لەبـەر ئـەو هۆیانەی ووترا، هەم پشتی کردبووە رەگەزەکەی خۆی ورچە ئایینیەکەی،و هەم بوبو بە تورکمان و پەیڕەوی شیعەییتی ی گرتبـووە ئەسـتوە بـەڵام نەك شیعەییتییەکی نەرم و نیای وەك شیعەی دوازدە ئیمامی ی عیراق .. بەڵکو شیعەییتیبەکی توندو تیژی قزلباشانـە، ئنجابابیینـە سـەر شـەڕی

---

(٦١) ئەحسەن التەواریخ (٣٩٩،٤٠٨،٦١٩،٧٤٥) .
(٦٢) شەرەفنامەی فارسی (١/٢٠٥،٢٠٦)
(٦٣) صەفوەت الصـــەفوە ، دەس نووسە ، سـەراپا دەربـارەی کەرامانی « شیخ صەفی»یە، وهەڵبەستە کوردیەکانی شیخی تیایە، ( شیخ صەفیو تەبارشی ئەحمەدی کیسرەوی ) .

«چالدیران» کەبەم جۆرە ڕوی‌دا: بیروباوەڕی شیعەییێتی لە بەشی ئاسیای عوثمانی‌دا، لە سەردەمی «سولطان بایەزید»دا (٨٨٦–٩١٨هـ–١٤٨١–١٥١٢م) سەری هەڵدابو، شاه ئیسماعیلی صەفەوی لە ساڵانی ٩٠٦ك بەدواوە لەوتە پەنجە تێوەژەنن ، وبیرو باوەڕی شیعەییێی لە دەرەوەی ئێراندا پەرەپێ‌دان، دەوڵەتی عوثمانی بۆ سەرکوت‌کردنی ئەم بیرو باوەڕە نزیک (٤٠) هەزار کەسی لەم شیعەیانە گوشت،و لە ٩١٨ل (١٤٨زا)دا کە «سولطان سەلیم» لەسەرتەختی سەلطەنەت دانیشت، چەند کاعەزێکی پڕ لە هەڕەشەو گوڕەشەی ناردبو «شاه ئیسماعیل» بەڵام «شاه ئیسماعیل» لەبەر ئەوەی لە زۆر شەڕا سەرکەوتبو لە خۆبایی بوبوو لەخۆ گۆڕا بو، گاڵتەی بە هەڕەشەکانی «سەلیم» هات[٦٤].. «سولطان سەلیم»، ئەیزانی کە سەرانی کوردستان لەگەڵ «شاه ئیسماعیل» ناکۆکن، و«مەلائیدریسی بتلیسی» تاقانە مەلای بەڕێزی کوردە، کە هەم لای «سولطان یەعقوبی ئاق قویونلو» وەزیری‌دەربار بووە، هەم «شاه ئیسماعیل» ویستویە بیکا بە شتیوانی خۆی، بەڵام ئەورجی توندوتیژانەی ئەوی بە «مەذهەب ناحەق» داوە تەقەڵەم، لەبەر ئەمە دوستایەتی‌ی لەگەڵ «مەلائیدریس» بەستو بەهۆی ئەوەوە فەرمانی ١٦ سەرداریێتی‌ی بۆ سەرۆکە کوردەکان مۆرکردو، مەلاش ئەمەی پێ باشتر بووە لەوەی کوردستان بکات بەیەک دەسەڵات، چونکە زانیویە، سەرۆکانی کورد ، سەر بۆ خەڵک دائەچەمێنن ، بەڵام کەسیان سەر بۆ یەکتر دانا چەمێنن، لە شەڕا وولاتەکە یان پێ‌شێل ئەبێ.. ئنجا کە «سولطان سەلیم» لایەنی کوردەکانی دابین کرد، هێزو ئازوقەو بنەو بارگەی تەواوی کۆکردەوەو بە سپایێکی (٤٠) هەزار کەسی‌یەوە ڕوی کردە «تەورێز»ی پایتەختی ئێرانی

---

(٦٤) ئەدەبیات ئیران ئەدوارد براون (٤٨،٤٩) بەشی چوارەم وەرگێڕانی ڕەشید یاسمی

قزلباش‌و، له دەشتی «چالدیران[٦٥]»دا لـە مانـگی ڕەجەبی ٩٢٠ ئۆچی (٢٣ ئاغستوسی ١٥١٤ز)دا ئەوتنە شـەڕەوە، وبـە بەل ئەمـەشـدا لە «شاەئیسماعیل» وسپای قزلباش بە هەمو جەرگ‌و زاتەوە بەرانگاری‌یـان کرد «سولطان سەلیم» لە ١٦ ڕەجەب ٩٢٠ (٦ ئەیلولی ١٥١٤) زال بوو شاری «تەوریز»ی داگیر کرد ،و«شاە ئیسماعیل» بەرەو «هەمەدان» هەڵات، ئەگەر کابرایێکی «خدر» ناو ئەسپەکەی خۆیی پێ نەدابایەو ڕزگاری نـەکردبایە لەو شەڕەدا دەکوژرا،و ئەگەر سپای یەنیچەری (یەنگی چەری)ی عوثمانی سەرچڵی‌و یاخێتی‌ی نەکردبایەو «سولطان سەلیمی» ناچـاری گەڕانـەوە نەکردبایە، هەرگیز دەستی لەو وڵاتی ئێران هەڵنەدەگرت. ئەم سەرکـەو ـ تنە بوو بە هۆی ڕزگاریي سەرداراني کورد لـە زینداني «شاە ئیسماعیل» وسولطان سەلیمیش پاش سەرکەوتن، نامەی پرموژدەی سەرکەوتی نووسی بۆ: سولطان سولەیمانی کوڕی،و سەرۆکانی کورد،و سولطـان مـورادی ئاق‌قویونلویی،و شاەڕوستەمی لوڕستان[٦٦] کە «سولطان سەلیم» بەرەو ئاسیای عوثمانی گەڕایەوە، «شاە ئیسماعیل» هاتەوە «تەورێز»و کەوتەوە لەشکرکێشي ، بەڵام چەندین نامەی پۆزشی بۆ «سولطان سەلیم» ناردو بچوکی‌و دڵپاکی‌ی خوێ نیشـان دا،و داوای ئەوەی کـرد: کـە دۆسـت بمێننەوە ، بەڵام «سولطان سەلیم» بۆخانی ئوزبەگی‌نووسی ماوای‌نەدات.. پاش ئەوەی «سولطان سەلیم» مردو سولطان سولەیـمانی کـوڕی جـێ‌ی گرتەوە، دیسانەوە هەراو هوریای سنورو دەس درێژی‌ی «شاە ئیسماعیل»،

---

(٦٥) چالدیران : پێ دەشتێکە ٧٥٠ کیلومەتر جێ‌ی داگیر کردوە ، ئەکەوێتە بەشی باکوڕی لای خۆرئاوای شاری خۆی، ئاذەربایجانی ئێـران،و ١٢٠ کیلومەتر لە ژور تەورێزەوە، لەم دەشتـەدا ٨٤ دێ هەیـە، ناوچـەی «سیاچەشمە» پیک ئەهێنن، ناوی چالدران لـە «چـاردەران = چـوار شییوەوە هاتووە .

(٦٦) شەرەفنامەی فارسی (١ـ٤٤٩ ، ٤٥٢ ، ٥٣١ـ٥٣٣) ، ڕەوضەت الئەبرار ٤٠٠ـ٤٠٥ وتەءریخ ئەرەبیات ئەدوارد براون (٧٢ـ٧٧)بەشی چوارەم .

«سولطان سولیمان»ی ناچار کرد شالاّوبکاتەوە سەر ئێران، وساڵی ٩٣٦ کۆچی، کە «سولطان سولەیمان» کەیی بە کوردستانی ئیران، «صارم خان»ی دانایەوە بە فەرمانڕەوای موکریان «صارم» زۆر پیاوانە وولاّتی موکریانی گرتە وەژێر دەست بەلاّم مەرگ ماوای نەدا، پاس خۆی سێ کوڕی لێ بەجێ مابو : «قاسم، ئیبراهیم، حاجی عومەر»(٦٧). ئەم سێ برایە پێکەوە وولاّتی موکریانیان بەڕێوە ئەبرد، بەلاّم هەرسێکیان لە تافی جوانی یا مردن(٦٨)، بێ گومان هۆی ئەم مردنە سەرجەمیو ناکاوە، گەرچی لە مێژودا باس نەکراوە هەر کوژران بووە لە شەڕی دوژمنا .

## بابا عەمری کوڕی ئەمیر سەیف الدین :

ئەوەندە ژیروزیرەک وبلیمەت بووە ، کوردپێیان ووتووە «باباعەمرەی عەییار » بەلاّم لە مێژودا هیچی دەربارە نەنووسراوە ، جگەلەوەی کە لە سەرەوە ووترا، کە براو کوڕەکانی صارم لە شەڕا کوژران، «بابا عەمر» کوڕیکی هە بووە ناوی «رۆستەم» بووە، دییارە ئەویش هەر لە شەڕا کوژراوە،و سێ کوڕی لێ بەجێ ماوە : «شیخ حەیدەر ، میرنەظەر ، میرخدر» ئەم سێ کوڕە پاش مەرگي ناکامی کوڕەکانی «صارم خان» وولاّتی موکریانیان لە نێو خۆیانا بەش کردووە. ناوچەی «دەرەیاس»، «دولباریک»،و «سەلدوز»و «ئاختاچی»بەر «شیخ حەیدەر» کەوتووەو ناوچەی «ئیلتەمور» بەر «میرنەظەر»و ناوچەی «مەحمەشای سەلدوز» یش بەر «میرخدر» «ئەم سێ برایە پێکەوە چوونە لای «شاە طەهماسپ» خۆیان لە عوثمانی جیا کردۆتەوە(٦٩) .

---

(٦٧) لەسەرەوە ووتمان عالەم ئارای صەفەوی ناوی دو کوڕی تریشی بردووە: «سارو سولطان» و«ئەردەوان»، کەلە شەڕا کوژراون .

(٦٨) شەرەفنامەی فارسی (١/٣٧٤ ، ٣٧٥)

(٦٩) شەرەفنامەی فارس (١/٣٧٥) ومەهاباد دیروزو ئیمروز

ساڵی ٩٤٨ کۆچی (١٥٤٣زا) «سولطان حوسەینی عیمادیە»و «زینەل بەگی حەکاری» وسەردارانی برا دوست بە فەرمانی سولطان سولەیمانی قانونی لەگەڵ ئەم سێ برایە کەوتنە شەڕەوەو هەر سێ برا لە شەڕا کوژران، «شیخ‌حەیدەر» دوو کوڕی هەبو «ئەمیرە»و «حوسەین»،و «میرنەظەر»یش کوڕێکی هەبو «بەیرام»و «میرخدر»یش دوکوڕی هەبو «ئولوغ»و «میر حەسەن»[٧٠] .

## ئەمیر بەگی کوڕی حاج عومەری کوڕی صارم :

پاش کوژرانی «شیخ حەیدەر»و براکانی، خەڵقی موکریانو سەردارانی تری کوردستان نامەیان بۆ دەرباری «سولطان سولەیمان خانی قانونی» نووسیو داوایان کرد: فەرمانڕەوایی موکریان بدرێت بە «ئەمیر بەگ» جافەرمانی میریەتیی بۆ مۆرکرا ونزیکەی سي ساڵ کاروباری فەرمانی موکریانی گرتە دەست. ناوچەی وولاتەکەی «دەرەیاس» بو .ساڵی مردنی گەرچی بەڕوونی نەزانراوە، بەڵام لەقەوماوەو ڕووداوەکان وا دیبارە ساڵی ٩٧٨ کۆچی بە مەرگی خوایی مردووە، و کوڕێکی لێ بەجێ ماوە ناوی «مصطەفا» بووە[٧١] .

## ئەمیرە بەگی کوڕی شێخ حەیدەر کوڕی ڕوستەم :

پاش مردنی مامی[٧٢] لە لایەن دەرباری «شاە طەهماسپ»ەوە فەرمانڕەوایی موکریانی بۆ مور کرا، سەر بە خۆو ئازادانە سەرپەرستیی وولاتی گرتە دەست.. کە شاە طەهماسپ ساڵی ٩٨٤ کۆچی کردو

---

(٧٠) شەرەفنامەی فارسی (١/٣٧٥)
(٧١) شەرەفنامەی فارسی (١/٣٧٥ ، ٣٧٦) .
(٧٢) ووشەی «مام» دەبێ هەڵەبێ، مەبەستی «صارم»ی مامی باوکی بێ، یا «ئەمیرە بەگی کوڕی حاجی عومەر» بێ کە ئامۆزازایەتی» .

«ئیسماعیلی کوڕی» لەجێی دانیشت وبوبە «شـاه ئیسماعیلـی دووەم» «ئەمیرە بەگ» چووە بارەگای بۆ پیرۆزبایی‌و فەرمانی میرایەتی یەکـەی دوبارە مۆر کرایەوە• کە «شاە ئیسماعیل» پاش‌یەک سالّ (٩٨٥ك ١٥٧٨زا) مردو «محەمەد خوابەندە» چووەسەر تەختی شاهێتی، سەرانی کوردستـان بە تەنگ هاتن، سالّی ٩٩١ کۆچی (١٥٨٣زا) «ئەمیـرە بەگ»و سەرانـی گەورەی کوردستانی ئەردەلانو لوڕستان بەدەست جەمی خۆیان دایە پالّ عوثمانی‌و بەهۆی میری میرانی وان «محەمەد پاشا»وە فەرمانبەریی خۆیان بۆ «سولطان موارادخانی عوثمانی» (سێیەم) دەرخست سولطان فەرمانی‌دا وولاتی «بابان»یش بخرێتە سەر «موکریان»،و لەگەلّ ویلایەتی «موصل»، هەمو بخرێنە ژێر فەرمانو دەسەلاتی «ئەمیرە بەگ»، بەو مەرجـەی کـە «هەولیر» وهەندێ ناوچەی «مەراغە- تەوریز» لە ژێر دەستی کوڕەکـانی‌دا بێ •

«ئەمیرە بەگ» لە ناوەندی چلەی زستانا لە (ئورمیە)وە شالاوی بردە سەر «مەراغە»- کەلەژێر دەستی «بەگتاش قولّی ئیستاجلو»دا بـو، هەرێمەکە بەر تالان وبـرۆ کـەوتو ڕەوەی مایـن‌و ئەسپـی تایەبەتـی «شاەطەهماسپ»یش ـ کەلە سەردەمـی خۆیەوە تا ئـەم سەردەمە هەر لـە دەشتی «قەراجیق»دا بەخێو ئەکران- هەمو ڕامالّ کرا،و بەرەو «وان» بـە تالان برا»[٧٣] •

«ئەسکەندەر بەگ» بەم جۆرە باسەکە ئەگێڕێتەوە :«لە ســالانی ٩٨٦-٩٨٧ کۆچی یا (١٥٨٧-١٥٨٨زا) تیرەییێکی تر، کە سالەهای سال بە نان و نەمەکي بنەمالەی شاهي پێگەییبون و، لە دەرەوەی «سەلدوز»و «مەیان دواو»و « مەراغە »دا نیشـتـەجێ بوون ، دەسیان دایە سـپلەیي‌و نەمەک نەناسی، «ئەمیربەگی» سەرداریان ناوی خۆی نا « ئەمیرخان »و»

---

(ژ٧) شەرەفنامەی فارسی (١/٣٧٦)

« هەڵی کوتایە سەر سنوری «مەراغە» وەڕەوەی ماین وئەسپی تایەبەتی» «شاطەهماسپی ڕامالی - کە دە هەزار سەرێ ئەسپو ماین بو» ،«ولە پاوەنی «قەراجیق»دا دەلەوەڕا - وهەموی ، -بە- تالان برد[۷٤]» .

«ئەسکەندەر لە باسی قەلاچوو کوشتاری جەماوەریی «موکریان» -یشا باسی ئەم شالاوە دوبارە دەکاتەوەو ئەڵێ : « عێلی موکری کەلە دەوروبەری «گاودول»و «مەراغە»و «سەلدوز»و «مەیان دواو» نیشتەجێ بوون، لە سەردەمی «شاطەهماسپ»دا سەرداریتییان سپێردرا بە کابرایێکی «ئەمیر بەگ» ناو.. پاشان کە «سولطان محەمەد خوابەندە» هاتە سەر تەخت، ئەم ئەمیرە بەگە کە سالەهای سال بە ناوو نامەگی دەوڵەت گەورە بوو بو ، ڕێی سپڵەیی و بێ نەمەگی گرتە بەر، ویاغی بوو،و کەوتە دوای ڕومییەکانو سەرچلی دەستپێ کردو دەستی دایە کوشتنوقە-لاچوکردنی عێلو خێلی دەوروبەری «سەلدوز»و «مەیان دواو» و «مەراغە»[۷٥] ... تاد .

«ئەمیر شەرەفخان»یش دەربارەی بە «پاشا» بوونی «ئەمیرە بەگ» نووسیویە: «کە محەمەد پاشای میری میران لە شەڕی «مەراغە»دا بە پیرۆزیو سەرکەوتویی بەرەو خاکی عوثمانی گەڕایەوە، کوڕەکەی «ئەمیرە بەگ»ی لەگەڵ خۆی برد بۆ خزمەتی «فەرهادپاشا»ی وەزیر لە «ئەرزروم»،و لەوێ دلپاکیو دلسۆزیی ئەمیرەبەگی بۆ پاشا ڕوونکردەوە، «فەرهاد پاشا» پایەی «بەگلەر بەگیتی»ی دایێ،و سەرداریتیی « مەراغە »شی بۆ مۆرکرد، بەو مەرجەی خۆی ویلایەتی «مەراغە» لەچنگی تۆکەرانی «قزلباش» رزگار بکات، وبەم جورە ئەمیرە بەگ لە دەفتروتۆمارا ناوی گۆڕدرا بە «ئەمیرە پاشا»[۷٦] .

---

(۷٤) عالەم ئارای عەبباسی (۱/۲۳۲ ، ۲۳۳) .
(۷٥) عالەم ئارای عەبباسی (۲/۸۱۲) .
(۷٦) شەرەفنامەی فارسی (۱/۳۷۷، ۳۷۸)

## حەسەن کوڕی خدر کوڕی ڕوستەم کوڕی بابا عەمر کوڕی سەیفالدین :

لەم سەردەمەدا کە « ئەمیرە بەگ » نازناوی « پاشا » پێتی وەرگرتبوو بوبو بە «ئەمیرە پاشا» ناوچەی «دەرەیاس» بەدەست «حەسەن کوڕی خدر»ەوە،بوکە پێش «ئەمیرە» خۆی گەیاندبووە ئاستانەی سولطانی عوثمانیو فەرمانی میرایەتی بۆ مۆر کرابو، کە « ئەمیرە پاشا » ویستی ولاتەکە بگرێتە ژێر دەست، «حەسەن بەگ» سەری بۆ شۆڕ نەکرد،و خۆی لە قەلاکەیا قایمکرد، بەلام «ئەمیرە پاشا» لێی نەگەڕاو لە قەلاکەدا گەمارۆیدا، وپاش شەڕوکو شتارێکی دوور ودرێژ لە قەلاکە دەریهێناو کوشتی[٧٧].

## ئولوغ بەگ کوڕی میر خدر کوڕی ڕوستەم :

هەر کە «حەسەن» کوژرا،و ئولوغ بەگی برای چاوی بەلاشەی برای کوژراوی کەوت ، بە پەلە رویکردە « ئەرزروم » بۆ سکالا لە دەست « ئەمیرە پاشا » بەلام ماوەیێکی زۆر چاوەڕێی ئەوەی کرد وەزیر ببینی بە کام نەگەیشت هیوا بڕاوانە گەڕایەوەو ڕوی کردە « قەزوین » و چووە بارەگای «سولطان محەمەد خوابەندە»ی شای ئێران لەوێ فەرمان درا کارێکی بدرێتیو لە ڕستەی یاوەرانا ناوی تۆمار بکری،و ناوچەی «دێ خوارەگان»ی لای «تەورێز»یشی بۆ مایەی ژیان بخرێتە ژێر دەست[٨٧].

---

(٧٧) شەرەفنامەی فارسی (١/٣٧٨)

(٧٨) شەرەفنامەی فارسی (١/٣٧٨)

## حوسەین کوڕی شیخ حەیدەر کوڕی ڕوستەم :

ئـەم کوڕە برای « ئەمیرە پاشا » بـو ، بەڵام شوقارو سیخوڕەکانی « ئەمیرە » لێی کەوتنە دوو زمانیو نووسینو، هەواڵیان دابە « ئەمیرە پاشا » کـە خەریکی دەس تێکەڵکردنـە لەگەڵ دۆژمنو، ئەیەوێ یـاخی بێتو پەناه بباتە بەر دەوڵەتی «صەفەوی»• «ئەمیـرە پاشـا» کە ئـەم هەواڵەی بیست، ناردی کوشتـیو کۆمەڵـەی هـاو دەستـانو دوژمنـانی تریشی تارومار کرد،و ماوەییێکی دوورو درێژ لە «مەراغە»وە تا «موصـل»و لە خۆرئاوای کوردستانەوە تا شارەزوری لە ژێر فەرمانا بو[79] •

سالی ٩٩٣ کۆچی (١٥٨٤زا) عوثمان پاشای سەرەک وەزیری عوثمانی فەرماندەکانی سپای عوثماني لەگەڵ خۆی هەڵگرتو هەڵی کوتایە سـەر «تەورێز» ، سەربازانو کوڕانی عێلو عەشیرەتان « تەورێز »یان تـالان کرد،و چل ڕوژی ڕەبەق هەمو جـۆرە کـارەساتێکیان بە سـەر خـەڵقی شارهێنا•• بەڵام لە پڕ «حەمزە میرزای کوڕی سولطان محەمەد خوا بەندەیان لێ ڕایەڕی،و لە ١٢ ذی القەعیدەی ٩٩٤ کۆچی یا (٢٥ ئوکتوبر ١٥٨٥زا) سپای « سەنان پاشا جەغالەزادە »ی شکاندو خەڵقیکی زۆری لێ بدیـل گرت، ئنجا لەگەڵ ئەو سپایە کەوتە شەڕەوە کە «سەرەک وەزیر» خۆی فەرماندەی بو، ئەویشی ڕەتانـد، ولە چل شـەڕی تریشاکەیـەک لە دوای یەک ڕوویان دا، بەسەر سپای عوثماندا زاڵ بو،و «جەعفەر پاشا»شی لـە ناو شاری «تەورێز»دا گەمارۆدا، بەڵام «فەرهاد پاشا» بە سپاییێکـی تـرە

---

(٧٩) شەرەفنامە (١/٣٧٨) •

وەگەیێشتە فریای‌و لە گەمارۆ ڕزگاری کرد.. «شاە سولطان محەمەد»و «حەمزە میرزای کوڕی» ناچار بوون لە شکرەکەی خۆیان بەرەو «ئەردەویل» و «قەرەطاغ» کێشایە دوواوە،و سەرئەنجام «حەمزەمیرزا» لەم شەڕەدا کوژراە ئنجا «جەعفەرپاشا» داوای لە «ئەمیرە پاشای موکریان» کردسەری بۆ شۆڕ بکاو ببێ بە فەرمانبەری، بەڵام «ئەمیرەپاشا» کە ناز ناوی «میري‌میدان»ی هەبو، خۆی لە «جەعفەر پاشا» بەزلترو یابە بەرزتر دەزانی‌و گوێی نەئەدایێ. «جەعفەر پاشا» گوزارشێکی (درۆنامەیێکی) بۆ سولطان نووسی و «ئەمیرە پاشا»ی بە یاخێتی و سەرکێشی‌و سەرچلی تاوانبار کرد، وبەم جۆرە هەرێمەکانی «بابان»و «هەولیر»و «موصل»ی لێ سێنرایەوە،و «مەراغە»شی لەدەس دەرکراو خرایە سەر «تەوریز»و بە مووچەی دەرەبەگانە درابەیەکێکی تری، تەنیا هەرێمی «صاروگورگان»و «موکری» هێڵرایەوە بە دەست «ئەمیرە پاشا»و «شیخ حەیدەر»ی کوڕی‌یەوە(٨٠).

ئەم «ئەمیرە پاشا»یە، بە قسەی «شەرەفخان» چوار کوڕی هەبووە: «شیخ حەیدەر»، «حسین»، «بو داق بەگ»و «قاسم» ئەمانە هەر چواریان لە ژیانی باوکیانا بە فەرمانی «سولطان مورادخان»ی عوثمانی کراون بە «میرسەنجەق».. پاشان «بو داق بەگ» بە مەرگی خوایی مردووە و «حوسەین بەگ»یش بەو تاوانەی کە «قاسم»ی برای خۆیی کوشتووە بە فەرمانی «شیخ حەیدەر» کوژراوەتەوەو تەنیا «شیخ حەیدەر» ماوەتەوە کە لە جێی باوکی بۆتە «میر»(٨١).

بەڵام «ئەسکەندەر بەگی تورکمان» وای نیشان دارە کە «ئەمیرە پاشا» شەش کوڕی هەبووە، ئەو چوارەی ووترا،و «ئەمیر خان بەگ»و

---

(٨٠) شەرەفنامەی فارسی (١/٣٨١)

(٨١) شەرەفنامەی فارسی (١/٣٨٢)

«ئەبدال بەگ»یشی هەبووە(٨١) کە لەمەودووا سەکوزەشتیان روون ئەکەینەوە •

بابێینەسەرئەوەی کە خود «ئەمیرە پاشا»تائەی ژیاوە ؟ هەر چەندە ئەمە لە مێژووەکانا روون نەکراوەتەوە، بەڵام بەپێی هەندێ دەنگ و باس تا ساڵی ١٠٠٤ کۆچی (١٥٩٥ ھ•د•) ماوە ، پاش ئەوە کۆچی دوایی کردووە ولە باسی «شێخ حەیدەر»دا ڕوونی ئەکەینەوە •

## شێخ حەیدەر کوڕی ئەمیرە پاشای موکری :

لە پێشا ووتمان: کە «محەمەد پاشای میری میران»ی «وان» ساڵی ٩٩٢ کۆچی (١٥٨٣ز) لورەئەی « ئەمیرە پاشا »ی لە ئەل خۆی بردە لای «فەرهادپاشا»ی وەزیرو باسی دلسۆزیتیو دلپاکێتیی ئەوی کەیاندە «دەرباری سولطان موراد»و ئەوە بو کە «سولطان» «مەراغە»ی دابە «ئەمیرە بەگ»و پایەی «پاشا»یەتیشی دایی «صاروگورکان»یشیدا بە «شێخ حەیدەر»ی کوڕی• ئەم «صاروکورکانە» دژێکی زۆر سەختی کوردەواری بو، لەوە بەر «تەیموری لەنگ» بە شەڕو شوڕێکی سەخت داگیری کردبو، ویرانی کردبو، «شێخ حەیدەر» ئەم قەڵا سەختەی دوبارە ئاوەدان کردبووەوەو کردبوی بە قایمترین دژو سەختترین قەڵا •

ساڵی ١٠٠٢ کۆچی (١٥٢٣ز) جارێکی تریش سپای عوثمانی «ئاذەربایجان»ی داگیر کردە وە وهەرێمی «تەوریز» یشی دایە «خدر پاشای میری میرانی بەغدا • جا هەندێ تۆکەرانو دەسو پێوەندان پییان ووت: «مەراغە» کە هەمیشە وێران ماوەتەوەو دووا کەوتووە سووچی ئەو قەڵایەیە کە «شێخ حەیدەر» ئاوەدانی کردۆتەوە، «خدر پاشا» بەقسەی

---

(٨٢) عالەم ئارای عەبباسی (٨١٢/٢)

ئەم دوو زمانانە باوەڕی کرد وقەلای «صارو کورکانی» لەدەس «شێخ حەیدەر» دەرهێناو دای بە عێلی «مەحمود»ی. ئەم کارە بوو بە هۆی شەڕو هەرا لەنێوان «موکری»و «مەحمودی»دا،و لە شەڕا برازاکانی «مەنصور بەگی سەرۆکی مەحمودی» ـکە لە نەتەوەی «زینەل بەگ» بوون ـ کوژران‌و خەلقێکی زۆریش بوونە پێناوی خزمەتی دوژمن[81]

ساڵی ١٠٠٣ کۆچی (١٥٩٤ز) «خدر پاشای میری میران» بەهانەی عێلی «مەحمودی» و «عەوەض بەگ»ی کوڕی «حوسەین» بەگی مەحمودی» سەرۆکیان ـ کە میری «ماکو» بو، ڕوی کردە «صارو گورگان» بۆ ڕۆخاندنی قەلاکەی «شێخ حەیدەر».. کە هەواڵ گەییشتە «شیخ حەیدەر» ویستي هەراکە بە دۆستایەتی ببڕێتەوەو، نەگاتە شەڕ، وکەسانێکی نارد بۆ ئەوەی ببنە هۆی ئاشتی و، هەروا خۆێنە خوای کوژراوان قایل کردن بە خوێن. بەلام ئاشوب گێڕان‌و فیتنە هەلگیرسێنەران، ئاگرەکەیان پتر گڕکردو هانی «خدرپاشا» یاندا کە دەبێ قەلای «صاروگورگان» داگیر بکات. «خدر پاشا» هێزی ناردەسەر قەلاکەو «شیخ حەیدەر»یش بەرانگار وستا، لەم شەڕەدا «عەوەض بەگی مەحمودی» ش کوژرا.. لەم کاتانەدا هێشتا «ئەمیرە پاشای موکری» ـ باوکی شیخ حەیدەر ـ هەر مابوە[85] بەو پیری یەکەوتە ناوبژی‌و «شیخ حەیدەر»ی لە شەڕ دوور خستەوەو «خدر پاشا» شی بە ئاشت بوونەوە رازی کرد کەدە ستێش لە گە مارۆی قەلاکە هەلبگرێ[86] .

«ئەسکەندەر بەگ» نووسیوبە: شیخ حەیدەر پاش مردنی «ئەمیرە پاشا»ی باوکی زۆر سەربەستانەو سەربەخۆیانە وولاتي موکریاني بەڕێوە

(٨٣) شەرەفنامەی فارسی (١/٣٨٠ ، ٣٨١)
(٨٥) شەرەفنامە فارسی یەکە (١/٣٨٠ ، ٣٨١)
(٨٦) شەرەفنامە فارسی‌یەکە (١/٣٨١)

نەبرد[٨٧] وکاتێ لە لە بەل «جەعفەرپاشا»ی بەکلەر بەگی «تەوریز»دا نێوانی تێکچو، حزمەتانی خۆی بە دیاریو خەلاتەوە نارد بۆدی «سولطان محەمەد خوابەندەی صەفەوی»و دۆستایەتیو بچوونی خۆی دەرخست پاشان لە «صەفەوی» ئادەربایجانیان بە شەڕ لە عوسمانی وەرگرتەوە «شیخ حەیدەر» چووە بارەگای «شاه»و بەر میهرەبانی وە دلسۆزی «شاه» کەوت،و فەرمانڕەوایی «مەراغە»ی بۆ مۆرکرایەوە[٨٨] • پاش ئەم ئاشتییە لە «صەفەوی» و «عوثمانی» لە «یەریڤان» کەوتنەشەڕەوە، ئەمجارە «شیخ حەیدەر» لایەنی «صەفەوی» گرتو لە شەڕایارمەتی دان،و لەو شەڕەدا کوژرا، «ئەسکەندەر بەگ» ئەلی سالی (١٠١١هـ) کوژراوە، بەلام «میرخواند» ئەلی ١٠١٥ کوژراوە[٨٩] •

## روستەم بەگ موکریانی:

ئێمە سەر گوزەشتی ئەم ئەمیرە موکریانییە نازانین، تەنیا لە «عالەم ئارای عەبباسی»دا ناوی هاتووە،و لە سالانی ١٠١٠ــ١٠١٥ كــدا هەبووە: «ئەسکەندەر مونشی» ئەلێ: «زەلامێکی بلەزەندەری زلی زەبەلاحو ملئەستوورو شانو باهو بەهێز لە شەڕا بەدیل گیرابو دەستی لە پشتەوە بەسترابو ، هێنایانە بەردەم «شاه عەبباس»، شاه پرسیاری ناوی خۆی و بنەماڵەکەیو تیرەو عێلو خێلەکەی کرد، کابرا ووتی: «من لە عەشیرەتی «موکری»مو خەلقی «موکریان»م •• لەو کاتەدا کۆمە لەزەلامێکی موکریانی لەگەڵ «ڕوستەم بەگ»ی سەرداریان لە دیوانا دانیشتبون

(٨٧) عالەم ئارای عەبباسی (٨١٢/٢)

(٨٨) رەوضەت الصفەفاء (٣٤٩/٨) وعالەم ئارا (٨١٢/٢)

(٨٩) عالەم ئارای عەبباسی (٦٤٥/٢) ورەوضەت الصەفاء (٣٥٢/٨)

«شاه عەبباس» دستـوری دا قۆڵـی بکەنـەوەو بـە «رۆستـەم بـەگ» وموکریانی‌یەکانی بسپێرن کە ئـە وان خۆیان بڕیـاری دەربـارە بـدەن، «روستەم بـەگ» بە فیـزو ڕوتورشی‌یەوە ووتـی: «ئـەم کابرایـە هیـچ پەیوەندی‌یەکی لەگـەڵ ئێمە نی‌یەو نامانەوێ بەئێمەی بسپێرن!» «شاه عەبباس» کە ئەمقسانەی بیست بە پاسەوانەکانی دەرگەی ووت: «بیبەنە دەرەوەو بەسزای خۆی بگەیێنن» کابرا، کە گوێی لەم قسە بو خەنجەری هەڵکێشاو هەڵی کوتابە سەر «شاه عەبباس»، بەڵام شاه عەبباس بە هێزو نەبەزو نەترس بو، پڕی دایێو قۆڵی باداو خەنجەرەکەی لە مشت دەرهێناو نۆکەرو پاسەوانەکان بردیانە دەرەوە کوشتیان»(٩٠).

## قوبادخانی کوڕی شیخ حەیدەر کوڕی ئەمیرە پاشای موکـری:

پاش مردنی «شیخ حەیدەر»ی کەڵە پیاوو دلێـر، «شاه عەبباس» فەرمانی‌دا کە «قوبادخان»ی کوری لەجێی دابنرێ بـە فـەرمانڕەوای موکریان، هەر چەندە هێشتا منال کار بوو بارنە بوبو، هـەروا فەرمانیشی‌دا بەرێش سپی‌یان وسەرۆکانی عێڵ وخێلانی موکری، هەمو فەرمانبەری بن، وپەیرەویی لێ بکەنو بۆ ئەوەش کە «ئەمیرخانی» برای «شیخ حەیدەر» رقە بەرێی لەگەڵ نەکا، وعێڵو عەشرەتی لێ هەڵ نەگێڕێتـەوە، هەرێمی «گەرمرود»ی دایێو کردی بە فەرمانڕەوای ئەوێ..

---

(٩٠) عالەم ئارای عەبباسی (٢/٧٠١)، وادییارە «ئەسکەندەر مونشی» لـەم باسەداسێ شتی دەرخستووە: بێغیـرەتی «روستـەم بـەگ»، ودڕی کابرا، وئازایی‌و بەهێزی‌و نەترسی شاه عەبباس.

سالّی ١٠١٧ کۆچی (١٠٦٧زا) « شاه عەبباس » کەوتە بیری داگیرکردنی کوردستانی «ئەردەلان»و هەرێمەکانی تری کوردنشین[٦١] تا «دیار بەکر»و دوستوریشیدا بە سەردارانی کورد، هەمویان بچنە لای «محەمەد پاشای جەلالی» لە «مەراغە»و لە ویوە «قوبادخان»ی موکری فەرمانڕەوای «مەراغە»ش بەهێز بکەوە لەگەل خۆیان هەلبگرنو شالاو بەرنەسەر کوردستانی «ئەردەلان»[٦٢] .. هەروا دوستوریشیدابو هەر کام لە سەردارانی کوردستان سەری بۆ فەرمان شۆڕ نەکردو بەهێزی خۆیەوە نەکەوتە تەك جەماوەری سپای عێلو عەشرەتانو قزلباش ، بۆ شالآوبردنە سەر کوردستان ، لە سەرەتادا هەرێمەکەی ئەو تالآنو وێران بکرێ،و خەلقەکە دەربەدەر بکرێن ، دارە هەنەی وولاتان بن ، و عێلی «جەلالی»یان لەجێ نیشتەجێ بکرێ[٩٣] .

لێرەدا واز لە باسی «قوبادخان» ئەهێنین، تا بزانین «جەلالی» کێن .. ئنجا باسی بەسەر هاتی «میری لەپ زێڕین» ئەکەین، پاشان دەگەڕێینەوە سەر «قوبادخان»و «قەلآچوی موکری» چونکە باسەکان بەم جۆرە رشتە بەندی ئەکرێن :

## جەلالی کێ بوون ؟

جەلالی عێلی نەبوون، مرۆڤی هەرێمێکیش نەبوون، ناوی بو لە سەردەمی عوثمانیدا ئەدرا بەوکە سانەی لەدەولەت یاغی ئەبوون وهەراو

---

(٩١) لەم حەلەدا «هەلوخان کوڕی سولطان عەلی کوری سورخاب بیگ»ی ئەردەلآنی فەرمانڕەوای ئەردەلان بو، وبەشێ لە کوردستانی ئێران وشارەزوریشی لە ژێر دەستا بو، نە ژێر دەستی «ئێران» بو، نە ژێر دەستی عوثمانی (تەءریخ ئەردەلان مەستورە خانم) لاپەڕە (٢٧ـ٣٦)و «لب تواریخ» لاپەڕ، (١٩ـ٢٤) .

(٩٢) چەند جارێ تری سپای نارد بووە سەر ئەردەلان،و «ئالی بالی خانی زەنگەنە» ئامۆژگاری کردبو ، کاری وەهانەکات .

(٩٣) عالەم ئارای عەبباسی (٧٠١/٢) .



هەوالنامەی کتێب

شۆڕشیان هەڵئەگیرساند، هەر لە «پرووسە»وە تا «ئەنادۆل» • ئێستە با چاوی بگێڕین بە هۆی پەیدابوونی ئەم ناوەدا، ئنجا باسی «جەلالی»کان بکەیـــن :

لە سەردەمی پادشایێتی «یاوز سولطان سەلیم کوڕی سولطان بایەزیدی عوثمانی»دا (٩١٨–٩٢٦ك–١٥١٢–١٥٢٠ز) شیعەیێتی لە ئێرانو لە وولاتی عوثمانی‌دا پەرەی سەند بو، بنەماڵەی صەفەوی لە «شیخ جونەید»ەوە، ئەم بیرو باوەڕەیان بەهێز دەکرد،و ئەم سەبارەتەشمان- لەمەو بەر ڕوون کرد-بووەوە : پاش شەڕی «چالدیران» سالی (٩٢٥ك) لە دەوروبەری شاری «توقات»ی سـەر بـەو یلایەتـی «سیـواس» یـەکێ لە پیـاو خراپـانی «بوزاوق»(٩٤)- کە ناوی «جەلال» بو- خۆی خزاندبووە ئەشکەوتێکەوەو خەڵوەی ئەکێشا ولافی «مەهدێتی» لێ ئەدا، بیست هەزار سواری سادەو دڵسافی لە دەوری خۆی کۆ کردبـووەوە • کە « فەرهاد پاشا » بە پایـەی وەزیری بو بەسەردار سپای عوثمانی، فەرمانی دا: بە « شاسـوار زادە »ی حاکمی «ذوالقادر» شاڵاو بکاتە سـەر «جـــەلال»و پەیڕەوانیوســەرو پۆتەڵاکیان وورد بکات، وتەرتـەوەرتەیـان بکـات• «شـا سـوارزادە» بەهێزەوە چـووە سەریـان، وکوشتارێکیی سەختـی لێ کـردنو بـڵاوەی پێ کردن، ئەوانەی لە مەرگ رزگاربوون لـە دەوروبەری « سـیواس » خۆیان شاردەوە(٩٥) •

بێ گومان ئەم «جەلال» ناوە کەلافی مەهدێتی لێداوە شیعە بـووە، بەڵام چون پەیڕەویی لـە بنەماڵەی « صەفەوی » نەکردووەو یارمەتی‌یانـي نەداوە، ولەباسی «جەلالی» یەکانیشا ناویـان نەبردودە؟ ئەمەیان سەیـرە ••

---

(٩٤) رستەی: «پیاو خراپانی بو زاوق» هـی «قـەرە چەلـەبی»ی نووسـەری رەوضـەت الئەبرارە ، ئەسکەندەر بەگی تورکمانیش لە « عالەم ئارا »دا ناوونا تورەی خراپی پێ داون وجنێوی ناشرینیان ئەداتێ •

(٩٥) ڕەوضەت الئەبرار لاپەڕە(٤١٢) •

سالی ٩٣٢ كۆچی كە «سولطان سولەیمانی قانونی» لە «بولقان» خەریكی شەڕ بو «دو الـنونزادە»و «حاج بەكتاش زادە» لە «ئەنادول»ەوە خۆیان گەیاندە ناو جەلالی یەكانو ئاگری شۆرشیان هەلگیر ساند، بەلام سولطان هێزێكی گەورەی ناردە سەریانو كوشتارێكی زۆری لێ كردنو شۆرشەكەیان دامركا(٩٦) •

سالی ١٠٠٩ كۆچی لە سەردەمی «سولطان محەمەدی كوڕی سولطان موڕادی سێیەم»دا (١٠٠٣ – ١٠١٢ – ١٥٩٥ – ١٦٠٣ز) سەرۆكی تیپی «سەگبان»(٩٧)ەكان كە ناوی «عەبدالحەلیم»و ناز ناوی «قەرەیازیجی» بو، لەگەل كابرایەكی «حوسەین پاشا» ناودا «جەلالی» یەكانیان خڕ كردەوە،و شۆرشێكیان هەلگیرساند، «سەنان پاشا»ی سەردار سپای عوثمانی شالاوی كردە سەریانو كوشتارێكی زۆری لێ كردنو «جەلالی»یەكان تارومار بوونو «قەرەیازیجی» خۆی لە قەلای «ڕوها» (ئورفە)دا قاییم كرد،و بە ناوی خۆ بە دلپاك نیشان دان «حوسەین پاشا» ی هاودەستی خۆیی – كە لە شەڕا بریندار بو – بونارد بۆ « سەنان پاشا »،و ئەویش ناردی بۆ «ئەستەمول» ، لەوێ هەمو كردەوە نهێنی یەكانی خۆیانی دەرخست(٩٨) •

سالی ١٠١٠ك «قەرەیازیجی» كرابە میرسەنجەقی «چورم»، بەلام نەیبردەسەرو خۆی شاردەوە و دووبارە شۆرشی بەرپا كردەوە « حسەن پاشا»ی كوڕی «محەمەد پاشا» – كە لەوە بەر والی ی بەغداد بو ، وەدەر كرابو – دانرا بە سەردار لەشكرو ناردرابۆ سەر « جەلالی » یەكان ••

---

(٩٦) ڕەوضەت الئەبرار لاپەڕە (٤٢١) •

(٩٧) سەگبان ناوێكی تایەبەتی بو، بۆ هێزی تایەبەتی ی دەرباری سولطان ، پاشان بو وبە ناو بۆ ئەو هێزەی كە «سەگەڕاوی»یەكانی سولطانیان بەخێو ئەكرد واتا «سەگەوان»ەكان •

(٩٨) ڕەوضەت الئەبرار (٤٨٩) •

«حەسەن پاشا» لە کەلیان کەوتە شەڕەوە، نزیکەی ٢٠ هەزار کەسێکی لێ کوشتن ، « قەرەیازیجی » پەنای بردە چیاکانی « جانیك »و ماوەی شەش ماڵێ بەو چیایانە داوێڵو سەرکەردان بوو لەوێ مرد[٩٩] ٠

« ئەسکەندەر بەگی تورکمان » ـلە خۆی شیعەو نووسەری تایبەتیی «شاە عەبباس» بونەلی : ڕۆمەکان (واتاعوثمانی) بەو جەردەو پیاو حراپانە کە لە پادشاەو دەولەت یاخی دەبوونو نەکەوتنە وێران کردنیو ولاتو تالانی خەلق ـ ناوی «جەلالی»یان ئەدا ٠٠ من خۆم گەرچی سەرچاوە ی ناوەکەیان نازانم رەنگە ئەوە بێ کە ـبەـ تەمای لێبوردنی «دوالجەلال» (خوا) بوبن(*) ٠٠و گەلالەی قسە ئەوەیە: یەکەم کەسێ کە لەم سەردەمانەدا لە وولاتی عوثمانی (روم)دا شۆرشی هەلگیر ساندو بە ناتۆرەی «جەلالی» ناسرا نووسەرێکی گێلو گەوجی وولاتی «روم» بـو ناوی «قەرەیازیجی» بو ٠ ئەم کابرایە لە سەردەمی پادشاییتیی «سولطان محـەمەد خانـی کـوڕی سـولطان موڕادی سێیەم»دا لـە دەوروبەری ـ «ئاماسیە»و «توقات» شۆرشێکی هەلگیرساند،و بەو ماڵو سامانەی کە لە جەردەییو تالانو بڕۆی بازرگانەکان دەستی کەوتبو کۆمەلێك بێ کـارەو سەرگەردانو خوێڕیی لەخۆی کۆ کردبوەو هەر ماوەیێ جارێ هەرێمێکی تالان ئەکـرد، بەم جـۆرە پەیڕەوانـی خـۆی گەیانـدە (٥٠٠٠ر) کەسێك «قەرەیازیجی بە مەرگی خوا مرد دەللی حەسەن بەگی برای جێی گرتەوە و نازناوی «قەرەیازیجي» شی بۆ خۆی هەلبژارد،و لە براکەی پتردە سەلاتی

---

(٩٩) «قەرەچەلە بی» نووسیویە ئەم باسە لە مانگی ذیالحجەیی سالی ١٠١٠ کۆچی یاڕوی داوە (رەوضەت الئەبرار لاپەڕە (٤٩١) ) ٠

(×) لەپێشا باسی هـۆی ناوەکەمـان کـرد، کـە کابرایێ «جـەلال» ناو هەلکەوتووە، داوای مەهدێتی کـردووە وخەلك وخـوای لێ خڕبۆتـەوە پاشان سەرکوت کراوە ٠

پەیدا کرد،و پتر هەراو هوریاو ئاشوبی خستەو ولاتی عوثمـانی ، وپایـەو پلەی بۆ پەیڕەوانی خۆی دانا ، دەولەت ئاسا .

سەرانی دەولەتی عوثمانی لە سەرەتادا زۆر بایەخیان بـە شۆرشەکـە نەدا،و گوێیان لێ خەواند، بەلام کە «حەسەن» جێی «عەبدالحەلیم»ی گرتەوەو، ناوبانگی ئازایێتیو وسەر ڕەقیو دەس بلاوی دەنگی دایـەوە ، لێقەوماوانو سـەرگەردانان پتر لێی کۆبوونەوە .. تەنانەت ڕەوشتـی «حەسەن» بەو جۆرە بو کە ستەمی لە مرۆڤی گەلو لە بازرگانانو خاوەن سامانەکان ،نەدەکرد، تەینابە کوتەکی کوشندە لە تەپلی سەری تۆکـەرانی دەولەتی ئەدا،و هەر لە سەربازو سپاهییەوە تاگەورەترین موچەخۆرانـی قەلاچو ئەکرد، بەم جۆرە دەسو پێوندانی گەیی‌یە پانزە هەزار کەسێکو هەمو هەرێمەکانی «ئەنادولی» خستە ژێر دەست خۆی. سولطانی عوثمانی ترسی کەوتە بەرو دوستوریدا بە «خەسرەوپاشا» بەهێزێ «یەنگیچەری»و قولەکانی دەرگاوە کە پاسەوانانی تایبەتیی سولطـان بـوون ـ شـالاو بکاتە سەر « جەلالی»یەکان. بەلام «خەسرەو پاشا» بەرامبەر بە «حەسەن یازیجی» بۆڕی خـوار دوشکـا، « دەللـی حەسـەن یازیجـی » بناغـەی فەرمانڕەوایی خۆی دامەزراند، پادشای عوثمانی پتر هـەستی بـە تەرگزە کردو، فەرمانی دا بە «حەسەن پاشا»ی والی بەغدا کە کوڕی « محەمەد پاشا»ی سەرەک وەزیربو شالاو بکاتە سەر «جەلالی»کان، «حەسەن پاشا» بەغدای بەجـێ هێشـتو بە هێزێکـی زۆرەوە ڕوی کـردە «تۆقـات»، «حەسەن یازیجی» کە شارەزای ترسنوکیی لەشکری عوثمـانی بوبـو، خۆی سل نەکردو هەندێ لە سەردارەکانی ژێر دەستی خـۆیبە هێـزەوە نارد بۆ بەرانگاریی «حەسەن پاشا»، «حەسـەن پاشـا» بەسـەریانا زال بو، کوشتارێکی زۆری لە «جەلالی»کـان کـرد،و پاشماوەیـان بلاوەیان لێکرد . کە «حەسەن یازیجی» ئەم هەوالەی بیست ، بە هێزێکی زورەوە

له «تۆقات» هاتە دەرەوەو ڕوی کردە سپای ڕوم (عوثمانـی)، کەدیلـه ووزەیا نی‌یە بەرانگاری‌ی «حەسەن‌پاشا» بکات بە دوسێ هەزار کەسـەوە هەڵاتو خۆی گەیانـدە چیاە «حەسـەن پاشـا»ی سەرکەوتـو، چولـه «توقات» لەشکر بەزی کردو وبێ خەمانە گۆی‌ی لە «جەلالی» خەوانـدە «حسن پازیجی» هەلی دەس کەوت « جەلالی » کانی کۆکردەوەو ماوەیێ خۆی‌خڵەفاندو بە جۆرێ خۆی مات دا کە دەولەتـی عوثمـانی لێی بـێ ئاگامایەوە، « خۆشی » بەدزی‌یەوە هەواڵی وەرئەگرت : کە « حەسـەن پاشا»ی لە خۆبایی ، کەوتۆتە عەیش‌و نۆش‌و لەوان بێ خەبەرە، لەپڕ بـە حەوت هەزار کەسەوەڕوی کردە «توقات»،و لە خۆشیی‌بەختی لەم کاتەدا تووشی بنەو بارخانەکەی «حەسەن پاشـا» بو کـە بە سەرپشتـی هـەزار ووشترێکەوە بو،و هەزار سەرباز پاسیان ئەکـردو ئەیانپاراسـت، جـادای بە سەریاناو ئەو هەمو گەنجینەو ماڵو سامانـەی بە جـارێ تالاّن کـرد، وبەسەر پەیرەوانی خۆیا دابەشی کرد[99]، «حەسەن پاشا» لە تاوان سەری لێ تێکچو، لە باتـی ئـەوەی بکەوێتـە دووی «حەسـەن یازیجـی»، لا «نارین‌قەلاّ»ی «توقات»دا خۆی قایم کرد. «حەسەن یازیجـی» شـاری «تۆقات»و قەلاّکەی گەمارۆدا .. «حەسەن پاشا» لە قەلاّکەدا بەر گوللەی وێل کەوتو کوژرا، (هەندێ ئە لێن لە حەژمەتان خـۆی ژار خوارکـرد)و «حەسەن یازیجی» قەلاّکەی داگیر کرد ولاشەکەی «حەسـەن پاشا»ی لـە دەرگای قەلاّکەدا هەلواسی، و بەم جۆرە دەسەلاّتی پتر پەرەی سەند[100]

ساڵی ١٠١١ کۆچی «نـوح پاشا» بەپایـەی وەزیـری کرا بە سـەر دارسپای عوثمانی‌و نێردرابو سەر «جەلالی»یەکـان بۆ بلاّوەپێ کردنیـان، کەچی «جەلالی»یەکان پتر پەرەیان سەنـدو «غازی‌گـرای خـان» وبـراو

---

(١٠٠) رەوضـەت الئـەبـرار (٤٩١ ـ ٤٩٥) وعالـەم ئـارای عەببـاسی (٧٦٥ـ٧٦٨)بەرگی دوەم .

برازاکانی هەمو خۆیان دا یە پاڵ «جەلالی»کان، جا «جەلالی»یەکان شاری «کوتاهیە»یان تالآن کرد،و لەبەر ئـەوەی «حـافظ پاشا» زۆ رخوێڕییانـە جوڵایەوە لە کار دەرکرا •

ساڵی ١٠١٢ك کە «نوح پاشا» بەرامبەر بە «جەلالی»کان سستی کرد، نیشانەکانی شانی کرایـەوەو درا بە «نەصـوح پاشـا»،و فەرمانـی بڵاو کردنەوەی جەلالیکانی درایێ • وهەر لەم ساڵەدا «دەللی حەسەن پازیجی» پاش شاڵاوەکەی بۆ سەر «کوتاهیە» داوای لێبوردنی کرد لە سولطـان، بەو مەرجەی بکرێ بەوالیی یەکێك لە هەرێمەکانی نزیك فەرەنگستـان (ئەوروپا) کە لەوێ بە «غەزا» وەخەریك بێ ، بەفەرمانی سولطانی کرا بـە والیی «بوسنە» وکۆمەلی لە پەیڕ وانی خۆیی لەگـەڵ خـۆی برد • لـەم سەردەمەدا «سولطان محەمەدخان» مردو «سولطان ئەحمەد»ی کوڕی لەسەر تەختی سەلطەنەتی عوثمانی دانیشت •

ساڵی ١٠١٣ کۆچـی «قەرەقاش ئەحمـەد»و «عـەلی جـان پـولاد» سەرداریتی، «جەلالی»یان گرتە ئەستۆ،و هەرایان هەڵگیرسانـەوە، لـەم حەلەدا «سەنان پاشا جەغالەزادە» کـرا بە سەردارسپـای عوثمانـیو لە «ئەسکودار»ەوە کەوتە ڕێو هەڵی کوتایە سەر «جەلالی»کانو پـلاوەی بێکـردنو کوشتارێکـی زۆری لێکـردنو «سیـواس»ی داگیرکـرد، « قـەرەقـاش ئەحمـەد » بـە خـۆیو پەیڕەوانییەوە کەوتە یاریـدەدانی «سەنانپاشا» دژی سپای «شاە عەبباسی صەفەوی»، «سەنان پاشا» لـە پاداشا سەرداریتی سە نجەقی «چلدر»ی لە «ئەرضروم » دابێ بەو مەرجەی کە خۆیو جەلالیکان لەوێ دامرکێنێ، بەڵام «عەلیجان پولا زادە » چولـە دەوری «حەلـەب» شـۆرشی بەرپـا کـرد، وکەوتـە رووت کردنـەوەی بازرگانانی موسوڵمانو فەرەنگ(١٠١) هەر لەم سالـەدا «دەللـی حەسـەن

(١٠١) رەوضـەت الئـەبـرار (٤٩٥ _ ٥٠٠) وعالـەم ئـارای عەببـاسی (٢/٧٦٨، ٧٦٩) •

یازیجی» له «بوسنه»وه گۆیزرایەوە بۆ «طەمشەوار» ولەبەر ئەمەی وازی له ڕەوشتی جەلالیتی نەهێنا بو خنکێنرا، بەلام لەهەمان کاتا «سەنان پاشا» بۆ ئەوەی هەرای ناو ولات نەهێلی و،بەرانگاری «شاعەباس صەفەوی» بوەستێ «عەلیجانپولا»ی کردە والی «حەلەب» و نامەی بۆ سەرانی ئەوناوە نووسیو داوای لێکردن یارمەتی سپای عوثمانی بدەن «عەلیجان پولا» بە هێزەکانی جەلالیەوە لەگەل سپای شاعەبباس کەوتە شەڕەوە، کە «سەنان پاشا» لە «تەوریز بەرامبەر بە سپای «صەفەوی شکستی خوارد، لەم کاتەدا «عەلیجان پولا»و «جەلالی»یەکان هەلاتنو بەرەو «حەلەب» گەڕانەوەو لەوێ ئاشوبیان بەرپاکرد و بیست هەزار کەسێکی خوێڕیو چەپەلیان لێ کۆبووەوە «محەمەد پاشا قەلەندەر زادە»ش کە «سەنان پاشا» کردبویە سەرداری «خەمیس» ئەویش هەلات وخۆی دایە پال «جەلالی»یەکان،و ئەوەندە بەهێز بوون لە «بروسە»وە تا «ئەرزروم» لە ژێرسمي ئەسپی «جەلالی» یەکانا ئەینالاند «سولطان ئەحمەد» وازی لە جیهان گیری هێناو کەوتە بیری سەرکوتکردنی شۆرشی ناوخۆی وولات، وسپای عوثمانی بە فەرماندەیی «نەصوحپاشا» روی کردە «حەلەب» ولەم گاڤەدا «حوسین پاشای جانبولا» میری میراني ئەو ناوە بو لە پاش شەڕێکی قورس «نەصوح پاشا» شکستي خواردو داوای هێزی لە «سەنان پاشا» کرد، لەم کاتەدا فەرماندەیی بەشی لە «جەلالی»کان، هی «داود پاشا» ناوێ بو •• «سولطان ئەحمەد خان» «سەنان پاشا»ی لاداو «مراد پاشا»ی لەجێی ئەو کردە سەردارسپا، بەپایەی وەزیری، وناردی بۆ سەر«جانپولا»، «جانپولا» بە بیست هەزار جەلالیە وەبەرانگاری «مراد پاشا» بو، وتێ شکاو بلاوەیان لێکرد، و«مرادپاشا» گەڕایەوە بۆ سەر «جەلالی»یەکاني تری کە پەیڕەوی «محەمەد پاشا قەلەندەزرادە» بوون، و«قەرەسەعید» ناوێکی شیخی عەرەبیش کە بە ئازایی ناسرابو لەگەلیانبو •

سالی ١٠١٦ کۆچی سپای عوثمانی بە فەرماندەیی «خادم گورجی محەمەد پاشا» لە سای سەردارێتی «مورادپاشا»دا لە «ئەنادول» ڕوی کردە «جەلالی» کان وبەسەریانا زاڵبوون، ئا لەم کاتەدا سەرانی «جەلالی» ئەمانە بوون: «محەمەد پاشا قەلەندەرزادە، قەرا سەعید عەرەب، براکەی ئەویل، کورد حەیدەر، ئاغا جەدن بیری، کە کەج محەمەد، حوسەین بەگ ئەزماوت، قەراحوسەین، وتوپال عیسا» ئەمانە کە هەرێمەکانی «حەلەب»و «طەرسوس»و «سیواس» یان هێنا بووە فەریادوفیغان، پاش شکستخواردن هەمو رویان کردە ئیرەوان[١٠٢] ٠

لەم سەردەمەدا (سالی ١٠١٦ کۆچی) «محەمەدی کوڕی طەویل ئەحمەد» لەبەغدا شۆرشی هەڵگیرساند بو، ئەیەویست وولاتەکە سەر بە خۆیانە ببات بەڕێوە٠ بەلام «نەصوح پاشا»ی والی دیار بەکر بە ٤٠ هەزار کەسەوە نێردرا بۆسەرکوتکردنی، وئەم کارە سپێردرا بە «جەغالە زادە» کە لەوەبەر دۆستبو لەگەڵ مەحمودپاشا وسەردارانی کوردو عەرەب «ئەبوریشەو موحەنازادە، سەیدخان، ومیرانی سوران»و عێلوخێلاتی تریکوردو عەرەبجا مەحمود پاشا کەگەیی یە «موصل» نامەی نوسی بۆ سەرتیپو سەرلقەکان، کە لەوەبەر لە کار لابرابوون، ئەوان شەوێ شۆرشیان کرد و «سەگبانە» کانیان هەمو کوشت، ولەم کاتەدا «شاعەبباسی صەفەوی ٤٠ هەزار کەسی نارد بۆ فریای، بەلام سپای عوثمانی بەغدای داگیر کردەوەو شەڕەکە دامرکایەوەو «طەویل»کە خەریک بوبچێ بو یارمەتی «قەلەندەرزادە» هەمو سپاکەی قەلا چوکرا٠٠

وەک لە سەرەوەووتمان «جەلالی یە»کان پاش ئەمەی گەیشتنە ئیرەوان (یەریڤان) «ئەمیر گونەخان» پێشوازی لێکردنو پەیامی ناردبۆ

---

(١٠٢) رەوضەت الئەبرار (٥٠٠ـ٥١٥)، وعالەم ئارای عەبباسی (٧٧٠،٧٦٩/٢)

«شاهعەبباس»، ئنجا «حوسەین بەگ ئەزماوت» بە ناوی «محەمەد پاشـا قەلەندەر زداه»و سەرانی جەلالی یەوەچـو بۆ بارەگای «شاه عەببـاس» ، «خۆش‌هاتن» لیٚ کردنیان وخەرجیو ئازوقەوفەرمانو نیشان پیٚ‌دانیان(١٠٣)

تاڤیٚرە بۆمان دورکەوت کە «جەلالی»یەکان، یەك عیٚلو یەك خیٚـلو مرۆڤی یەك هەریم نەبوون، (موسولمان، مەسیحی، شیعی، سوننی، دروزی، کورد، تورك عەرەب) بوونو لە بروسەوە تا حەلەب، بە هەمو ئەوانەی دژی دەوڵەتی عوثمانی شۆرشیان هەڵگیرساندووە (پاش ئەوەی کـە «جـەلال» داوای مەهدیٚتی کردووە،و ئاشوبی ناوەتەوە) ووتراوە «جەلالی» .

## جەلالی‌یەکان لە ئیٚرانا :

جەلالی‌یەکان کە گەیشتنە ئیروان (یەریڤان) «ئەمیـر گونەخان» لـە «ئوچ‌کلیسا» داییەزاندن،و خیٚوەتو خەرگـای بۆهەڵـدان،و ئازوقـەو خواردەمەنی وسوتەمەنی بۆ ئامادەکردن،و کۆمەڵەی سەردارانو سەرتیپانو سەرلقان وپیاو ماقولاٚن وریش سپیٚ‌کانی خولك کردە سەر سفرەی خـۆی، کە نزیکی دوو سیٚ هەزار کەسی ئەبـوون، پاش نانخـواردن، داوای لە سەرداران کرد لە بارەگادا بحەسیٚنەوەو خۆیان لە تۆزی ریٚگە پا ڤژ بکەنەوە، و گەرماوەیان بۆئامادە کرا . شەو کەسەرانیان حەسانەوە لـە دیـوانـی « ئەمیر گونەخان»دا کەوتنە باسی ئازاییو هەڵمەتی شیٚرانەی خۆیان، لیٚرەدا «قەراسەعید» گاڵتەی بە «محەمەدپاشا» کردو بەترسنۆکي و دڵپیسـي تاوانباری کرد، کە دیٚوخانی «ئەمیر گونەخان» هەستانو چوونەوەبۆ ئوچ کلیسا لە ریٚ « پاشا »و «قەراسەعید» بوو بـە شەریان و « پاشـا » «قەراسەعید»ی بریندار کرد، «کورد حەیدەر»و «ئاغاجەدن بیری» کەوتنە

---

(١٠٣) رەوضـــەت الئەبـرار (٥١٥ـ٥٢٨) وعالـــەم ئـارای عەببـــاسی (٧٧٢،٧٧١/٢)

ناوبژیو له یەکیان دابڕین ، بەم جۆرە کۆمەڵەی «جەلالی» بوونە سێ لق : «قەراسەعیدو براکەی طەویل»و دەس وپێوەندانیان لقێ، «پاشا»و نۆکەرانو دەسو پێوەندانی لقێ، و«کورد حەیدەر»و «ئاغا جەدن بیری»و ماورێ کانیان لقێ بەم جۆرە چەند ڕۆژێ لە «ئوچ کلیسا» مانەوە، وپاشان رویان کردە «تەورێز»،و لە لایەن «پیربوداق خان»ی میری تەورێز،و «خواجە محەمەد رەضا»ی وەزیری ئاذەربایجانەوە پێشوازی کران،و هەر لقە لە جێیێ دانران، وئازوقەو پێتەو یستیان بۆئامادەکرا ٠ پاشان «تەورێز»یان بەجێ هێشتو ڕویان کردەوە «عیراق»٠ لەم کاتەدا «ئیعتیمادالدەو لە»ی ئەسپەردەی «شاە عەبباس» کەوتە ڕێ بەرەو «تەورێز» وئەوان لەوە ئاگادارکرانەوە٠ «ئیعتیمادا لدەولە»گەیی یە «تەورێز» وڕمو چەکی پێویستو جلو بەرگو خەرجی بەسەریانا بلاّو کردەوە ، بۆ نمونە : لە «خوردچای» قەرەحوسەینو صەت کەس ولە زەنجان «کەکەج محمد وپێنج صەت کەس،ولە نیکپەی عەلی بەگ دینائي وسێ‌صەد کەس وقولی بەگ کورد وصەد وچل کەس وکورد عەلی وسێ صەد کەس ولە «میانە» «ئەحمەد یازیجی سەرتیپ» وچل کەس، بەم جۆرە تووشی «ئیعتماد الدەولە» بوونو خەرجو ئازوقەیان وەرگرت،و خەلاتو جلو بەرگیان بەسەرا دابەش کرا، وبنکەیان بۆ دەس نیشان کرا،و هەر لە خۆیان پاسەوانو دەرگەوانیان بۆ دانرا ٠ ٠

ئیعتیماد الدەولە» کە گەیشتە دێی «فەهوسفەج»ی نزیک « تەورێز » « خواجە محەمەد رەضا»ی وەزیری ئاذەربایجان،و « بوداق خانی میری تەورێز» بە لەشکری بەچەك ڕازاوەوە هاتنە پێشوازی،و «جەلالی»یەکانیش کە لە «تەورێز» بوون بە درێژایی شەقامەکە، کە نیو فەرسەنگە ( واتا سێ کیلومەترە ) بە سواری وپیادەیی لەم بەرو ئەو بەری شەقامەکە بۆ کڕنوش ڕیز بوبون ، وژمارەیان دە هەزار کەسێ ئەبو (پیادەی

تفەنگدارو سوارەی ڕم بەدەس) ، ولەگەڵ ئەوەشدا کە «جەلالی»یەکـان متمانەیان پێ نەدەکرا، بەلام «ئیعتیماد الدوەلە» پێشیان کەوتو لە بنکەکانی جیهسانشا هی دامەزران لەم کاتەدا هـەواڵ گەیی کـە «ئیبراهیـم پاشـای ئەکمەکچیی زادە» بە بیست هەزار کەسەوە کەوتۆتە دوی «جەلالی»یەکـان، لەبەر ئەمە «ئیعتیماد الدەولە» دوستوری دا بە «پیربوداق خان» کەبە سپای یەچەک ڕازاوەوە بەرەو «خۆی»و «سەلماس» بڕواتو هەواڵی دەورو بەری «وان» بزانیو «ئەمیر گۆنەخـان» یش چـاوی لەسـەر سنـورەکـانی « ئیرەوان » بێ •

«پیربوداق خان» کە بیستی «ئەکمەکچی زادە» گەڕاوەتەوە، هاتەوە بۆ «تەوریز»ەو پاش چەند ڕۆژێ «ئیعتماد الدەولە» چووە دیدەنیو سەردانی «محەمەد پاشا»و «براکەی طویل و قەرەسەعید وئەو دووای سەرداران ومیران وبۆ ئەوەی کە هەر سەربازە لە ئازوقە وموچە بێ بەش نەمێنێ– سەرژمێری کران ودەرکەوت ژمارەیان (١٣٫٦٠٥) کەس بوو ، لەمـانە دە هەزاریان شەڕکەرو وئەو دوایان مەیتەرو تەوڵەچیو خوبزەو تۆکەر بوون •

ئیعتماد الدەولە، مێوانی یەکی زۆر گرنگی بۆ تەرتیب دان، لە باغـی «جیهان شاهی»، وپاش ئەوە خەلات و بەراتی بە سەردا دابـەش کردن ، پاش ئەوە «ئیعتیماد الدەولە» «محەمەد پاشا»و کۆمەڵێ لە سەرانی دیاریو ناسراوی لەگەڵ خۆی هەڵگرتو بردنی بۆ بارەگای «شاە عەبباس»، بەلام هەندێ لە سوارانی «جەلالی» لەگەڵ دەسو پێوەندانی «محەمەد پاشـا»ی سەرۆکیان لێیان بو بە شەڕو هەراو ناچار «ئیعتماد الدەولە» خۆی کەوتە نێویانو لە یەکی جـوێ کردنـەوەو هەندێکـی فەلاقەکـردن(!!؟) • پاش گەیشتنە «ئەصفەهان»و حەسانەوە چەند جارێ بە دیداری «شاە عەبباسی صەفەوی» دڵشاد بوون !!

سالی ١٠١٧ کۆچی «مصطفا پاشای کوڕی ئەحمەد طەویل» کە پاش شەڕی بەغدا کرا بوبە «میر سەنجەقی حلە» ویستی خۆی بکویزێتەوە بۆ «کەرکوک» (کەرکوک)ی سەر بە «شارەزور» بەلام والی بەغدا لە نیازی دلی تێ گەییشت، ویستیان سزای بدەن ، بە دزی یەوە هەلات و بۆی دەرچوو بۆ ئێران بۆ ناو «جەلالی»یەکان ، جا هەر وەك زۆربەی «جەلالی»کان بە ئێرانا بلاو کرانەوەو سەردارەکانیان بەپلەو پایە گەییشتن، هەروا ئەم «مصطفا»یەش کرا بە ئەمیری «سونقور»ی سەر بە «عەلی شوکور»ی هەمەدان •

هەر لەم سالەدا «شاه عەبباس» کەوتە بیری داگیرکردنی هەموو وولاتی کوردەواری‌ی لە دەس چوی ئێران، هەر لە «ئەردەلانە»وە تا «دییار بەکر» کە لە شەڕی «چالدیران»دا عوثمانی داگیری کردبوو••و ئەم هەلەشی بە خۆش بەختی ئەدایە قەلەم کە بەهۆی «جەلالی»یەکانەوە ڕەخنە بکاتەوە ناووولاتی عوثمانی • لە سەرەتادا بڕیاری دا « جەلالی » یەکان بەسەرانی قزلباشەوە بە کوردستانا بلاو بکاتەوە، بە جۆرێ کە ڕێی شۆرش بەرپا بوون (لە کوردستانا) ببەسێ و بۆ ئەم نیازەی خۆی «محەمەد پاشا قەلەندەرزادە»ی ناو نا«میری میران»و بڕیاری دا کە لە کویستانە خۆشەکانی «مەراغە»دا جێ بۆ خۆی وپەیڕەوانی بکاتەوە •

«شاه عەباسی صەفەوی» لە «قەزوین» خێوەت و بارەگای هەلدا، وفەرمانی دا بە «حەسەن خانی استاجلوی» بە گلە ربەگی هەمەدان و عەلی شوکور بە هەزار کەسەوەو، « ئەسکەندەر سولطان » بە هەزار کەسەوەو، «نیعمەت اللاەسولطان میر صوفی» بە چوار صەت کەسەوەو «خەسرەو سولطان » بە حەوت صەت کەسەوەو، « قەپان سولطان بیگدلی شاملو » سەرداری «گاورود»و «سارو گورگان» بە چوار صەت کەسەوەو، «خەلیل سولطان» بە سێ صەت کەسەوە، هەموبچنە «مەراغە»و «قوبادخانی موکری»

سەرداری ئەویش لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن‌و لە ژێر ئالای سەرۆکایەتی‌ی «محەمەد پاشای جەلالی قەلەندە زارە»دا ڕوو بکەنە «کوردستان»و تا «دییار بەکر» داگیری بکەنەوە، هەر کام لە سەردارانی کورد ، ڕووی خۆشی نیشان داو بە مرۆڤی خۆیەوە دووایان کەوت تەرخان بکرێ‌و لاقەی عێڵ‌و خێڵ‌و ماڵ‌و سامانی نەکرێ،و هەر کەس ڕووی تورشی نیشان‌داو لام‌و جیمی کرد، قەلا چو بکرێ‌و ماڵ‌و سامانی خۆی‌و عێلی تالان بکرێ‌و شوێنەکەیان بدرێ بە جەلالی‌یەکان‌و، هەمو بە جارێ ڕوو بکەنە «ئەرضروم»و لەوێوە بچنە یاریدەی «ئەمیر گونەخان»ی بە گلەربەگی «چخورسەعد» •• هەروا فەرمان درا بە «ئەمیر خانی برادۆست»ی سەرداری «ئورمی‌یە»ش ، کە شارەزای هەمو کون‌و قوژبنێکی کوردستانە لە پێشیانەوە سەرقەراوڵ بێ• هەر کە ئەم هەواڵە بە کوردستانا بلاو بووەوە «شاه عەبباس» لە ترسی پاشە ڕۆژ «ئیمام قولی خانی» ئەمیر دیوانی «لار»ی، لە پێشا بە تیپێ سەربازەوە ناردە سەر سنوری «سەلماس»ی لای کوردستان •

هەر لەم کاتەدا « محمد باشای قەلەندەر زادەی جەلالي »ش لەوە کەوتە گومان کە «کوردحەیدەر» هاوکاری‌ی لەگەڵ بکات، جا بە دزی‌یەوە دوستوری داکوشتیان •

هەروا ئاشکراش بو کە «ئەمیرخاني برادۆست» (خانی لەپ‌زێرین)یش کە خێوی «قەلای دمدم» بو، نەئیەویست بێتە پێش قەراول بۆ شالاو بۆ سەر کوردستان،و بۆ هاوکاری لەگەڵ «حەسەن خانی استاجلو»و، و«محەمەد پاشا جەلالی» جا «شاه عەبباس» دستوری دا لە سەرەتادا شالاو ببەنە سەر قەلای « دمدم »و داگیری بکەن‌و « ئەمیرخان » سزا بدەن ئنجا سپابخەنەڕی(١٠٤) وەکو بە درێژە باسی ئەکەین، لە زمانی ئەسکەندەر بەگەوە چونکە قسەی دوژمن پتر جێی باوەڕە •

---

(١٠٤) عالەم ئارای عەبباسی (٢/٧٧٠-٧٩١)

## ئەمیرخان کێبو وقەڵای دمدمی چۆن دوروست کرد ؟

ئەسکەندەر بەگی تورکمان نووسیویە : «ئەمیر خان لە عێلی برادوستی کورد بو لەسەردەمی شاە طەهماسپی صەفەوی‌دا (٩٣٠ – ٩٨٤ک–١٥٢٤–١٥٧٦ز) کابرایێکی «قەرەتاج»(١٠٥) ناو لە عێلی «برادۆست» خۆی خستە ڕیینری «شاەسیوان = شاە خۆشویستان»ەکانو بووبە یەکێ لەیاوەرانی دەولەت، «شاە طەهماسپ» هەرێمی «تەرگەوەر»و «مەرگەوەر»ی سەر بە ویلایەتی «ئورمی»یەو «شنو»ی دا بە ئەو .. پاش مەرگی شاە کە ڕومی‌کان (عوثمانی) مرخیان لە وولاتی «ئازەربایجان» خۆش کردو عێل‌و خێلەکانی سەر بە دەولەتی «صەفەوی» ڕوویان وەرگێڕا بەلای عوثمانی‌دا «شاە محەمەد بەگ»(١٠٦) ناوێ، بە فەرمانی پادشای عوثمانی بو بە میری عێلی «برادۆست(١٠٧)»و بە میرسە نجەڤی ئەو ناوە، ئەمیر خان سەری بۆ دانەنواند، وهەردەمە ئەبو بە یاوەری یەکێک لە میرانی کورد،و ماوەیێ بو بو بەیاوەری «عومەر بەگ»ی فەرمانڕەوای سۆران،و لە شەڕیکا لەگەڵ دوژمنانی «عومەربەگ»دا دەستێکی بڕاو بە « ئەمیر خانی یەکدەست » ناوبانگی دەرکرد(١٠٨) .

---

(١٠٥) من لام وایە ئەم «قەرەتاج»ە هەر «قەرەخان»ی کوڕی ناصر بەگی کوڕی شیر بەگی کوڕی شیخ حەسەنی کوڕی کیشی کوڕی سولطان ئەحمەدی برا دۆستە ، سرنجی درەختی بڕبڕە پشتەکان بدەن کە لە پاومانی سپیارە کەدایە .

(١٠٦) شاە محەمەد بەگ کوڕی یوسف غازی قرانی (بە ناوبانگ) کوڕی سولطان ئەحمەدی برا دۆستە، وبە گومانی من خانی لەپزێرین ئامۆزازایەتی .

(١٠٧) عێلی برادۆست لە سەرەتادا گۆرانن، کرمانج نین،و سەردارەکانیان بە بنەچەکە ئەچنەوە سەر بنەماڵەی «حەسەنوەیهی»ی بەرزیکانی ، فەرمان ڕەوایانی دینەوەرو شارەزور

(١٠٨) عالەم ئارای عەبباسی (٢/٧٩٢)، . با لێرەدا ئەوە ڕون بکەمەوە : کە چاترین سەرچاوە بۆ باسی «قەلای دمدم»و «قەلاچوی موکری» عالەم

لە دەورانی شاە عەبباسی صەفەوی (یەکەم)دا (۱۹۹۵ ـ ۱۰۳۸ك ـ ۱۵۸۷ـ۱۶۲۹زا) کە سپای ئێران ڕوی کردە «نەخچەوان»و «ئەریوان» بۆ داگیرکردنەوەیان ، ئەم « ئەمیر خانی یەکدەست »ە هاتە بارەگای « شاە عبباس»و دەری بڕی کە لە «شاە خۆشویستانە ، » شاە سەردارێتیی برادۆستو هەرێمەکانی «مەرگەوەر» و «تەرگەوەر»ی پێ سپاردەوەو، نازناوي «خان»یشي پێ دا،و هەرێمەکانی «ئورمی یە» و «شنو»ی سەر بە «ئاذەربایجان»یشی دایێ و دوستوریشی دا کە زێڕنگەران لە زێڕی سووری بە گەوهەر نەخشراو دەستێکی بو ساز بکەن، جا دوروست کراو، لە قۆلی بەسترا وبەم جۆرە بووە بە خانی لەپزێڕین ) •

ئەمیر خان بە ئازایی‌و دلێری‌ی خۆی چەند هەرێمێکی کوردنشینی لە ژێردەستی دەوڵەتی عوثمانی دەرهێناو ناوی لە ناو سەردارانی کوردا بە پایەبەرزی و هێزي زۆر ناسرا، ژمارەیێکی زۆر لەسەرداران‌و میرزادەیانی عێلاني کورد بوون بە یاوە رودەس‌و پێوەندی• هەرکە «ئەمیر خان» ئەمەی بە خۆیەوە دی لە خۆی بایی بوو،باي خۆپەسەندی چوو بە لووتیا•••جالەم سەردە مەدا کە «جەغا لە زادە»ی سەرەک وەزیری عوثمانی سپای هێنایە سەر ئاذەربایجان‌و، شەڕی قورس لە نێوان دوو دەوڵەتا ڕووی دا لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمیرخان لەهەرێمی شاە عەبباسەوە زۆر نزیك بو خۆی دوورە پارێزگرت‌و یارمەتی سپای شاە عەبباسی نەدا، پاش شکست خواردنی «جەغالەزادە»و، سەرکەوتنی « شاە عەبباس » کاتێ کە سپا لەویلایەتی «سەڵماس» لەشکر بەزی کردبو، «ئەمیر خان» هاتە بارەگای «شاە»و

---

ئارایە ، گەر چی « ئەسکەندەر بەگ » جنێوبە کورد ئەداو قسەی ناشرین ئەکا، بەلام باسي ئازایەتی ومەردایەتی کوردان،و شکست‌خواردنی قزڵباش‌و جەلالی‌کان زۆر ڕاست وڕەوان ئەگێڕێتەوە ئێمە گەلاآەی باسەکان وەرئەگرین‌و خوێنەران ڕێ بە دێیی ئەکەین بۆ سەرچاوەکان• ئەوەش دەبێ بزانرێ کە «بەیتە» کوردی‌یەکان تووشی زۆر دەسکاری هاتوون•

کەوتە پۆزش‌و بە هانە هێنانەوە، «شاه عەبباس» کە لە وکاتەدا ئەیەویست دڵی کوردەکان بەلای خۆیا ڕابکێشێ، چاوی لە تاوانەکانی پۆشی‌و ماوای دابگەڕێتەوە هەرێمەکەی خۆی بەلام هەر چەند «ئەمیر خان» خۆی بە «شاه خوشویست» ئەدایە قەلەم، وەلێ دیسانەوە لە ناخی دڵیەوە دوژمنی «قزلباش» بو،و هەرکە گەیشتەوە هەرێمەکەی کەوتە ڕقەبەرێ ونگریسی لەگەڵ سەرانی قزلباش‌و خەیاڵی خاوی سەربەستێتی‌و سەربەخۆیی لە ناخی دڵی خۆیا چاند،و کەوتە بیری دوروستکردنی قەلاێیکی عاسی‌و سەخت،و نامەی نووسی بۆ وەزیرانی دەربارو بۆ سەرەك وەزیرو فەرماندە :« کە قەلای کۆنی ئورمیە قەلاێیکێ رزیوەو، دژێکی کۆنە ساڵە ، ئەگەر تازەش بکرێتەوە دیسان بە کەڵکی خۆپاراستن لە دوژمن نایێ‌و، جێگەی پێیا ڕایەڕموون نی‌یە، ئەگەر شاه ماوە بفەرموێ، قەلاێیکی قایم لەجێ یەکی هەموار ساز بدەم وبتوانم خۆم‌و ماڵ‌و منال‌و کەس‌و کارمی تێدا لە ناحەزان‌و دوژمنان بپارێزم...تاد...) شاه کە لای وابو دڵسۆزو دڵپاکە ماوەی دا، ئەویش بە دورایی سێ فەرسەنگ (واتا ١٨ کیلومەتر) لە ئورمی‌یەوە، لە خاکی «تەرگەوەر»دا لەسەر کێویکی بەرز، قەلاێیکی تازەی بە دڵی خۆی دامەزراند، گۆیا لەم جێگەیەدا بە رلە پەیدابوونی ئیسلامەتی قەلاێیکی سەخت هەبووەو ڕۆخاوەو لە ناو کوردانا بە قەلای «دمدم(١٠٩)» ناوبانگی دەرکردووە ..

پیربوداق خانی (پەڕناك) میری میراني تەوریز ـ کە پیاوێکی زرنگ وهوشیارو دوور بیین بو ـ هەر کە بیستی «خانی لە پزێرین » قەلاێیکی وەها سەخت دوروست ئەکا هەستی بەوە کرد کە خەیاڵی یاخێتی داوێتی لە کەللەی، لەم بارەوە نامەێیکی بۆ «شاه عەبباس» نووسی : وبۆی ڕوون

---

(١٠٩) لە شەرەفنامە فارسی‌یەکەدا (١/٣٧٦)ناوی ئەم دژە «قەلعەداوودە»، هۆی ناوەکە لەمەو دوا دەر ئەکەوێ .

کردەوە کە «ئەمیر خان» خەیاڵی یاخێتیی لە سەرایەو، داوای لە شاە عەبباس کرد : کە فەرمان بدات بە قەدەغەکردنی لەو کارە، جا فەرمانی شاەهاتو، «پیربوداق خانی پەڕناک»یش ئەسپردەیێکی نارد بۆ لای «خانی لەپزێڕین» کە دەست لە دوروستکردنی دژە کە هەڵ بگرێ •• بەڵام کوردانی برادۆست، ئەسپردەکەیان لە ڕێ کوشتو «ئەمیرخان» یش قەڵای خۆی تەواوکرد ••

« قەڵای دمدم لەسەر کێوێکی تاشەبەردي درێژکار دامەزرا بو ، سەر پشتی ئەم چیا زەردە وەکو پشتی گا وەها بو ، لای باکوڕو باشوڕی دوو شیوی قووڵی هەزاربە هەزار بوو ، ئەمەندە بەرز بو، مەگەر بە «پێ پلکەی-خەیالا» ڕابوردایە کە بیر بکرێتەوە لەوە چۆن پێ یا سەرکەون•• ئەم قەڵایە لەم دوو لایەوە نیازی بە شوورەو دیوارنە بو، تاشە بەردە کە هێندە لووس بو کێچی پێوە نەدەوەستا •• ئەمە درێژاي بو •• لای پانایی‌یەکەی کێوەکەش سەرتا سەر بە دیواری قەڵاکە ڕێ بڕ کرا بو، لە ناو شوورەی پۆلایینی ئەم قەڵایەدا چەند بورجو باروو،و سەنگەری بەرزی سەر لە «کەڵکەڵە»ی عاسمان دوروست کرابو•• بۆ هاتو چونی ناو ئەم قەڵایەتەنیا یەک دەروازە هەبو ، بە دەوری شووڕەی یەکەمی قەڵا کەدا شورەیێکی زۆر بەر بڵاو دوروست کرابو ، لای باشوڕەوە دەرگایێکی بۆ هێڵرا بووەوە ، تەینا ڕێگەیێکی بۆ ئە چو ، کە تەینا یەک سواری پێ‌یا تێئەپەڕی• لای خۆرهەڵاتی شاخەکەش تاشە بەردێ بو لووسو بڵند بە ئەندازەی‌یەک تیرها وێژ• ئەم تاشە بەردە نەکون دەکرا، نە دەڕوخێنرا •• لای پاومانی (پێ‌پیسنی) ئەو تاشە بەردەوە بورجێکی قاییم دامەزرێنرا بو، کە دوژمن دوور بخاتەوە لەوەی بنی شاخەکە بکاتە سیپەو مکۆ• لە ناو قەڵاکەشا چاڵاوێکی زۆرزل هەبو بە ئاوی بەفرو باران پڕئەبو•• لای باکوری قەڵاکەشەوە لە شیبوەکەدا کانی‌یەک هەبو• ئەم کانی‌یە دەر درابو، پاگژ کرابووەوە حەوضێکی زلی بۆ دوروست کرا بو ، بە شەوێک

ئاوی کانی‌یەکە پڕی ئەکردو، بەشی ڕۆژێکی تەواوی هەمو دانیشتوانی قەلاکەی ئەکرد. لەسەر ئەم حەوضە ژووریْ دوروست کرابو ، لە دوورەوەو، لە دەرەوە نەئەبینرا، دیوارەکەی لای دەرەوەی قولنگەو وگوللە تۆپ کاری لێ نەدەکردو بە جۆرێکی وەها بە گاشە بە رد پۆشرا بو کەس ڕێی پێ نەئەبرد،و خۆلێکی زۆرریشی بەسەردا کرابو.. بۆ گەیشتن بەم کانیو حەوضە یەك ڕێگەی نهێنی هەبو ، ئەویش لە ناو قەلاکەوە بو، لای باشوری ناو قەلاکەشدا چالێکی زۆر گەورە بۆ کۆکردنەوەی بەفری زستان ئامادە کرابو، ئاوی بەفرەکە لەو چالەوە ئەچووە ناو حەوضە گەورەکە .. ئەمانە هەمویان سەریان پۆشرابو .

قەلاکە لە ناوەوە بڕێتی بو لە پێنج قەلا : یەکەم : قەلای گەورە بوو، کە مالو مندالو نۆکەرانی خانی لەپ زێڕینو خانانو سەردارانی تیابوو . دووەم : قەلای خوارەوە بو کە بۆ پاراستنی ڕێگەکە، لە دوژمن، دامەزرا بو. سێ‌یەم: قەلایێ بو کە بۆ پاراستنی حەوضو کانی‌یەکەی ناو شیوەکە دامەزرا بو، کە ڕێگەی هەر لە ناو قەلاکەوە بو. چوارەم : قەلایێ بو بۆ پاراستنی بە فرخانەو حەوضەکەی ناو قەلاکە، کە بۆ خواردنەوەی مەڕو مالاتو ئەسپو ئێسترو چوارپای تری ئامادە کرابو.. پێنجەم : شورەو قەلای گشتی بو کە هێزو سپای تیا بوو.. «عەودالْ خانی موکری»(۱۱۰) بەبیست کەسەوە لەم قەلایەدا بوو.. یەکێك لە سەردارانی «جەلالی»ش(۱۱۱) ـکە خۆی لە خیانەت رزگار کردبو ـ بەپێنج صەت کەسەوە هەر لەم قەلایەدا جێ گیر بو بو ..

---

(۱۱۰) مەبەستی ئەبدال خانی کوڕی ئەمیرە بەگی کوڕی شیخ حەیدەرە

(۱۱۱) مەبەستی محەمەد بەگی برای «ظەویل»ە « واتا ئوزون ئەحمەدی والی بەغدا کە بوبە هاوسوێنی جەلالی » کان وکوژرا .



هەولێرنامەی کتێب

«ئەمیرخان» کە خۆی بۆ ڕۆژی ڕەش ئامادە کردبو، قەڵاکەی کردبووە عەماری ئازوقەو خواردەمەنیو جلو بەرگو چەکو تفاقی شەڕ، تەنانەت تۆپ،و تاماوەیێ پێتەویستی بە هیچ نەبو ·

## شەڕی قەڵای دمدم چۆن ڕویدا ؟و ئەم قەڵا سەختە چۆن گیرا ؟

ئەوە بو لە سەرەتادا وتمان: سالی ۱۰۱۷ کۆچی (۱۶۰۸زا) «شاە عەبباس» فەرمانی دا بە «پیربوداق پەڕناکی میری میرانی تەوریز کە لەگەل «محەمەد پاشا قەلەندەرزادەی جەلالی»و سەردارانی کوردا، کوردستان تا«دیباربەکر» لە چنگ ڕۆم (عوثمانی) ڕزگار بکەن، ئەگەر بۆیان داگیرنە کرا هەموی وێران وتالان بکەن· لە پێشدا «قوبادخانی موکری» لەگەڵ خۆیان هەلبگرن، ئنجا بچن «ئەمیرخانی برادوست»یش بیەن و هەرکام یەک لە سەراني کورد ئامادەي چوون بۆ شەڕ نەبو تالانی بکەنو قەلاچوی مرۆڤی بکەن،و جێگەکەی بدەن بە «جەلالی»یەکان · «قوبادخانی موکریان»و «ئەمیر خانی لەپ زێڕین» هیچ کامیان ئامادە نەبوون شالاو بەرنە سەر کوردستان، بە وێژە هەرێمی «ئەردەلالان» ـ کە «هەلوخان» فەرمانڕەوای بو، وهەردو کەوتنە پۆزش وبەهانە هێنانەوە ·· لە سەرەتادا وایان دەربڕی کە «پیربوداق» میری میران ناحەزیانەو ئەیەوێ بەم هۆیەوە هەرێمەکانیان داگیر بکاتو بیخاتە ژێر دەستی «جەلالی»کان· «شاە عەبباس» بۆ ئەوەی بەهانەیان ببرێ دوستوری دابە «حەسەن خانی بە گلە ربەگی هەمەدان» ئەم ئەرکە بگرێتە ملو، وەهای نیشان دا کە ئەم کارەی لەبەر دلی «میری لەپ زێڕین» کردووە ، سەرۆکایەتي سپای لە «پیربوداق» وەرگرتۆتەوەو ، سپاردوویە بە «حەسەن خانی بە گلەر بەگی هەمەدان » · بەلام دیسانەوە «قوبادخان»و

«میری لەپزێڕین» بەڵێنیان نەدا ، و «ئەمیر خان،» ووتی : «جەلالی» یەکان کۆمەلەییەی دروردو بێ بەندو بارن ، جێی باوەڕ نیین ، با ئەوان لە پێشەوە بڕۆن.. ئنجا یا من خۆم بە هێزەوە بە دووایانا ئەچم، یا بە فەرماندەیی کوڕەکەم هێزیان بە دووادا ئەنێرم «، «حەسەن خان» ووتی: «کەوا بێ ئێمە چونکە بەوڵاتی ئەمیرخاندا ڕەت ئەبین، یەك دوو شەوێ لەوێ، لە هەرێمی «تەرگەوەر» ئەمێنینەوە تا ئەمیر خان خۆی ئامادە ئەکا،و بە یەکەوە ڕاوێژیش دەکەین و نەخشەی سەفەرەکەمان ئەکێشین، بەلام «ئەمیری لەپ زێڕین» گوێی نەدایە پێشنیارەکەی،و هەر کە پێشەنگی لەشکری قزڵباش گەیشتە هەرێمی تەرگەوەر، پێشمەرگەیانی برادۆست لێیان ڕاپەڕین و بە هەمو جۆرە چەکێکەوە لەگەڵیان کەوتنە شەڕو دوو کەس لە «جەلالی» کان کوژراو چەند کەسێکیش بریندار بوون.. «حەسەن خان» دوستوریدا: لەشکرەکە پاشەو پاش گەڕایەوە تا دورایی سێ کیلومەترێ لە قەلای دمدمەوە، لەوێ خێوەتیان هەڵداو لەشکر بەزیان کرد، بەلام هێزی کوردی پەیرەوی «ئەمیرخان» خێوەتەکانیان بە تۆپ و تفەنگ داگرت. «حەسەن خان» پیاوێکی جێ باوەڕی خۆیی نارد بۆ لای «ئەمیرخان» کە هۆی ئەم شەڕەی لەگەڵ ڕوون بکاتەوە،و هەراکەش ببڕێتەوە... «ئەمیر خان»و ئەسپردەی «حەسەن خان دەمودوویان لەگەڵ یەك ڕێك نەکەوت و کوردەکان کەوتنە ڕاونانی قزڵباش و«جەلالی»، لەم حەلەدا «محەمەدبیگ برای طەویل» بە سێ صەت چوار صەت کەسێکەوە لە سپای ئێران جیا بوەوەو، قزڵباش و عێلی جەلالی بەجێ هێشت بەرەو قەلای «دمدم»و پەنای بردە بەر «ئەمیرخانی لە پزێرین».. «محەمەد پاشا قەلەندەر زادەی جەلالی » لەم کارە زۆر تووڕە بو ، دوستوری دا بە «جەلالی»یەکان ئاوایی و گوندو دێیەکانی هەرێمی «تەرگەوەر»و «مەرگەوەر» یان بە سەرو سامانەوە داگیر کرد .. «حەسەنخان بەگلەربەگی» ناچار بو گوزارشێکی دوورو درێژی نووسی بو «شاه

عەبباس» ، «شاه» کە گوزارشەکەی وەرگرت، سەرەک وەزیر «ئیعتیماد الدەولە حاتەم»ی نارد کە بزانێ چی باسە•• ئەگەر دۆنگەی کرد: کە «ئەمیر خانی لەپ زێڕین» وڕاوەی یاحی بووني لە سەرایە بادلی بداتەوەو تێ ی بگەیێنێ کە «شاه عەبباس» بەرامبەر بە ئەو دلسۆزو میهرەبانە•• جگە لەوەش دوستوری دایێ کە عێلی «جەلالی» لەو هەرێمە دوور بخاتەوە ••

سەرەک وەزیر «ئیعتیماد الدەولە حاتەم»،کە گەییشتە «تەورێز»، تۆپچی و تفەنگچی یەکانی «ئەصفەهان» و«خوراسان» و«تەورێز» و«بافیق»و دوو هەزار جەلالی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و چووە «سەلماس»، لەوێش «خان ئەمیری کوڕی غازی خانی کوڕی شاهقولی بلیلانی»ی پینیانشی و « ئەولیا بەگی کوڕی سەیف الدین » کوێری فەرمانڕەوای « ئەنزل و صومای»و زۆر کەسی تری بەهێزو لەشکرەوە لەگەڵ خۆی برد،و ڕۆژی سێ شەممە٢٦/ شەعبان/ ١٠١٧کۆچی (١٦٠٨زا) بەرەو «وورمی»یە کەوتە ڕێ•• «حەسەن خان» و«محەمەد پاشا» پێشوازیان کرد• سەرەک وەزیر ئەو شەوە حەسایەوە، ڕۆژی دووایی یاوەرێکی جێ باوەڕی خۆیی نارد بۆ لای «خانی لەپزێڕین» و«مەلەك ئاغا محەمەدی طەسوجی»ی ـ دۆستی ئەمیر خانی لەپزێڕین ـیشی لەگەڵ نارد•• ئەمدوو ئەسپردەیە پاش گوفت و گوو دووان «ئەمیر خان»یان بە وەڕازی کرد: کە لە قەڵاکە بێتە خوارەوەو لەگەڵ سەرەک وەزیر دانیشێ و پێکەوە بدوون•• «ئەمیر خان» لە قەڵاکە هاتە خوارەوەو، لەگەڵ سەرەک وەزیر یەکتریان دی،و ڕازو گلەیی یان لەگەڵ یەك کرد «ئەمیر خان» وای نیشان دا کە لە ڕێی ڕاستی بچووکی و دڵپاکی لای نەداوە، وهەمیشە «شاه عەبباس»، بە سەروەری میهرەبانی خۆی ئەزانێ، بەلام ناتوانێ لەگەڵ جەلالی یەکان هاوکاری بکاو یا هەڵستی و دانیشێ، چونکە «محەمەد پاشای جەلالی» لە ژێرەوە بڕە، ئەیەوێ هەرێمەکە داگیر بکات،و «حەسەن خان»یش لای ئەو ئەگرێ، جا لەبەر ئەوە بڕیاری

داوە کە لەم قەڵایەدا بمێنێ وخۆی لە شەڕیان بپارێزێ» پاش تەواوبوونی گوفت‌وگۆ تکای کرد لە «ئیعتیماد الدەولـە» : مۆڵەتـی بـدات ڕۆژانی سەختی زستان بەسەر ببات، ئنجا خۆی بچـێ بۆ خزمـەت شاە عەببـاس ، وئامادەشە هەر لە ئێستەوە یەکێ لە کوڕەکانی بنێرێ بۆ بارەگای صەفەوی کە لە دەرباری شاەدا بمێنێتەوە » •

سەرەک وەزیر «ئیعتیماد الدەولە» هەمو قسەکانی ئەوی پەسەنـد کردو بەڵێنی دایێکە: چی ووتووە، هەموی بنووسـێ بو «شاە عببـاس» بەومەرجەی کە «میری‌لەپ زێڕین» بەڵێن بدات کە هەمو ڕۆژی خـۆی لـە قەڵاکە بێتە خوارەوە بۆ چادرەکەی سەرەک وەزیر، هـەر وا جار جـارە سەرەک وەزیریش ببات بۆ ناو قەڵاکەی خۆی، کە لە ناو خـەڵقا دەنگ بداتەوە،و باسی «یاخێتی ئەمیر خان» لە بیر بچێتـەوەو، قاوەکـە بە درۆ بزانرێ • «خانـی لەپ‌زێڕیـن» بەڵێنی دائـەو کارە بکـات، بەو مـەرج‌و پەیمانەی کە هیچ کەس لە «جەلالی»یەکان لەوێ نەبن • بەڵام پاش ئەوە چەند ڕۆژێ سەرەک وەزیر چاوەڕوانی کرد، نە«ئەمیرخان» خۆی هات‌و نە کوڕەکەی نـارد• سـەرەک وەزیـر جارێکـی تریش یەکـێ لە ڕیـش سپیانی نارد بۆ لای•• ئەمجارە «ئەمـیرخان» ووتـی: «من هەرگیـز نامەوێ خۆم بخەمـە داووتەڵـەی «جـەلالی»و «قزلبـاش»،و «ئیعتیمـاد الدەولە»ش هەرچەندە پیاوێکی گەورەو بەورەو بەڕێزە ، بەڵام ئەو خاوەن قەڵەمێکی تاجیکیی ئاپۆرەیە، وهاونیشتمانی نیيە، من ناتوانم بە بەڵێن‌و گفتی ئەو ڕابپەڕموم•• من خۆم هەر کات وەختم بە باش‌و هەمـوارزانـی کوڕەکەم بە دیاری‌و پێشکەشی‌یەوە ئەنێرمە بارەگای شاە•» •

پاش ئەم هەوڵە ، سەرەک وەزیر لە هاتنی « ئەمیرخانی لەپ‌زێڕین » نائومید بو، ئنجا لەگەڵ فەرماندەکان کەوتە ڕاوێژەوەو، بڕیار درا کە قەڵاکە گەمارۆ بدرێ‌و بە زۆرو ڕەزا داگیر بکرێ• لەم کاتەدا هێزێکی زۆر بـۆ

بارمەتی سەرەك وەزیر هات : پێنج صەد تفەنگچی مازەندەرانی بە سەرۆکایەتي «صەفەر قولي بەك»و قوروچی‌یەکانی چنگنی،و سپاییکی رازاوە بە سەرۆکایێتی‌ی «گەنج عەلی خان» لە تەورێزەوە • ئنجا بەم جۆرە نەخشەی داگیرکردنی « قەلای دمدم » کیشرا :

حەسەن خانی بەگلەر بەك‌و سەردارانی هاورێی بەهێزەکانی خۆیان‌و بە تفەنگچی‌یەکانی «ئەصفەهانی» یەوە کە «میر فەتتاح» سەرکردەیان بو ،لای خۆرهەلاتی قەلاکەوە بۆ شالاو ئامادە بن‌و خۆیان لە بووسە بدەن• «پیربوداق بەگی میری میرانی تەورێز»یش بە تفەنگچی‌یەکاني خوراسانی‌و بافیقی‌یەوە لای خۆرئاوای قەلاکەوە ئامادە بن بۆ داگیرکردنی قەلا خوارینەکەی سەرە رێگەکە• «موراد خان سولطان چینی»و «خەلیل سولطان سیل سوپەر»و «محەمەد تەقی بەگی مین باشی»ش بە تفەنگچی‌یەکاني ئاذربایجانی‌یەوە ، لای باشووری قەلاکەوە دامەزرێن، کە نزیکی قەلای بەفرەکە بن• پاراستنی دەروازەکەی لای خواروش سپێردرا بە «صەفەرقولی‌بەگ»و قوروچی‌یەکانی «چنگنی••، کە ئەم بنکەیە بەرامبەر بە قەلای ئاوەکە دامەزرابو• «بەرخورداربەگ»یش دانرا بۆ ئەوەی کە بە تۆپ ومەنجەنیقەکان، قەلاکە گوللە باران بکات، ولەژێر سەرپەرستی‌ی «قەپان سولطان» دا بەم کارانە هەڵبستێ• جگە لەم هێزو چەکانە ، ناردبوویان لە زریەی ڕەشەوە ـ بە پەلە تۆپێکی بچوکیان هێنا بو• ئەم تۆپەیان لەو بنکەیەدا دامەزراند بو، کە «حەسەن خانی بەگلەر بەگی‌ی » خۆی فەرماندەی بو • لەم کاتەدا «محەمەد پاشای جەلالی» بە ناوی نەخۆشی‌یەوە خۆی دەرباز کرد، بەلام «جەلالی» یەکان، کە دو هەزار کەس پتر بوون لە مەیدانامانەوەو، بە فەرمانی «شاە عەبباس» پێنج هەزار لیرەی‌زێری سووریان بەسەردا بەش کرا •• ئەم هێزانە جیا جیا خێوەت‌و چادری خۆیان هەڵداو بنکەی خۆیان دامەزراند •

«ئەمیر خانی لەپ زێڕین» کە بەم حەشاماتو هێزە زۆرەی زانی شڵەژاو کەوتە ئەسپردە ناردن بۆ لای سەرەک وەزیر، بەڵکو بتوانێ بە زمانی لووس وفڕوفێڵ سەرەک وەزیرو فەرماندەکان بخەڵەتێنێ وزستان بباتە سەر. بەڵام کار لە کار ترازا بو. زۆری پێ نەچو هەندێ لە سەرداره برا دۆستی‌یەکان وورەیان بەرداو قەڵای «دمدم»یان بەجێ هێشتو جاڕی «شاه سیوانی= شاه خۆشویستی»یان‌دا، وهەواڵشیان هێنا بو کە لەبەر کەمی بەفرو باران، چاڵە ئاوەکە خەریکە ووشک ئەبێتەوەو ئاوەکەی ناوی گەنیوەو قەوزەی گرتووە، وتەنیا بۆ وولاغ ومێگەلەکان تەرخان کراوە،و ئومیدی‌یەگانە یان ئاوی «کانی»یەکەی بن قەڵاکەی خوارەوەیە، کە ئاوەکەی بە قاپ بەسەر ماڵە گەورەکانا دابەش ئەکرێ ئەگەر ئەم کانی‌یە داگیر بکرێ خەڵقی ناو قەڵاکە ناچاری ئەوە ئەبن کەخۆیان بدەن بە دەستەوە ».

هەر کە سەرەک وەزیرو فەرماندەکان ئەم هەواڵانەیان بیست، ناردیان بییر هەڵکەنو کارگەرێکی زۆریان هێناوکەوتنەکارێزلێ‌دان بۆئەوەی بگەنە سەرکانی‌یەکە.. هێزەکانی «حەسەن خانی بەگلەر بەگی»و سەردارانی تریش بە شەو زەوی‌یان هەڵ ئەکۆڵی وبەسەبەتەخۆڵ سەریان دائەپۆشی وبەمجۆرە،

تا گەیشتە تاشە بەردەکە، کە نەقولنگە کاری تێ‌ئەکردو نە گوللەتۆپ «پیربوداق‌خان»یش کە لای خۆرئاوای قەڵاکەوە بو، ئەیویست بەرەو شاخەکە بڕوات ڕێگەیێ بکاتەوە، وەکۆڵانێکی قووڵیان کەند بو، بە سەبەتە خۆل سەریان ئەپۆشی کە هێزەکەیان نەبینرێ. بەڵام هێزی خانی لەپ‌زێڕین، هەمو پیلانەکانی ئەمانیان ئەزانی،و جار جارە ئەهاتنە سەر سیپەو مکۆکانیانو گوللە بارانیان ئەکردن،و شالاویان ئەبردە سەر تۆپچی‌و تفەنگچی‌یەکانو بڕبڕلێ‌یان ئەکوشتن. غازی (وەک‌خۆیان ناویان ئەبرد)یەکانی قزلباش دانیان ئەنا بە جەرگی خۆیاناو ئەم کوشتارەیان

تەحەمسول ئەکردو بەرانگاری یان ئەکردن جار جارە پێشمەرگە کوردەکان،
بە گوللەباران وازیان نەئەهێنا، لە پڕ خۆیان ئەکرد بە ناو مکۆو سێپەو
خێوەتەکانی دوژمناو گوللەبارانیان ئەکردنو بەم جۆرە سەختترین
کوشتاریان لێ ئەکردنو سەلامەت ئەگەڕانەوە. لای سێپەکەی «حەسەن
خان»ەوە تۆپێ دامەزرا بو، بەم تۆپە یەک مانگی ڕەبەق بورجی قەلاکەیان
گوللە باران کرد، هێشتاکە لە بەریکیان بۆ نەکرایەوە کە زەلامێکی
پی یاتێپەڕێ. جارێکیان «حەسەن خانی بەگلەربەگی» ویستی ئازایەتی ی
خۆی دەربخات، بێ پرسی «ئیعتیماد الدەولە»ی سەرەک وەزیرو
فەرماندەکان چوو بەگژکێوە سەختە کەدا، بەلام لە سەرەوە دایاننە بەر
گوللەو دوازدەکەسیان لێ غل کردنەوەو ئەو دووای هێزەکەی خۆیان
خستەوە خوارەوە، ئیتر قزلباش وەها چاویان شکا زاتیان نەما نزیکی
شاخەکە بکەون،و هەر چۆن بو دووصەت کەسێ خۆیان گەیاندبووە ژێر
دیواری بورجەکان ولەگەل کوردەکانا لێ یان بوو بە شەڕ ، کە هەراکە
گەرم بو، هەندێ لە کوردەکان لە پشتەوە شالاویان هێنایە سەر ئەم هێزەو
بە شمشێر کەوتنە ناویانو سەرو کەللەیان داپاچین،و لە هەمان کاتا لەسەر
دیواری قەلاکەشەوە گوللە بارانیان کردن .. وبەم جۆرە زیانێکی گیانی ی
زۆر لە «غازی یان» (وەک خۆیان دەلێن) کەوتو «حەسەنخان» لەم
کارەی خۆی شەرمەزار بو. بیبرهەلکەنەکانیش کە ئەیانویست «کانی»ی
ئاوەکە بدۆزنەوە، بە هەر لایێکا قەمیشیان لێ ئەدا، نەئەگەیشتنە
سەرکانی یەکە، وبە شەو کوردەکان ئەهاتنەوە سەریانو بە شیرو تەورو
گوللە تێ یان بەر ئەبوون.. سێ مانگەی (ڕەمەضان ـ شەوال ـ
ذي القەعیدە) ئەم شەڕە سەختە درێژەی کێشاو دۆخی قەلاکە نەگۆڕا ،
بەلام لەم ماوەیەدا خەلقی ناو قەلاکە لەتینوان بە تەنگ هاتن ولە پڕ هەزار
کەسێک لە قەلاکە هاتنە خوارەوەو هاواریان ئەکرد ئاو .. ئاو ..

قزلباشەکان پاش سێ مانگ گەمارۆ ئنجا بیریـان لەوە کـردەوە: کـە بەژێر سەبەتە خۆڵەکانا خۆیان بگەیێننە سەر گومەزی بان کانـی یەکـەو کونی بکەن وتۆپی لەسەر دا بمەزرێنن و لە کونەکەوە ئـەو کوردانە بدەنە بەر گوللە، کەدێن بـەرەو کانی یەکـە، و ئاویـان لێ قەدەغـە بکـەن، و بۆ بەدیهێنانی ئەم بیروڕایە بڕیار درا سەردارانی مـــەزن :«میر صـــوفی، میرپازۆکی، و میرموقـەدەم» سپیـەو مکۆکانـی خۆیـان بەجـێ بهێڵـن و سەرپەرستیی ئەم ئەرکە بگرنە مل، بەڵام لە نیوەشەوا کوردەکان دایانـە سەریاناو کوشتارێکـی سەختیان لێ کـردن• کە بەیانـی داو ڕوی جیهـان ڕوونەوە بو، سەرەک وەزیر «ئیعتیمـاد الدەولە» چو بـۆ کوشتارگـەو لاشەی «غازی» (وەک ووتویە) یەکانی دی هەر وەختە بو لە تاوانا شێـت بێ، و هیچی بۆ نەمایەوە کەوتە گلەیی لە «موقەدەم ، پازۆکی و صوفی »و سەرزەنشی کردن ••

هۆی خۆش بە ختی بو: کە لەم کاتەدا ـ کـە خەڵکی ئێوقەڵاکـە لـە تینوان بە تەنگ هاتبوون ـ بارانێکی زۆرباری و چاڵەکـانی ناو قـەڵاکە پڕبوون لە ئاوو کوردەکان نیازیان بە هیچ نەما ـ جگە لە میهرەو بەزەیـی خوا ، هەر وا کاریان بە کانی یەکەش نەما •

«ئیعتماد الدەولە» پاش کوشتـارەکە بڕیـاری دا بە سەبەتـە خـۆڵ ڕابکێشن ودو دیواری خۆڵی زور بەرز دامـەزرێنـن و ڕێگەیێ بـە ناویانـا ڕابگێشن، ئەمەندە قووڵ بێ لە هیچ لایێکەوە زەلامی تیا نەبینرێ، کە بەم جۆرە بتوانن بە ناویا بەرەو پێش بڕۆن •••

گەڵاڵەی قسە ماوەیێکی زۆر بەم کارەوە خەریک بوون و کۆڵانێکی قووڵیان تا بن قەڵاکە ڕاکێشا•• لەولا شەوە کارێزکەنەکان بە قومش ـ لێدان دارەڕای سـەرگومـەزەکەیـان هەڵتەکانـد وڕاجەکانیـان یەک یـەک دەرهێناو گومەزەکە تەپی بە خوارەوەو قەڵای سـەر ئاوەکـەش هەرەسی

هێناو خزایە خوارەوەو پاسەوانەکانی قەڵای سەر ئاوەکەش لەو لایەی بورجەکەوە خزانە خوارەوە، کە «قەرابەگ»ی وەکیلی ئەمیرخان سەرپەرشتی دەکرد ٠

هەر کە سەرەک وەزیر ئەم هەواڵەی پێ گەیی‌و، چو بە چاوی خۆی دی کە ڕێگەکە کراوەتەوە ، نەڕاندی : « کوڕینە کاتی هێرشە ! »٠٠ جا «حەسەن خانی بە گلەربەگی» فەرمانی دا بە پیاوانی سپپەکەی خۆی هێرش بکەن «پاڵەوان محەمەد» یەکەم کەس بو کە خۆی هەڵدایە سەر قەڵاکەو بە گوللە «قرابەگی» کوشت‌و دانەوی سەری بڕی‌و کەللەسەرەکەی بە دیاری هێنا بۆ وەزیر٠٠ جگە لە ئەو، چەند کەسێکی تریش کوژران٠٠ کوڕیکی گەنجی جوانیش لە قەڵای ئاوەکەوە کەوتبووە خوارەوە بێ ئەوەی زامدار بووبی یا هیچی لێ هاتبێ، ئەم کوڕە خوشکە زای «ئەمیرخانی لە پزێڕین» بو کابرایەکی خوێڕیی چینی، کەپاسەوانی سەر شیبوەکە بو هەڵی کوتا بووە سەری کوشتبوی‌و سەری بڕیبو٠ کە «ئیعتیماد الدەولە» بەم کارەی زانی زۆر دلگران‌و تووڕە بو، بەڵام پاش‌چی! تازەکارلە کار ترازابو ٠٠ کە ئەم قەڵایە گیرا «غازی»یان لە ماوەی دەڕۆژا توانی‌یان هەمو دەوروبەری شوورەی قەڵاکە ئابلوقەو گەمارۆ بدەن نزیک بە قەڵا بەرزە کە توێیکیان دامەزراند ، ونزیک بەقە لاکەی خوارەوەش تۆ پیک‌و کەوتنە گوللە بارانی خەڵقی ناو قەڵاکە «ئەمیر خان»شڵەژاو کوردەکان هیوایان بڕاو، زۆریان ـ لەبەر ئەوەی کە لە یاران‌و یاوەرانی نزیکی ئەمیرخان بوون‌و بە جەرگەوە ئەجەنگین ـ لە شەڕەکەدا کوژران، وئەو دووای خەڵقەکە هاتبونە لەرزین‌و، کار گەیشتبووە جێیی کەسێ ڕۆژی تری نەئەخایاند هەمویان دەسگیر ئەکران٠٠ لەم کاتەدا لە پرسەرەک وەزیر «ئیعتیماد الدەولە»لێی هات‌و مردو «غازی»یان دەستیان ساردەوە بو وداگیرکرانی قەڵاکە دوواکەوت،و گەر چی سێ‌قەڵای گرنگ لە پێنج

قەڵاکە داگیر کرابوو، کوردەکانیش لـەگیان وەڕز بـوو بـوون بـەڵام هەندێکیان خۆیان خستە قەڵای تایەبەتی ئەمیرخانەوە، کە لە قەڵای ناریین سەختتر بو وبێزاریی خۆیان لە شەڕ دەربڕی. جا «ئەمیرخان» «لەبەردڵی کوردەکان ئەسپردەی نارد بۆلای «محەمەدبەگ بیگدلی» کە خۆی و هێزەکانی «شاملو» بێنە قەڵاکەوە ، وڕێگە بە «حەسەنخان»و سپاکەی نەدات بێنە قەڵاوە. لەم کاتەدا «خان ئەبدال» (عەودالخـال) موکـری لەگـەڵ چەنـد کەسێکا لە پیاوانی خۆی لە قەڵا هاتە دەرەوەو ڕوی کردە ماڵی «ئەلیـاس خەلیفەی قەرەداغلو» و«محەمەد بەگی برای طەویل»یش کە لەگـەڵ ... جەلالی پەنای برد بووە قەڵای دمدم، بەهێـزەکەیـەوە لە قـەڵا دەرچـوو.. ئنجا «محەمەدبەگ بێگدلی» لەسـەر تکای «ئەمیرخان» چووە قەڵاکەوە ، «ئەمیرخان» خۆی وکوڕە گەورەکەی و کۆمەڵێکی صەت کەسـی زری پۆشی ڕم وەگو رزو تفەنگ بە دەستو خەنجەر لە کەمـەر لە ماڵ هاتنـە دەروە لەگـەڵ « محـەمەدبەگ بیگـدلی » یەکتریـان دی..و هێشـتا دووصەت سێ صەت کەسێکی تریش لە قەڵاکەدا مابو ..

«محەمەد بەگ» کۆمەڵی سەربازی تەرخان کردبۆ پاسەوانی ئەوانی کە قەڵاکەدا مابوونەوە، کە کەس دەسدرێژی بۆ ماڵو منـاڵو ناموسیـان نەکات . و«ئەمیرخان»یش برایە ئەو خێوەتو چادرانەی بۆیان هەڵدرابوو، ناردیان «حەسەنخانی بە گلەربەگیی»و فەرماندەکانیش هاتن کە لەگەڵ خانی لەپزێڕینا یەکتر ببنین .

هەر کە «حەسەنخان» گەیشتە نزیک چادرەکـە قیرانـدی: ئـەری محەمەد بەگ چۆن بە خۆتو براکانتەوە ناو ئـەم یاخییانـە دانیشتـوی؟ ئەمانە لـە یـەکتر جیاکەرەوەو، هەر دەستە یان بنێرە جێگـەیێو تـەنیـا ئەمیرخان لە خێوەتەکەدا بهێڵەوە ! » . « ئەمیرخان» گەر چي بەم پێشنیازە قایل بو ، بەڵام هەواڵەکانی ڕازی نەبوون ، ووتیان :«ئەمیرخان! ئێمە دەبێ لە ژیانو مردن چونیەک بین! ڕەنگە ئەمانە نەوێرن تو بکـوژن، بـەڵام

ئێمە کە لە تۆ دوورکەوتینەوە هەمومان قڕ ئەکەن.» ئەوان لەم قسانەدا بوون، کە لە چادرە. کەی «ئەلیاس خەلیفە»وە دەنگی زەلەو هەراپە یدا بو، گۆیا «ئەلیاس خەلیفە»ـ کە پیاوێکی سادەو سینەصافو کەم هۆش بو، بە پیاوەکانی خۆی ووتبو : ئا کوڕە بەم گەرمە بۆچ داواتان لە مێوانەکان نەکردوە خۆیان پەتی بکەنو چەکو سیلاحەکانیان دابنێنو بحەسێنەوە؟» نۆکەرەکان کەئەم قسەیەی «ئەلیاس خەلیفە» یان گوێ لێ بوبو، چوو بوون داوایان لە «عەودال خان»ی موکری وهەواڵەکانی کرد بو : کە ڕمو تفەنگەکانیان دابنێن» خانو هاوڕێکانی دڵگیر بوبوونو گورج ڕاپەڕی بوون «ئەلیاس خەلیفە»یان دابووە بەر شمشێر، وبەم جۆرە زەلەو ئاژاوە دەستی پی کرد بو. «غازی یانی» قزلباش هەر کە ئەمەیان دیبو، هەڵیان کوتابووە ناو خێوەتەکەوە، «خان عەودال خان»و هاوڕێکانی ئەویان بە شمشێر پارچە پارچە کرد بو!! بەم جۆرە قسەکەی «حەسەن خان» هاتە دی[١١٢]و خەڵقەکە بڕوایان بە کوردەکان نەماو «غازی یان» هەلیان کوتایە سەر ئەوانەی کە لەمەبەر لە قەلاکە هاتبوونە خوارەوە، بێ ئەوەی جیاوازی بخەنە نێوانی کوردەکانو جەلالیە تورکەکان. هەر کە «ئەمیرخان» وکوڕەکەیو هاوڕێکانی گوییان لەم زەلەوە هەراو قیژەیە بوودۆنگەیان کرد کە خەریکن بێنە سەریان ئەوانیش چادرکەیان کون کون کردو لولەی تفەنگیان بەرەو خەڵقەکە درێژ کردو کەوتنە تەقەلە «قزلباش». غازی کانیش لە دەرەوە چادرەکانی ئەوانیان دایە بەرگو للە. ئنجا «ئەمیرخان»و کوڕەکەی وهاوڕێکانی بە شیری ڕووتەوە لە خێوەتو چادرەکانەوە دەرپەڕین وکەوتنە داپاچینی قزلباشەکانو خۆشیان کوژران. پاش ئەم کارەساتە کە بووە هۆی کوژرانی هەزاران، ئنجا منداڵە ووردەکانو ژنو ماڵی «ئەمیرخان» وسەران ویارانو یاوەرانی بران بۆ ئوردوگای «شاە عەبباس»و دارایی وسامانی ناو

قەلاَکەش دابەش کرا بە سەر غازی‌یانی قزلباش‌دا• ئا بەم جۆرە «قەلاَی دمدم» داگیر کراو خانی لەپ زێرین‌و هاوڕێ‌یانی شەهید کران[112] «ئەسکەندەر بەگی تورکمان» کە مونشی‌و نووسەری تایبەتی‌ی «شاە عەبباس» بوو، هەروا یەکێ بو لەد وژمنەکانی کورد، بەم جۆرە باسی کارەساتی «قەلاَی دمدم» ئەگێڕێتەوە کە پیاو شەیدای ئازایی‌و دلێری‌ی‌و بە ئەمەگی کورد ئەکات ، لەگەڵ ئەوەشا کە «ئەسکەندەربەگ» لە هەزار یەکێکی نەووتووە• هەر وا، هەر چەندە ئەیەوێ باسی کارەساتی قەلاَچوکردنەکەش بە جۆرێ نیشان دا کە تاوانی کوردەکان خۆیان بووە، بەلاَم مێژوی ئێران پڕە لەم جۆرە نهێن بڕی‌یەی دەسەلاَتی ئێران، کە هەمیشە بە ناپیاوی‌و خیانەت، دییل وپەنا هەندەکانیان قڕان کردووە••جگە لەوەش هەمیشە خۆیان بە «موسوڵمان»و «غازی» داوەتە قەڵەم‌و کوردەکانیان بە«یەزیدی»و کافر داناوە •

«شاە عەبباس» پاش ئەوەی کە قەلاَی «دمدمی گرت»و «خانی لەپزێرینی » بەو جۆرە لەناو برد ، ئنجا کەوتە بەهانەپێ گرتن لە قوبادخانی موکری کە لە پێشا ناومان برد، داوای لێ کردبێ بە پێشەنگی لەشکر بۆ هەڵکوتانە سەر کوردستانی ئەردەلان، بۆ سەرشۆڕ کردن بە «هەلوخان»••

بەلاَم «قوبادخان» فەرمانی بەجێ نەهێنا، وئەمە بوو بە بەهانە بۆ قەلاَچووی خەڵقی موکریان••

**قەلاَچوی عێلی موکری‌و کوژرانی قوبادخانی کوڕی شێخ حەیدەرێ کوڕی ئەمیرە پاشای موکری:** «ئەسکەندەر بەگ» نووسیویە: «قوباد خان»، هەر وەك لەوە بەر دوستوری درابوێ کە لەگەڵ «ئیعتیماد الدەولە»ی سەرەك وەزیردا شالاَو بکاتە سەر «قەلاَی دمدم»و سەرپێچی

---

(112) گەلاَلەی لاپەڕەکانی ( 705-727 و 782-791 و 797-800 و07-تا 889)لە بەرگی دوەمی عالەم ئارای عەبباسی •



هەولێرنامەی کتێب

کردبو ، ئەمجارەش کە داوای لێ کرابێ بە پێشەنگی لەشکر بۆ سەر کوردستانی «ئەردەلان» وهەلوخانی سەرداری، دیسانەوە بەهانەی درۆی هێنایەوە بۆئەوەی نەڕوا •• بە وەشەوەنە وەستا ـ هەر وەک پێشینەکانی ڕەوە مایین و ئەسپەکانی «شاطەهماسپ» یان لە «عەراجیوق» تالان کرد بوو، ئەمیش کەوتە تالان کردنی هەزارو برسیی شیعەی «مەراغە» و زۆرو ستەم لێ کردنیان •• لەسەر ئەم کارانەی مەشخەلی گڕی ئاگری ڕق و کینی « شاه عەبباس » چو بە ئاسماناو بە خوێن نەبوایە ئەو ڕقەدانە ئەمر کا ••جا بە نیازی تۆلە لێ کردنەوە بنەو بارەگای «شاه عەبباس» بەرەو موکریان کەوتە ڕێ و هەرکە گەیشتە «قەلای گاودول»، «قوبادخان» بە صەت و پەنجاە کەسێکەوە چووە بەپیری یەوەو پێشوازی لێ کرد، و لە دەمە دەمی ئێوارەدا لەگەل سێ چوار کەس لە خزمانی خۆی، خۆی کرد بە بارەگای «شاه عەبباس» دا کە بتوانێ دلپاکیی خۆی دەربخات• بەلام «شاه عەبباس» دەرفەتی نەدا زوو چاوی قیپان لە نۆکەرانی تایەبەتی، لێیان ڕاپەڕین و بەشمشێر پارچە پارچەیان کردن و، لەشەکانیان خستە گۆشەیێکەوەو، هەر کەس لە دەس وپێوەندەکان ڕێ ئەدرا بۆچوونە ناو بارەگاوە دەبویەک یەک بچێ بەم دەردە ئەکوژران ، بەشمشیر سەریان ئەپەڕێنرا او لاشەکانیان فڕێ ئەدرایە لایێکەوە، بەم جۆرە سێ کەسێکیان لێ کە لە پاچەکردن، سوارەکانی «قوبادخان» دونگەیان کردو لە فیێکەی خۆیان گەیشتن، ویەکێ تری لە موکریانی یەکان خۆی کرد بە خێوەتەکەدا،و دێ خوێن ڕژاوە، و«قوبادخان» دیبارنی یە کردی بە هاوراو فیغانو دەس بەخەنجەر هەلی کوتایە سەر «موحیبی عەلی بەگی شاملویی» و دایە بەر خەنجەر،و ئەو دووای سوارەکانیش کەلەمێردانە کەوتنە ناو سپای قزلباشی صەفەوی و تا شمشێریان بڕی کرد کوشتاریان لێ کردن، سەرئەنجام خۆشیان کوژران• بەلام ئەم کارەساتە خوێناوی یە دلی «شاه عەبباسی» تێرخوێن نەکرد، هەلی کوتایە سەر قەلای «گاودول» کە عێلی موکری

تیا بو، بە فەرمانی ئەو، قزلباشەکان بە بێڵو وتەورو کوتەکو چەکی تری خەلقەکەیان داپاچی• ئنجا «شاه عەبباس» «ئەسفەندیـار بەگـی ئاوچـی باشی» نارد بەرەو «گەرمرود» کە ئەمیر خانی برای شیخ «حەیدەر بەگ» بە پەنجا کەسی موکریانی یەوە لەوێ بوو، لەپڕدای بەسەریاناو هەمویانی کوشـت• هـەر وا نـاردی «حوسەیـن سولطـان» ی بـرازای «شیـخ حەیدەر»یشی لەگەڵ مرۆڤە موکریانی یەکان، کەلـە «ئورمیـیـە» بـوون، هەموی قڕکردن،و لە هەر کوێ سوراغی یەکێکی موکری کرد فەرمانی دا بە کوشتنی، ئەمە بو دەنگو باسی ساڵی ١٠١٨ - ١٠١٩ کۆچی •

پاش ئـەم کارەسـاتە دڕندەیی یانە، ئنجا ئاگری ڕقو کینی «شاه عەبباس» دامرکایەوە، لـەم کاتەدا هەواڵی زانی کە «شێربەگ» نـاوێکی موکری ماوەو لە کوشتن ڕزگار بووەو خۆی بە «شاه خۆشویسـت»و دڵسـۆزو نۆکەری بنەماڵەی صەفەوی ئەزانێ،و براییکیشی هەیە نـاوی «مەقصـود بەگ»ەو لە دەرباری شایی یا سەرۆکی چراچی یەکانە•• شاه عەبباس لەم دوو کەسە بوردو نەیکوشتن وفەرمانی دا کە جاڕ بدرێ بە موکری یانا• هەر کەس لە موکری یەکان ماوەو لە کوشتن ڕزگار بووە، با خۆی بداتـە پـاڵ «شێربەگ»و لە کوشتن بە دوور بمێنێ،و دڵنیابێ کە ناکـوژرێ»• ئەمـە بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەییکی کەم لە تاکە تاکەی عێڵـی موکریان لـەم «شێربەگ»ە کۆ ببێتەوە»[١١٣] کە لەمەو دووا باسی ئەکەین :

جا لـەم قسەفـشو فۆڵانـەی «ئەسکەنـدەر تورکمـان» بۆمـان دەرئەکەوێ کە «شاه عەبباس» لەبەر چەند هۆیـێ کـوردی موکریـانی قڕ کردووە : یەکەم: لەبەر ئەوەی کوردی موکریان سەریان بۆ داگیر کەر دانەنواندووەو، جارێ لەگەڵ صەفەویو جارێ لەگەڵ عوثمانیدا هـەرایـان بووە• دووەم : صەفەوی هەوڵیان داوە جی بە موکریانی یە سوننی یەکـان

---

(١١٣) عالەم ئارای عەبباسی (٢/٨١٣،٨١٤) وشەرەفنامە عەرەبی یەکـەی مـن (١/٢٩٦) لە حاشیەکان •

لەق بکەن‌و، «جەلالی»یەکانیان لە جێ دابنێن ، کە لە بنەڕەتا شیعە بوون‌و لە تورکیای عوثمانی‌یەوە هەلاتبون وپەنایـان هێنا بووە بـەر دەوڵەتـی صەفەوی . سێ‌یەم : لەبەر ئەوی کە کوردی موکریان لـە سـوننێ‌تی‌دا زۆر بە دەمار بوون‌و نەدەبوون بە «شیعە»، و«قزلباش»ەکانیـش لە «غولاتـی روفاض» (شیعەی دوزەردینە) بوون‌و ئەیانەویست بـەزۆر شیعەیێتی‌یـان بەسەرابسەپێنن‌ەوە یاقڕانیان بکەن . چوارەم: بنەماڵەی «صەفـەوی» لـە بنەڕەتا کورد بوون‌و لە ڕچەڵەکەی خۆیان هەڵگەڕابوونەوەو لەبـەر دڵی عێڵە قزلباشە تورکمانەکان خۆیان کردبو بـە تورکمـان،و بەرەگـەزەش سوننی‌و صوفی زادە بوون،و بە هۆی نەنکی شاە ئیسماعیل ودایکی‌یەوە تێکەڵی دوڕەگەزی شیعەو گاوربوبون، کە هەردو لایان لەگـەڵ کـوردا کۆنە دوژمن بوون... مێژوش ئەوەی تۆمار کردووە کە هەمیشە کوردی هەڵگەڕاوەی وەکو «سامانی»کان‌و «بوەیهی»یەکان لە هەمو کـەس پتـر دوژمنی کورد بوون ... ئیتر بزانە .

## ئولوغ بیگ :

( کە بە گومانی من دەبێ کوڕی میر خدری کوڕی رۆستەم بەگی موکری بێ) : «ئەسکەندەر بەگی تورکمـان» لە دەنگ‌و باسی سـالی ١٠٢٥ کۆچی دا نووسـیویـە لـەم سـاڵەدا کـە « شـاە عـەبباس » لـە « مـازەندەران » بـو ، هەواڵێکی ناخـۆشـی پـێ گـەییشت کـە گـۆیـا : کـوردانـی برادۆسـت دیسـان بـە فـڕوفێـڵ چونەتەوە «قەلای دمدم» «قەلای وورمی» .. وئەوە بو پـاش کوشتنـی «میری لەپ زێڕین»، «محەمەد بیگدلی»ی سپـا سـالاری ئێـران، پـاس‌و پاراستنی قەلای «دمدم»ی سپاردبوبـە «قەپـان خـان»ی بـرای . لـەم سەردەمەدا یەکێ لەژ نەکانی «ئەمیرخـانی لـەپ زێڕیـن»ـ واتا پەریـزاد خاتون(١١٤) ـ وەکۆمە لێکی کوردی بێ ناوونیشان لە قەلاکەدا مابوونەوە،

---

(١١٤) شەرەفنامە عەرەبی‌یەکەی خۆم وەرمگێراوە لاپەڕە //٣١٢ .

کارەکەری وتۆکەریی خەڵقیان ئەکردەوەو «قەپانخان» لە بیری چو بو کە ئەم کوردانە لە قەڵا کەداجێ نەکاتەوە. لە کاتێکا ئەم (واتاقەپانخان) چوبو بۆ ڕاو کابرایێکی «اولوغ بیگ» ناو، کە لە خزمانی «ئەمیرخان» بوو، لەو ناوانەدا سەر گەردان بو، لەگەڵ «پەریزادخانم» و کوردەکان کەوتبووە پەیام گورینەوەو، داوای لێیان کردبو ؛ هەر کات «قەپانخان» لە ماڵ دەرچو بۆ ڕاوو شکار هەواڵی بگەیێننێ، جا شەو لە ناوێ کە «قەپانخان» لە قەڵاکەدا نەبو «ئولوغ بیگ» لەگەڵ چل پەنجا کوردێکا خۆی گەیاند بووە کونی «کانیو حەوضەکە»و لەوێوە سەرکەوتبوون بۆ ناو قەڵاکەو لە خەوا هەمو پاسەوانەکانیان کوشتبو، ئنجا شاپلیتەی ئازادییان هەڵکردبوو تەپلی شادییان کوتابو،و کوردانی ئازادیخوایان لێ کۆ بوبووەوەو، ئەو مرۆڤە قزلباشانەی کە لە قەڵاکەدا بوون، لە ترسا زەندەقیان چو بو، هەر یەکە لە لایێکەوە خۆیان لە دیواری قەڵاکەوە خستبووە خوارەوە،و ڕێی هەڵاتنیان دۆزیبووەوە، کەسپیدەی بەیان دەرکەوتبو یەک قزلباش لە قەڵاکەدا نەمابو. جاهێزەکەی «ئولوغ بیگ» هەمو ماڵو سامانی مرۆڤی قزلباشیان داگیر کردو، ناردیان لەم لاو لەولاوە کۆمەک ویارمەتییان لەکوردەکانەوە بۆ هات. هەر کە ئەم هەواڵە گەیشتە «قەپانخان» پەنجەی پەشیمانی گەزیو، ڕوی کردەوە قەڵای «دمدم»و «سولطان موقەدەم»ی سەرداری «مەراغە»ش بەهێزەوە چووە فریای،و لەم کاتەدا کە «سولطان موقەدەم» گەیشتبووە داوێنی قەڵای «دمدم»، صەتو پەنجا کەسێکی کورد ئەهاتن بۆ یارمەتی «ئولوغ بیگ» ولەگەڵ ئەم هێزەدا لوتیان تەقی بە یەکا ولێیان بو بەشەڕ،و زۆریان لێ کوژرا،و ئەودووایان هەڵاتن. «پیربوداق خانی» فەرمانڕەوای «تەورێز»و «شەهیر سولطان»ی[115] «موکری»ش هەواڵیان بیستو هاتن بۆ

---

(١١٥) بە داخەوە سەرگوزەشتی ئەم «شهیر سولطان»ەمان دەس نەکەوت .

گۆمەکێ و یاریدەی «قەپان خان»وهەمویان قەڵاکەیان گەمارۆدا ، لەگەڵ ئەوەشا کە دەزانرا «ئولـوغ بیگ» کەم دەسـەی، دیسانـەوە زاتیان نەکـرد بچن بەگژ قەڵاکەداو، «قەپانخان» لـە شەرمان رەنگی زەردەهەڵگەرابو ، بەڵام بەزەیی خـوایی گەیـی بە دەنگیـا (؟؟!) لە کاتێکـا «ئولـوغ بیگ» خەریکێ بو باروت‌و گوللەی بەسەر هێزەکەی خۆیا دابەش ئەکرد، تیشکێ ئاگر گڕی بەردایە باروتەکە، هەموو دەم‌و چاوی سووتاو زۆر کەسی تریش بریندار بوون‌و ئەمە بووە هۆی ئەوەی کـەسی تـری بـە فریایا نەگـات ، تەنانەت سپای قزلباش دەوروبەری قەڵاکانیان تەواو گەمـارۆدا بـوو جـا کوردەکان وورەیان بەردا(!)و کەوتنە بیری خۆ رزگارکردنو، لە تاریـکی شەوا «ئولوغ بەگ»یان سواری ئەسپێ کردو شڵەتەنگیان کرد،و خۆیانیش بنەوبارگەیان پێچایەوەو بە تاڵانەوە خۆیان لە قەڵاکـە رزگار کـردە کـە سەردارانی قزڵباش بەم هەواڵەیان زانی هێزێکی زۆریان بە دوایانا ناردە.. بەڵام بێ سودو، وکار لە کار ترازا بو(١١٦) .

## شیرخان بەگ ومەقصود بەگ:

لە پەراوێزی شەرەفنامـەدا ـ کـە لەفارسییـەوە وەرم گیـرا بـووە عەرەبی ـ دییاردیم بۆ ئەوە کردبو کە دەبێ «شیر بەگ‌و مەقصـود بـەگ» کـوڕی ناصـر بـەگ بن لـە بنەماڵـەی « سـولطان ئەحمـەد »، کـە لە صەدەی هەشتەم بە دوواوە سـەرداری هەرێمـەکانـی «تەرگـەوەرو» «مەرگەوەر» بوون ـ کە دوو هەرێمن سەر بە «ئورمییە» ـو پاتیەختیـان قەڵای « گاودۆل » بـو ، لام وایـە کـە ئەمانە لەگـەڵ « ئـەمیرخـانـی لەپ زێڕین»دا ئامۆزازا بوون..

---

(١١٦) عالەم ئارای عەبباسی (٢/٨٩٠) .

« حەسەن بابا طاهیری »(١١٧) «شێربەگی» بە کوڕی «شیخ حەیدەری موکری» داوەتە قەڵەم ، «ڤولفگەنگ ڕودولف» ئەڵمانیو « حەسەن صەلاح سوران»(١١٨)یش هەر ئەم بیروڕایەیان دەربڕیوە... بەڵام هیچ لایێکیان ڕایانە پەڕمووە بەسەر چاوەیێکا، وا دییارە سەرچاوەی قسەکانیان، تەنیا، قسەی دەماودەمی ناو پیرە پیاوانی موکریان بێ، ولە پێشا ووتمان پاش مەرگی شێخ حەیدەر «قوباد بەگی کوڕی» هێشتا منداڵ بوو بارڕنە بوبو . ئەمە وا ئەگەیێنی کوڕی تری نەبوبێ .. جا هەر چۆن هەیە .. «ئەسکەندەر بەگی تورکمان» نووسیویە : « یەکێ لە کارەساتو قەوماوەکانی ئەم سەردەمە ( واتا ساڵی ١٠٣٤ کۆچی - ١٦٢٤هاءدء) یاخی بوونو ئاژاوە نانەوەی «شیربەگ خانی» موکری‌یە، « شاەعەبباس » پاش قڕانکردنی گەلی کوردی موکریو قەڵاچوکردنیان شێربەگی» پێگەیاندو وپایەی سەرداڕێتیی دایێ، ولەبەر دڵی ئەو، وازی لە کوشتنی یاخی‌یەکانی تری موکریان هێنا، ولە ساڵی ١٠١٩ کۆچی‌یەوە تا ساڵی ١٠٣٤ کۆچی (١٦٠٩-١٦٢٤زا) کە ماوەی پانزە ساڵ پتری خایاند ئەم «شیربەگە»و «مەقصود بەگی» برایو ڕۆڵەو خزمو کەسو کارو دەسو پێوەندەکانیان،

---

(١١٧) حەسەنی بابا طاهیری خەڵقی شاری مەهابادە، ئەندازیارە، ماوەیێ سەرۆکی شارەوانیی (بەلەدیە)ی شاری مەهاباد (سابلاخ) بو . لەم هەلەدا کورتە مێژوویەکی جوانی لە بارەی «مەهاباد» نووسیو ناوی نا (مەهاباد دیروزو ئیمروز) ، جا ئەم نامیلکە فارسی‌یەی بە ( تایپ ) چاپ کرد ( ساڵی ١٣٥١ فارسی)و صەدەها رونوسی بە « زیراکس » لەسەر وەرگرت ، و بە دییاری روونووسێکی بۆ ناروم .

(١١٨) ڤولفگەنگ ڕودۆلفو « حەسەن صەلاح سوران » نامیلکەیێکیان نووسیوە دەربارەی بنەماڵەی « فەیض اللاەبەگی » یەکانی بوکان ، « کاك ناجی عەبباس » لەگوڤاری کوڕی زاینیاریی ساڵی ١٩٧٧دا، وەرگێراوی کوردی‌یەکەیی بڵاو کردۆتەوە ، وهەر لە لاپەڕە (٦٣)وەتا (١٠٨)ی داگرتووەو درەختی بڕبڕەپشتی بنەماڵەکەشی تیایە، وئێمە لەم سیپارەیەدا دییاردی بۆ هەندێ لە هەڵەکانی ئەکەین .

هەمو لە سای ئالای شاهەنشاهی‌دا لە ئاسایشا ژیاون‌و ڕۆژ لە ڕۆژ پتر پڕتەوی میهرەبانی‌ی شاهانەیان دیوە٠٠٠ بەلام سالی ١٠٣٤ «شیربەگ» بەهانە هانەی پیاو خراپان‌و یاخی‌یان‌و گومڕایانی عێلی موکری لە ڕێ لای داو، هەلی کوتایە سەر «مەراغە»و کەوتە کوشتاری موسولمانان‌و مرۆڤێکی زۆری لە سەربازان‌و مسکێنان‌و خەلقی تر دایە دەمی شمشێراە ئەم کارە نا شرینانەی «شێربەگ» هەمو خەلقی سەرسام کرد (!!)شای پایە بەرز دوستوری دابە «زەمان بەگ» پێنج هەزار کەس لە یاران‌و یاوەران‌و تفەنگچی یەکان بخاتە پێش خۆی‌و بڕوا ئاگری ئاشوب‌و ئاژاوەی «شێربەگ» بکوژێنێتەوە، بەلام بەر لەوەی لەشکر بخاتەڕێ، خود «شاه عەبباس» بە نۆکەرێکی تایەبەتی‌ی خۆی‌دا کولیرەنانێکی بۆ «شێربەگ» نارد، کە تێی بگەیێنێ : تۆ تا ئێستە بەنان ونەمەگی ئێمە گەورە بووی(!!)، ئەگەر سپلەیی بکەی هەوالەی نان‌و نەمەگ بی[119] .

ئەم قسانە ئەگەر «ئەسکەندەر بەگ تورکمان» نەینوسیبایە، هەرگیز باوەڕ نەدەکرا کە «شاه عەبباس»ی کورد کوژ، هێندە زەبوون بوبێ سەردار یێکی موکریانی بەنان‌و نەمەگ سوێن بدات ، هەر دوێنێ بو کە «شێربەگ» لە دەمی شمشێر ڕزگار بوبوو، ئاگری ڕق‌وکینی شاه عەبباسی خوێن‌ڕێژی موکریانیانی بە چاوی خۆی دیبو، کە نهێن بڕانەو نایاوانە «قوباد خان»و صەت‌و سی‌کەسی بێ تاوانی لەبن خێوەتەکەیا سەر بڕیبو، خەلقی هەمو گوندو دێ‌و شارەکانی موکریانی قڕ کردبو ، لە هەر کوێ بیزانیایە کابرایێکی کوردی موکریان ماوە ئەنێردرا ئەکوژرا ٠٠٠ ئا ئەم «شاه عەبباسە» خوێن مژە ، چۆن ئەمڕۆبە بیری‌دا هاتبو کە «شیربەگ» هەوالەی نان‌و نەمەگ بکات؟ مەگەر بنەمالەی «شیخ صەفی» هەر لە شیخ صەفی‌یەوە تا «شاه عەبباس» هەمویان بە نان‌و نەمەگی گەلی کورد

---

(119) عالەم ئارای عەبباسی (٢/ژ١ ، ١٣٢) .

نەژیا بوون؟ بۆچ جارێ بیری نانو نەمە گیان نەئەکردەوە!؟ خۆ «شیربەگ»لە «قوبادخان»و لە «ئەمیرخانی لەپزێرین» بە دەسەلات تر نەبو کە هێشتا «شاە عەبباس»چەکەرەکی لێ بکا،و نەوێرێ «زەمان بەگ» بە پێنج هەزار کەسەوە بنێرێ کە لە پڕ بدات بەسەریا !؟

بێ گومان «شاە عەبباس» لەبەر ئەمانەی نەبو.. لەم کاتەدا دو داگیرکەری «صەفەوی»و «عوثمانی» لەسەر وولاتی کوردستان شەڕە ـ قۆچیان بو ، سپای عوثمانی بەهێزی عێلاتە کوردەکانەوە لە سێ لاوە («لای «بەغدا»وە، لای «دییار بەکر»ەوە، لای «یەریڤان»ەوە) سپای «صەفەوی»یان بە تەنگ هێنا بو .. هی ئەمە بو کە «شاە عەبباس» نانو نەمەگی کەوتبووە یاد،و ئەیەویست «شیربەگی» کوردی موسولمانی دڵپاکی سادە دڵ بە نانو نەمەگ هەڵ بخەڵەتێنێ .

با چاوێکی تر بگێڕین بە «عالەم ئارای عەبباسی»دا بزانین «ئەسکەندەر بەگی تورکمان» چی نووسیوە: «بەڵێ! کە «شیربەگ» باسی نانو نەمەگی کەوتەوە بیر ، «مەراغە»ی بەجێ هێشتو لەگەڵ عێلو وخێڵەکانی موکریانا ڕوی کردە چیا سەختەکان»(١٢٠) .

«شاە عەبباس» توانی بە نانو نەمەگ «شیربەگ» فریو بدات وهەڵی لەدەس بدات،و شۆڕشەکەی پێ تێک بدات.. بەڵام خۆی گوێی نەدایە ڕەوشتو خووی پیاوانە، وساڵێ پاش ئەم خۆ بە زەبوونو بە پیاو نیشان دانە، شاڵاوی کردەوە سەر «موکریان»، تەنانەت قەڵای «گاودۆڵ»،و هەمو دێو گوندو ئاواییو شارەکانی تاڵان کرد،و دەغڵو دانەوێڵەو باغو دارستانو جەنگەڵی ئاگر تێ بەردا وخەڵقەکەی دایەوە بەردەمی شمشێر.. تەنیا ئەوانە ڕزگار بوون کەخۆیان گەیاندە چیا هەزار بە هەزارەکان، پاش گەڕانەوەی سپای «شاە عەبباس»، دوبارە

---

(١٢٠) عالەم ئارای عەبباسی (٢/١٣١ ، ١٣٢) .

«شێربەگ»ی کەڵەمێرد لەگەڵ عێڵی موکری‌یا گەڕایەوە موکریان، دێو شارەکانی ئاوەدان کردەوە... بەڵام زۆر سەیرە کە نازانرێ ئەم دلێرەکەی‌و لە کوێ مردووە؟ دوور نی‌یە «حاجی قادری کۆیی» لەم هەڵبەستەدا کە دەڵێ:

«موهەلهەل، ئەردەشێر،و دەیسەم،و شێر
قوباد،و باز،و میری ئەردەڵانی»(١٢١)

مەبەستی لە «شێر» ئەم شیربەگە بێ،و ڕەنگە لە سەردەمی ئەم میرە مەزنەدا، «سەوق بلاق = ساوجبلاق = سابلاخ»، کەدێ‌یەکی بێنج‌شەش ماڵی بووە، ئاوەدان کرابێتەوە، کرابێ بە ناوچە..

## بڵباس:

وا دییارە لەم سەردەمانەدا، کە خەڵقی موکریان تووشی کارەسات وقڕان بوبون،و، کوشتارو قەڵاچووو دەربەدەری، شەکەت‌و کەنەفتی کردبوون، مەیدان بۆ عێڵی بڵباس چوڵ بووە، کەو توونە پەلاماردانی مرۆڤی کوردستانی ئەردەڵان‌و تالانکردنیان. «قاضی محەمەد شەریف سەنەندجی» نووسیویە: «تیرەی بڵباس، کە هیچ کاتێ سەریان بۆ دەسەڵاتی ئێران وڕۆم دانە نەواند بوو،باج‌و پیتاکیان بەهیچ فەرمانڕەوایێ نەدابو، دەستیان بۆ ئەردەڵان درێژ کرد، «خان ئەحمەد خان» (١٠٢٥-١٠٤٦کۆچی = ١٦١٦-١٦٣٦زا) چەند جارێ تالانی کردن‌و گەورەکانیانی بەدیلی هێناو چەند کەسێکی لێ کوشتن‌و ناچار بوون کە سەر شۆڕبکەن»(١٢٢).

---

(١٢١) دیوانی حاجی قادری کویی.
(١٢٢) زوبدەت التەواریخ دەس‌نووس، تاکانە نوسخەی کتیبخانە کامبریج لە لەندەن لاپەرە(٥٥).



هەوالنامەی کتێب

« مەستورە خانم »یش ئەمەی خستۆتە سەر: هەر کە فەرمانڕەوایانی «ساوجبلاغ» و«مەراعە» بەم زەبرو زەنگەی خان ئەحمەد خانیان زانی، هەمویان بە دیاری وپێشکەشي زۆرەوە ڕویان کردە بارەگای « خان ئەحمەد خان»و بەلێنیان دا کە فەرمان بەربن ، وخۆیان بەخت بکەن»[123] جا لە قسەکاني « مەستورە خانم » بۆمان دەرئەکەوێ کە «سابلاخ»ـ کەوا لەم دواییەدا ناو نراوە «مەهاباد»[124] ـ پاش هەزارەی کۆچی کراوە بە ناوچە و شارۆلکە[125] • «بلباس»یش لەم باسە بە دوواوە چەند جارێکی تریش باسی دێت •

(١٢٣) تەءریخ ئەردەلان لاپەڕە (٣٨) •

(١٢٤) لە سەردەمی «ڕەضاشای پەهلەوی»دا ناوی تورکیي «ساوجبلاغ» گوڕدرا بە «مەهاباد» کە گویا ناوی یەکەمین پەیغەمبەریکە لە مەرێمەکەدا هەلکەوتووە ، (بۆ ناوی مەهاباد سرنجی فەرهەنگی موعین بدرێ پیتی میم) •

(١٢٥) کاك «ناجی عەبباس» نامیلکەی «هۆزی فەیض اللاە بەگی‌یەکانی بۆکانی»ی وەرگێراوە بە کوردی‌و لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری‌دا بلاو کراوەتەو، ولەلاپەڕە (٩١/ب/٥)دا نوسراوەو : «••• لە پاشان حەمدوالللاە» موستەوفی قەزوینی لە نوزهەت القلوبدا ـ کەسالی ٧٤٥ك (١٣٤٠ز) نووسیویەـ لە لاپەڕە (١٦٩) لەژێر ناوی «ساوج بلاغ»دا دەلی : «•••درعهد مغول سوی (مساوی) شده ••• والحال خرابست ••» واتا لە زەمانی مغولە کانا خراپو تەخت کراوئیستا وێرانەیە»• بە داخەوە ئەوانەی « نوزهەت القلوب » یان خوێندۆتە وەو ، لێیان وەرگرتووە لە قسەکەنەگەییون، «نوزهەت القلوب» نووسیویە: «ساوج بلاغ ویلایەتێ کە سەردەمی سەلجوقیکان پیتاکی بە «ڕەی» داوە،و لە سەردەمی مغول‌دا جیا کراوەتەوە، هەوای زۆر خۆشە، بەشی زۆری ئاوەکانی کارێزە، میوەو خەلەی زۆرە، نانی زۆرجوانە، باجی سالآنەی بۆ دیوان دوازدە هەزار دینارە••• خەلقەکەی گوێ نادەنە مەذهەب، گەورە دێیەکانی: «خڕاو، نەجم ئاباد،و سونقور ئابادە» ولەسونقور ئابادا سەیدی مەزن زۆرە ئێستە خراپەیە (واتا سونقور ئاباد خراپەیە)•» جگە لەمەش ئەم «ساوج بلاغ»لە عیراقی عەجەم دایە، «ساوج بلاغی» ئێمە لە ئاذەربایجان دایە ، جائە مەی دوایی مەبەست نی‌یە،و ئەو حەلەش نەبووە •

## بوداق سولطان کوڕی شیربەگ خان :

دەربارەی ژیان‌و سەر بوزەشی ئەم سەردارە، سەرچاوەییکمان بە دەستەوە نی‌یە جگە لە «مەهابادی دیرۆزو ئیمرۆز»و هەندێ زانیاری کە لە پەراوێزی شەرەفنامە کوردی‌یەکەی هەژاردا هەیە.. کە هەر چەندە هەوالەکانیش ڕێک‌وپێک نیین، ئێمە وەریان ئەگرین،و هەڵەکانیان ڕاست ئەکەینەوە: «حەسەن طاهیری » نووسیویە: « بوداق سولطانی کوڕی شیرخان» (١٠١٧ – ١١٠١ک) ساڵی ١٠٣٨ بووە بە میر لە سەرەتادا لە «میرئاوای نەعلەین» نیشتەجێ بوە، پاشان گوێزایەوە «ساوجبلاغ»و کردی بە ناوچەی موکریان، کەوتە ئاوەدان کردنی،و لە یەکەم هەنگاوا کارێزێکي لێدا،و لەسەر ڕوباری «ساوجبلاغ» سێ بناوانەی هەڵبەست: «بناوانەی لەج »، «بناوانەی دارەلك »و «بناوانەی دولای پردی سور » کە ساڵی ١٠٧٩ کۆدروستی کردووەو ، مزگەوتی هەینی کە ساڵی ١٠٨٩کۆ دوروست کردوەو هەروا کاروانسراو گەرماوەی دامەزراند ( کە ئەمانە جگە لە پردی سوورومزگەوتی سوور هیچیان نەماون) .. ئنجا ئەڵێ : پاش «بوداق‌خان=سولطان)» موساسولطانی کوڕی ، ئنجا شیخ عەلی کوڕی موساسولطان، پاش ئەو محەمەد خانی کوڕی شێخ عەلی،و لەوە دووا بوداق خانی کوڕی «شیخ عەلی» سەرداری ئەو ناوە بوون[١٢٦] .

«کاك عەبدالرەحمان هەژاری» هەستیار، لە پەراوێزی «شەرەفنامە»دا ـ کەوەری گێڕاوەتە سەر کوردی نووسیویە: «بو داغ سولطان‌و شاەسولەیماني صەفەوی ئاشنایەتی‌یان زۆر خۆش بووەو بێ ترس‌و ئاژاوە ژیاوەو، بە ئارخەیانی (ئارخاینی = دڵنیایی )و دڵسۆزی سەرو سامان‌و ڕمتنی(!!؟) بە وولات‌و دانیشتوان داوەو، خۆی هێند خۆشەویست

---

(١٢٦) مەهاباد دیروزو ئیمروز لاپەڕە: ( ٥، ٦، ٧، [illegible]
[illegible]

کردووە، لە حەلکی دییارورەمەنیس ناوی نەویان کردۆتە نوشتەی سەر دڵو لە خۆشیانی شێر بە کیشیان لەبیر چووەتەوە»(١٢٧) .

لام وایە ئەم قسانەی هەژار، هی پیرە پیاوانی موکریانەو، ئەوەی ڕاست بێ شاسلیمانی صەفەوی لە ١٠٧٧ەوە تا ١١٠٥ك (١٦٦٧-١٦٩٤ز) شای ئێران بووە،و سەرچاوەییەکی مێژویی نییە بۆمان دەربخات کە هاوسەردەم بوون، مەگەر بە قسەکانی «کاك حەسەن طاهیری» یاڕابپەڕموین کە ئەویش بێ پاڵشتەو بێ سەرچاوەیە :

لە سەردەمی شاە عەبباسی صەفەوی (دووەم)دا (١٠٥٢-١٠٧٧ك = ١٦٣٩-١٦٦٤ز) دوبارە هەرێمی « موکریان» کەوتەوە بەر هەلمەتو شاڵاوی قزلباش، خەلقی موکریان ڕەویان کردو، ئاپۆرەی وولاتان بوون، ودێو ئوبدو شارۆلکەو شارەکان. هەمو ئاگرتێ بەردران، قوتابخانەکان ومزگەوتەکان وێران کران، عێلاتی دزەی مەرگەوەرو تەر گەوەرکە ڕهەنەی ئەو شەڕانەن- گەیشتنە دەشتی هەولێر،و زۆربەی عێلی برا دۆست لەبەشی عوثمانی یامانەوە، زانایانو ئەدیبانو شایەرانی کورد، هەڵبەستو بەیتی زۆریان دەربارەی ئەم کارەساتانە هۆنییەوە، کە « شاە عەبباسی دووەم» مرد یەکێ لەئە دیبانی کورد بەم بەیتە (تاکە هەڵبەستە) مێژوی مەرگی تۆمار کرد:

[لقد نادى المنادي «مات شا» لعنة الله عليه ماتشا » ١٥٥×٦٦×
١١٥×٤١×٧٠١=١٠٧٧

هەژار لە پەراوێزی شەرەفنامەدا نووسیویە : ساڵی (١١١٤ك) لە سابلاغ سکەلێ دراوە (!!؟). ساڵی ١١٣٤ك « نادر شاە ئەفشار» لە « ساوجیلاغی موکری»یەوە ڕوی کردە «ئازەربایجان»(١٢٨) .

---

(١٢٧) شەرەفنامە کوردییەکەی وەرگێڕدراوی هەژار (١/٥٤٣ ، ٥٤٤) .
(١٢٨) تەجریبەت الئەحرار (١/٥٩)

سالی ۱۱٤۲ک لە نێوانی دەولەی عوسمانیو «نادر شاه»دا پەیمانی ئاشتی بەسترا بە پێی ئەم پەیمانە «موکریان» کەوتە بەشی دەولەتی عوتمانی(۱۲۹) .

سالي ۱۱٤۳ کە عەبداللاە پاشای سەر لەشکری عوثمانی ڕوی کردبورە «ئازەربایجان» جاریکی تریش «نادر شاه» بەسەر «ساوجبلاغ»و «مەراغه»دا ڕوی کردە دێخوارەکان (دهخوارەقان = ئادەرشەهر)و لەشکری ڕۆمی تەفرو تووناکرد(۱۳۰) .

وا دییارە لەم سەردەمانەدا «عەلی نەقی خانی موکری» ئەمیری «سابلاخ» و«سەلدوز» (ولاتی موکریان) بوبێ :

## عەلی نەقی خانی موکري : ( رەنگە موکریی موکریان نەبێ چونکە ناوەکەی شیعەیانەیە ) :

لە پاومانی سالي ۱۱٥٤ ك (۱٦٤۳ زا)دا « نادر شای ئەفشار » لە «تەوریز» لەشکر بەزی کردو هەندێ میرو سەرداری هەریمەکانی گۆڕی،و «عەلی نەقیخانی موکری» بە تێپی سەربازەوە نارد بۆ تەمێکردنی کوردە یەزیدییەکان(۱۳۱) سەبارەت بەوەی کاتێ کە سپای «نادر شاه» هەلی کوتا بووە سەر «داغستان»و ئەو کوردانەی سەر بە «سولطان محەمەد» بوون لەگەل «عەلی نەقیخان»دا پەیمانیان بەستبو کە پێ نەتێنەوە خاکی وولاتو ئاژاوە نەتێنەوە، بەلام کۆمەلێکیان لە هەل سوودیان وەرگرتبو ،

---

(۱۲۹) ئینقیراض سیلسیلەی صەفەوییە، لاپەرە (۳٤۰) .

(۱۳۰) تەجریبەت الئەحرار (۱/۲۰۹) .

(۱۳۱) واد یبارە مەبەست عێلی مەحمودی بێکەیە زیدی بوون، لەگەل ئەمەشدا کە شیعەبە خۆیان ئەوت «حوسەینی»و بە هەمو کوردی سوننییان ئەوت «یەزیدی» .

شالاویان بردبووه سەر «سەلدوز»و پاشان ئەڕابووبەوە بۆ هەوارەکانی خۆیان»[١٣٢] •

سالی ١١٥٨ك (١٧٤٤زا) «نادرشای ئەفشار»لە سەر سنوری «تەوریز» و «ساوجبلاغی موکری» چەند ڕۆژیکی بەخۆشی بەسەر برد••• بەلام لەپڕ پەیکێو نامە هەلگرەکان لەدە وروبەری «سەووق بلاق»و «سەلدوز» و«مەراغە» وەهاتن‌و گوزارشیان‌دا: کەکۆمە لێ «بلباس»و کوردی «یەزیدی» خەریکن ـئەم هەرێمانە تالان بکەن •• جا فەرمانی «نادرشاه» بە ناوی «میهردۆست بەگی قرخلو»ـ کە یەکێ بۆ لە خزمەکانی خود نادرشاه ـنووسرا: کە بە چل هەزار کەس لە غازی کانی (!!؟) «مەراغە»و «موقەددەم»و «ئەفشاری ـ صائین قەلا» و«تورکمانی تەوریز»ەوە ڕو بکاتە سەرسنوری وولات بۆ پاراستنی ئەو ناوەو وپێشی راگەیێنرا: کە هەرگاە کۆمەلەیێ مرۆڤی «بلباس»و «یەزیدی»یان دی،و زانی‌یان کە نیازیان خراپەو ئەیانەوێ دەستدرێژی بکەن، «محەمەد قاسم خانی ئەفشار»ی (سەرداری ئورمی‌یە)و «عەلی نەقی خانی موکری» (میری سەووق بلاق وسەلدوز) لەگەل خۆی هەل بگرێ،و بدات بەسەر ئاژاوەچی‌یەکاناو نابووت یان‌بکات »[١٣٣] •

سالی ١١٧٣ك « کەریم خانی زەند » بەسەر «سابلاغ» داڕوی کردە «مەراغە»[١٣٤] •

سالی ١١٧٧ك ، کە دونبولی‌یەکان‌و « فەتح عەلی‌خان ئەفشار» لە «ئاذەربایجان» هەرایان هەلگیرساند ، «کەریم خانی زەند» قەلای «ئورمی‌یە»ی گەمارۆدا «فەتح عەلی خان » خۆی دایە دەستەوەو ،

---

(١٣٢) عالەم ئارای نادری (٢/٣١٨) •
(١٣٣) عالەم ئارای نادری (٢/١٦٧) •
(١٣٤) موجمەل التەواریخ ئەبوالحەسەن گولستانە لاپەڕە (٤٥٠) •

سالی ۱۲۰۰ «محەمەد قوی‌خان» ـ پاش کوژرانی «ئاغامحەمەد خانی قاجار»(!) (یەختە) ـ هەلی بە سوودی خۆی داناو بەهێزی حویەوە دای بەسەر «ئورمی‌یە»دا ، وپاش کوشتنی «ئەحمەد خانی دونبولی»و دامرکاندنی ئاژاوەی «بلباس» وتەمێ‌کردنی «بوداق خانی موکری» ، سەردارانی عێلەکانی وولاتی «ئاذەربایجانی» تێکرا سەرشۆڕ کردو بوبە فەرمانڕەوای یەکانەی «ئاذەربایجان»(۱۳۸) •

(۱۳۵) تەجریبەت الئەحرار (۲/۳۹) •

(۱۳٦) تەجریبەت الئەحرار (۲/۲۵۰ ـ ۲۵٤) •

(۱۳۷) تەءریخ ئەردەلان (۱۲۳) •

(۱۳۸) کتێبی بوزورگانو سوخەن سەرایانی ئاذەربایجان لاپەڕە (۲٦۵)،و تەءریخ خۆی لاپەڕە (۲۰۹) •



وبەربەزەیی‌و میهرەبانی «کەریم‌خان» کەوت، و ئەو ئەرکەی خرایە سەر شان کەخۆی‌و کۆمەلێ بچن عێلی «بلباس»ی یاخی سەرکوت بکەن،و ئاژاوە یان دامرکێنن • جا «فەتح عەلی‌خان»چو ئەو کارەی ئەنجام داو گەڕایەوە(۱۳۵) •

سالی ۱۱۹٤ک، «ئیمام قولی‌خانی ئەفشار» ـ کە زاوای «ئەحمەد خانی دونبولی» بو ـ سوودی لە هێزەکانی «زەرزا»و «بلباس»و عێلەکانی تری وەر گرت‌و لە ئاذەربایجانا جاری یاخێتی‌ی‌داو ، شالاویشی کردە سەر «ئیصفەهان»(۱۳٦) •

من ئەم هەواڵەم تۆزێ لاسەیرە(!) چون ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاستبێ دەبێ هەرێمەکانی «قەزوین»و «تاران»ی داگیرکردبێ ، ئنجا هەلی کوتابێتە سەر «ئیصفەهان» ، رەنگە ناوی «ئیصفەهان» بەهەلە لەباتی «زەنجان» یا «هەمەدان» هاتبێ ، و«مەستورە خانم» نووسیویە : ئەم باسە لە سالی ۱۱۹٦ دابووە(۱۳۷) •

ئەم هەواڵە ، سێچوار هەڵەی زۆر کەورەی تیایە : یەکەم : «ئاغا محەمەدخانی قاجار » شەوی ٢١ ذی القعیدە / ١٢١١ك ، لەلایەن فەراشەکانی خۆیەوە کوژراوە ، واتاپاش ئەو هەواڵەبە ١١سال • دووەم : «ئەحمەد خانی دونبولی» لەلایەن کوڕەکانی «شەهبازخانی دونبولی»یەوە کوژراوە ، کە ئەم «شەهبازخان»ە مامیبووە ، یابرای بووە ، مێژو ساغی نەکردۆتەوە • سێیەم : «بوداق‌خان»کامە (!؟) ئەگەر مەبەست «بوداق سوڵتان کوڕی شێر بەگ‌خان» بێ ، دەبێ ددان بەوە دابنەین ـ وەك «حەسەنی طاهیری» وتویە ـ کەتا ساڵی ١٢٠١ ماوە ، واتا ٨٤ ساڵ ژیاوە،و ٦٧ ساڵی ڕەبەق فەرمانڕەوای موکریان بووە بێ ئەمەی کەس بەربەرەکانی لەگەڵ بکات ، کە ئەم قسانە هەموی لەژێیری کاملەمە دوورە کە پەسەندی بکات • چون زۆر دوورە ناپیاوانی کوردو قاجار دژی نەوەستابن •

«حەسەنی طاهیری» نووسیویە : «پاش « بوداق سولطان» ، «موساسولطان»ی کوڕی ، ئنجا «شیخ عەلیخان»ی کوڕی «موساسولطان» سەرداری عێڵو فەرمانڕەوای هەندێ بەشی موکریان بوون پاش «شیخ‌عەلیخان» «محەمەدخان»ی کوڕی ، کە ساڵی ١٢١٢ك لە «ساوجبلاخ» مردووە ، وپاش ئەو «بوداق‌خان» بووە بەسەردار • ئنجا نووسیویە : «لە ساڵانی (١٢١٢ ـ ١٢٣٨ ك)دا هەراوشەڕو شۆڕ لەنیوانی عێڵو خێڵەکان «موکری»و «دیبوکری»و «بلباس»دا پەیدابو[139] جا «ئیماە قولیخانی» ئاموزای «بوداق‌خان» لەلایەن «کەریم خانی زەند»ەوە، کرا بەفەرمانڕەوای موکری، بەڵام کەکەوتە شەڕەوە لەگەڵ «بوداق‌خان» شکاو کوژرا»[140] •

---

(١٣٩) مەهاباد دیروزو ئمروز لاپەرە (٧و٨) •
(١٤٠) مەهاباد دیروز وئیمروز لاپەرە (٨) •

لەم باسەدا دو هەڵەی زۆر گەورە ڕوی داوە • یەکەم: «ئیمام قولی‌خان» ، «موکری» نەبو، «ئەفشار» بو ، وزاوای «ئەحمەدخانی‌دونبولی» بو ، وەك لەپێشا ناومان‌برد • دووەم: «کەریم خانی زەند » سالی ۱۱۹۳ کۆچی ، ئەم جیهانەی بەجێ هێشتوو ، «و پادشایێتی‌ی بنەماڵەی «زەند»یش بەکوژرانی «لوطف عەلی خانی‌زەند» سالی ( ۱۲۰۹ ك = ۱۷۹٤زا ) دوایی هاتوو ەو، « حەسەنی بابا طاهیری» خۆشی ناوی «ئیمام قولی»ی لەدرەختی بنەماڵەی «موکری»دا ، نەنوسیوە• تەنانەت لەناوەکە دییارە کە ئەم کابرایە «شیعە» بووە •• جگەلەوەش «مەستورەخانم» ئەم باسەی دوور درێژ نووسیوە: «••گویا جەعفەرخانی زەند سالی ۱۱۹٦ ك ویستویە کوردستانی سنەو ێران بکات و«ڕەضا قولی خانی ئەردەڵان» پەنای بردۆتە بەر «ئیمام قولی‌خان» بۆ «ئورمی‌یە»، ئەویش ئەم هەلەی لەدەست نەداو ەو، سپای کۆ کردۆتەوە دژی «زەند»و کوردستانو عیراقی عەجەمی داگیر کردووەو بڕیاری داوە ڕوبکاتە «ئەصعەهان»، بەڵام لەترسی «عەلی مرادخانی زەند» بەرەو «ئورمی‌یە» هەڵاتووتەوە•• تاد »(۱٤۱) •

«ئەمین زەکی بەگ» نووسیویە : سالی ۱۱۹۷ك والی‌ی بەغدا «سلیمان پاشا» بەسپایێکی قورسەوە ڕوی‌کردە کوردستانی عیراق‌و گەییشتە کەرکوك ، «مەحمو-پاشای بابان» کە فەرمانڕەوای «قەلاچوالان= ناوچەی بابان)بو، نەیویست بیێتە هۆی خوێن ڕژانو خراپی‌ی وولات، بنەو بارگەی پێچایەوە ڕوی‌کرد، «سنە»، ولەوێوە «عوثمان»ی کوڕی نارد بۆ بارەگای «عەلی مورادخانی زەند»ـ کە تازە بوبوە شای ئێران‌و لەوەپێش کەسەرداری سپای ئێران‌بو، لەشالاوا بۆ سەر بابان، «مەحمود پاشا»ی بەدیل گرتبوو و ڕێزی لێ‌نابو ـ داوای لێ‌کرد کە بیکا بە فەرمانڕەوای، «ئەردەڵان» «عەلی مورادخان» کەهێشتا «ئاذەربایجانی»ی

(۱٤۱) تەئریخ ئەردەڵان لاپەڕە (۱۲۳) •

تەخستبووە ژێر فەرمانی خۆی ئەمەی بەهەڵ زانی‌و فەرمانی سەردارێتـی «موکریان»ی بۆ نارد، لە «مەحمود پاشا» کەبیستە «سەقز» «بوداق خانی موکری» دژی ڕاپـەڕی‌و بەیارمەتـی سەردارانـی «ئورمی‌یـە ، خـۆی ، سەلـماس‌و مەراغـە» هێزێکـی دوازدە هەزارکەسـي پێکەوەنـاو کەوتـە بەرانگاری، بەڵام «مەحمـودپاشـا» گەرچـی هێزەکـەی لە ٥٠٠ کـەس تێ‌نەئەپەڕی، زاتی نایە بەرخۆی،و هەڵی کوتایەسـەر سپاکەیان، خـۆی لەلاییێکەوە،و «عەبدالرەحمان بـەگی» کوڕی لەلاییێکەوە ، ئـەوسـپـا مەزنەیان شڕووڕگرد،و لەپاشـا کەوتنەوە ئاشت بوونەوە ، ئالەم کـاتەدا گوللەیێکی وێڵ دای لەمێشکی «مەحمود پاشا» وپژانـدی‌و هێـزەکەی کشایەوە ، ئەم هەرایە لەساڵی ١١٩٨ کۆچی یابڕایەوە(١٤٢).

«کاك حەسەن طاهیری»ش ئەم باسەی سەربە ساڵاني (١٢١٢-١٢٣٨) باس کردووە(١٤٣). بەڵام نەلـە «موجمـەل التەواریـخ»و نەلـە «تەءریـخ ئەردەلان»و نەلە «لوب‌تەواریخ»دا ، دیباری بۆ ئەم باسانە نەکراوە .

بەڵکو بەپێچەوانەی ئەم باسە : مەستورەخانم نووسیویە : لەساڵانی ١١٩٤ - ١١٩٥دا هەنـدێ لە سەردارانی «ئـەردەلان» لە «خەسـرەوخانی دووەم کوڕی‌خان ئەحمەد خانی کوڕەزای سوبحان‌و یردی‌خان» تـۆران‌و پەنایان بردە ئەمیری بابان «مەحمودپاشا»و لەوێ‌و یستیان کە بەیارمەتی عوثمانی‌و بابان لە «ئەردەلان»دا ئاژاوە بنێنەوە ، بـەڵام «خەسـرەوخان» زۆربە توندی جولایەوە،و مـاڵ‌و سامانیانـی داگیرکـرد .و لەم‌کاتـەدا «محەمەدپاشا»و «عومەربەگ»(١٤٤) - کە هەردوکیان بـرای «مەحمـود

---

(١٤٢) تەءریخ السلیمانیە و ئەنحائها لاپەرە (٩١،٩٢)

(١٤٣) مەهاباد دیروزو ئیمروز لاپەڕە (٨) .

(١٤٤) روستەم التەواریخ باسی «عومـەر ئاغای بابـان» ئەکات کـە سـوار چاکێکی چابوکسوار بووە ولەمەیدانی ئەصفەهان داهەمو سـوارەکانی بەزاندووە،و عەلی مورادخان خۆی بۆی سـوار بـووەو بەسەریـا زاڵ بووەو بەرم لەپشتی داوە کوشتویە لاپەڕە (٤٤٤) .

پاشا» بوون ـ یاخی‌بوونو هەردوهەڵاتن بەرەو «ئەردەلان»و لە سای «خەسرەوخان» دامانەوەو، پاشان بڕیاردرا لە «مەحمودپاشا» «کەهزاد خانی لوڕی سوبحان‌و یردی خانی» پەناهەندە لەوێ بنێرێنەوە ، ئەمیش هردو براکەی بداتەوە، لە پەناهەندەکان گۆڕدرانەوە «خەسرەوخان» بەڕێزەوە پێشوازی‌ی لە «کەهزادخان»ی مامی‌کرد. بەڵام «مەحمود پاشا» زۆربێ بەزەیی‌یانە هەردوبراکەی خۆی کوشت(١٤٥) .

کاك «حەسەن طاهیری» نووسیویە : «بوداق‌خان» بۆ ئەوەی بتوانێ بەرانگاری‌ی لەگەڵ «بلباس» بکات ، لەگەڵ «ئەفشار»ەکانی «ئورمی‌یە»و فەرمانڕەوای «مەراغە» یەکێتی‌یەکی پێک‌هێنا ، بەڵام «موحەمەد قولی‌خانی» بەگلەر بەگی ـ کەفەرمانڕەوای ئورمی‌یە بو ـ دژی‌ئەمان وەستاو «بوداق‌خان»ی خوڵك‌کرد بۆ «ئورمی‌یە»، هەر کە گەیشتە ئەوێ ناردی خستیانە زیندانو هەردو چاوی‌ی هەڵکۆڵی .. بەڵام کە «قاجار» هاتنە سەرتەختی پادشایێتی‌ی ئیران ، «بوداق‌خان» سەری بۆیان داهێنا وتا ساڵی ١٢٣٨ ژیا(١٤٦) .

عەبدالرەزاق نەجەف قولی‌خانی دونبولی (مەفتون) نووسیویە : لە ساڵانی١٢٣١ ك)دا تیبرەی گومڕای (وەك ووتویە) بلباس چەند جاردای بەسەر « ساوجبلاغ »دا چەند کەسێ لەناو اکوژرا،و هەندێ ئاژاڵ بە تاڵان‌برا، «بوداق خانی موکری» لەم بارەوەگوزارشێکی نووسی بو «نائیب السەلطەنە» . جا فەرمانی‌دا کە «ئەمیر خانی سەرداری قاجار» بەسپایێکی قورسي سوارەو پیادەوە بڕوات بۆ بنبڕ کردنی ئەو تیبرەیەو بڵاوە پی‌کردنی.. هەروا فەرمانیشی دایێ کە « بوداق‌خان»و « سەرتیپ ئیبراهیم بەگ سەرباز » و«جەعفەر قولی‌خان»ی میری «مەراغە»ش بە

---

(١٤٥) تەءریخ ئەردەلان لایەرە ( ١٢٠ ـ ١٢٢ ).

(١٤٦) مەهاباد دیروزو ئیمروز (١٠،٩،٨) .

هێزەکانیانەوە بنێرێ کە لەچیاکانی «شارەزور»و «سلیمانیە»شدا بڵباسەکان تەرنەوەرتە یکەن(١٤٧) •

## ئاقاجانیخانی کوڕی ئیبراهیم ئاغای موکری :

روستەم التەواریخ نووسیویە : «ئەم ئاقاجانییە بەفەرمانی «محەمەد عەلی میرزای» کوڕی فەتح عەلی شای قاجار» بوبە «بەگلەربەگی» خوزستانو هەمو عەرەبستانی ئێران(١٤٨) •

کاک حەسەنی طاهیری نووسیویە : پاش مەرگی «بوداقخان» «ئیبراهیم خانی باکوئی» ـ کە لەوەبەر ضابطی دیوانی موکریبو ـ کرا بەفەرمانڕەوای «موکری»و پاش دوساڵ لەسەر کاری قوڕ وزۆروستەم لیخرا • «وشیخ عەلیخانی کوڕی ئەحمەدخانی موقەددەم» لەجیی ئەوکرا بەفەرمانڕەوای موکری(١٤٩) •

ئەوەی ڕاست بێ دەربارەی هەواڵەکانی «کاك حەسەنی طاهیری تۆزێ بەگومانم، وەك لەپێشدا لەکتێبی «بوزورگانو سوخەن سەرایانی ئاذەربایجان»ەوە ، وەرمان گرت، باسیکوێرکرانی «بوداقخان» لەسەرچاوە کانانیيە، «ئیبراهیم خانی» باکویش سالی (١٢٣٧ك) دوستوری درایکە بەشی خۆرئاوای ئێران تەنانەت کوردستانی عیراق لە ئاژاوەو ئاشوب رزگاربکاو بیخاتە ژێرچنگی یەکێ لەبابانەکان• جگە لەمانەش ناوی «شیخعەلیخان» لە سەرچاوەکانا نەهاتووە ، «عەبدالرەزاق مەفتونی دونبولی» نووسیویە : «کە نائب السەلطەنە» بیستی بڵباس دەستدرێژی « سەلدوز »و «صاین قەلا» یان کردووە ، « ئەحمەد خانی موقەددەم» ـ

---

(١٤٧) مەئاثیر سولطانیە (٣٢٢) • (١٤٨) روستەم التەواریخ (١٩،٢٠) •
(١٤٩) مەهاباد دیروزو ئیمروز (٩،١٠) •

ئەریش سپی ی ئاذەربایجان بو ـ لەگەڵ «عەسکەرخانی ئەفشار»دا نێردران بۆ بڵاوەکردنەوەو، وتەمێ کردنیان»(١٤٩) •

کاك حەسەنی طاهیری نووسیویە : ساڵی ١٢٤١ك ، سەرداریێتی ی ـ کەلەپوری ی ـ موکریان درایەوە دەس میرانی موکری ، «عەباس میرزا نائب السەلطەنە» موکریانی دایەوە «عەبدوللاەخان کوڕی بوداقخان ، ئەم عەبدللاەخانە بە لەشکری موکری یەوە لەشەڕەکانی ئێران وڕوس و لەشەڕەکانی هیراتدا هاوبەشی ی کردووە،و ساڵی١٢٥٥ بەر نەوازشی شای قاجارکەوتووە• جگە لەوەبووەتە هۆی لابردنی ناکۆکی ی نێوانی « موکری » و دێبوکری»(١٥٠) •

ئنجا با گوێ بدەینە «سپیهر» «میرزاموحەمەد تەقی» کەنووسیویە: «ساڵی ١٢٤٧ کۆچی (١٨٣١زا) «شاەمورادبەگ» ناوێ ـ کەیەکێ بو لەکوردانی دەوروبەری «ڕەواندز»و لەبەر بەهێزی و جوامیری و زەبەردەستی بێ ی ئەووترا « میرڕەواندز »و بەفەرمانی « نائب سەلطانە عەبباس میرزای قاجار » سەرداریێتی «کۆیە»و «حەریری» هەبوو ••• ئەم کابرایە لە نێوانی «کەرکوك» و «وان» داکەوتبووە یاخێتی و سەرچڵی و لەدەوروبەری «لاهیجان» وساوجبلاغی «موکری» شداکەوتبووە تاڵانو بڕۆ ئەوناوەی داگیر کرد بو و، «قەراچوروم» ئاغای یاوەری خویشی ماڵو سامانی خەڵقی ئەو وڵاتەی هەمو تاڵاکردبو •• کەئەم هەواڵانە هەمو گەیشتە دەرباری شاهی •• دوستوردرا بە «خەسرەوخانی» والی ی(١٥١) کوردستان (سنە) : کەبچێ بۆ دامرکاندنی ئەو هەرایە ••• «نائب السەلطەنە عەبباس میرزا »ش کە لەو حەلەدا لە«خوراسان»بو ، لەوێوە فەرمانیدابە «سەرهەنگ» محەمەدخان سەرۆکی

---

(١٤٩) مەئاثیر سولطانیە (٢٧٥) •
(١٥٠) مەهاباد دیروزو ئیمروز (٩ـ١٠) •
(١٥١) ئەمباسە لە ( تەءریخ ئەردەلان ) مەستورە ، خانمدا هاتووە ، ئەگەر «خەسرەوخان» لەم شەڕەدا ببوایە باسی ئەکرد •

تیپی «تەورێز» و بە «سەرتیپ محەمەدخانی یەریڤانی» و «جیهانگیرمیرزا»[١٥٢]٠٠ کە بۆ لەناوبردنی ئەو، چاکی مەردایەتی بکەن بەدارا٠٠ جالە ١٠/ذی‌الحیجەی هەمان ساڵا هەر دولە شکربوون بەیەک و وشاڵاویان بردە سەرمیری ڕەواندز (واتامورادبەگ) و ئەویش مەردانە بەرانگاریان‌بو، وکو شتارێکی سەخت‌ڕوی‌دا، نزیکەی هەزارکەسێ لە خەڵقی «ڕەواندز» بەردەمی تیغی شمشێری سپای ئێران کەوتن و کۆمەڵێکیش لەخەڵقەکە بە دیل گیران ٠٠ بەڵام میری ڕەواندز بەسەلامەتی دەربازبو، وچولەپشتی پەردەی شەرمەزاری یاخۆی حاشاردا[١٥٣] ٠

ئنجا با گوێ بدەینە «حوسەین حوزنی موکریانی‌ی بەهەشتی» کە نووسیویە : ساڵی ١٢٤٧ک : کاتێ کە «میرمحەمەد پاشاکوێرەی ڕەواندز» هەڵی کوتابووە سەر هەرێمی «بهدینان» ،فەرمانی دابو بەیەکێ لەسەردار سپاکانی‌خۆی ـ کە ناوی «شاە موراد بەگ» بو هەرێمەکانی «لاجان» و«موکریان» داگیر بکات٠ «شاە موراد» بەرەو «موکریان» کەوتەڕێ وپاش داگیرکردنی «لاجان» دووقەڵای قایمی لە «لۆس» و«پەسوی» دوروست کردو قەڵا کۆنەکەی دێی «جەران»یش ئاوەدان کردەوە ـ کە سەربەلاجان بو ـ «فەتح عەلی‌شای‌قاجار» دوستووری‌دا بە «نائب السلطنە عەبباس‌میرزا» کەبڕوات گوێی «شاەموراد» ڕابکێشێ وتەمێی بکات لەهەمان کاتدا فەرمانیشی‌دا بە «خەسرەوخانی ئەردەلان»ی والی‌ی کوردستان‌و بە «محەمەدخانی فەرماندە»ی پایەکای لەشکری تەورێز کەبچن بۆ سەرکوت کردنی هێزی «سوران»٠ «شاە مورادبەگ» لەوکاتەدا «سەلدوز»ی گەمارۆدابو ٠ هێزی قاجاریش لەدێی «مەحمەوشاە»وە شاڵاویان کردبووە سەری ٠ هێزەکانی کوردستانی موکریان‌و ئەردەڵان‌و

---

(١٥٢) ئەم باسە لە «تەئریخ‌خۆی» ش داهاتووە ٠

(١٥٣) تەئریخ نەو لاپەرە (١٩)و، ناسیخ التواریخ سەلاطینی قاجاریە (٦٥/٢ ، ٦٦) ٠

مەراغەو تەورێزیش لەگەڵ سپای قاجارا بۆ یارمەتیو کۆمەك هاتبون..
لەگەڵ ئەمە ندە هێزەشا ، هێزی کوردی «سۆران» بەسەر لەشکری قاجار (تەوریز)دا زاڵ بوو شکاندی وباروبنەی تالان کرد،و بە گرانبارەوە گەڕایەوە «پەسوێ» . پاش مردنی «فەتح عەلی‌شاه» کە «محەمەد شای قاجار» هاتەسەرتەخت لەگەڵ میری سۆران ئاشتەوەبو، ئنجا «شاه مورادبەگ» بەهێزی سورانەوە کشایەوە»(١٥٤) .

بەم‌پێیە، وولاتی «موکریان» نزیکەی سێ ساڵێ لە ژێرڕکێفی میری سورانیش دابووە .

جگەلەم میروسەردارانەی ناومانبرد «روستەم التەواریخ» ناوی «ئاقاجانی موکری» دەبا کەفەرمانڕەوای کرمانشاه بووە بەڵام ئەم ناوە دەبێ «موکری»ی هیندیو پاکستانی بێ نەك موکریان .

دەربارەی مێژوی صەدوپەنجاساڵەی پاش ئەم ماوایە ، دەبێ سەرچاوەی مێژویی «تورکی، فارسی،و روسی» صەدەی بیستەمی (زا٠) بە دەس بهێنرێ ، کە هێشتا لەم بارەوە شتی وانەنوسراوە کەدڵ پاراوبکات .
تەنیا دەربارەی «کوماری مەهاباد» چەند سیپارەیێ لەلایەن ئینگلیس‌و ئەمەریکی‌یەکانەوە نووسراوە ، کەجێی پیاڕایەڕموونی راستی نین..
ئەگەر رۆزگار یارمەتی بدات، هیواوایە زۆر سەرچاوەی بەبایەخو بەنرخ بنووسرێ .

---

(١٥٤) میرانی سوران لاپەڕە ٧٧ .

# سەرچاوەکانی ئەم سیپارەیە :

١ ــ الاخبار الطوال ، نوسینی ئەبو حەنیفەی دینەدەری وەرگێرانی صادق نەشئەت بە فارسی‌چاپی ساڵی ١٣٤٦ فا . تاران

٢ ــ التنبیه والاشراف ، نوسینی ئەبو عەلی حوسەینی مەسعودی ، وەرگێرانی ئەبوالقاسم پایەندە چاپی تاران ساڵی ١٣٤٩ فا .

٣ ــ فتوح البولدان ، نوسینی ئەحمەد کوڕی جابری بە لاذوری ، وەرگڕانی دوکتور ئاذەرتاش بە فارسی چاپی ساڵی ١٣٢٦ فا .

٤ ــ مختصر البلدان ، نوسینی ئیبن فەقیەهـ هەمەدانی ، وەرگێڕانی ح. مەسعود چاپی تاران ساڵی ١٣٤٦ فا.

٥ ــ صورة الارض ، نووسینی ئیبن حەوقەل ، وەرگێرانی دوکتور جەعفەر شەعار بە فارسی چاپی ساڵی ١٣٤٥ تاران‌فا .

٦ ــ تأریخ الامم والملوك ، نووسینی موحەمەد کوڕی جەریری طەبەری وەرگێرانی ئەبو القاسم پایەندە بە فارسی چاپی ساڵی ١٣٤٩ فا . ١٦ ؛ رگە .

٧ ــ تاریخ شاهەنشاهی هەخامەنشی ، نووسینی أ. ت. اولمستید وەرگێرانی موحەمەد موقەدەم لەئینگلیسی‌یەوە بۆ فارسی چاپی ساڵی ١٣٤٠ فا .

٨ ــ تاریخ ماد ، نووسینی م. م. دیاکونوف ، وەرگێرانی کەریم کشاوەرز بۆ فارسی چاپی ساڵی ١٣٤٥ فا.

٩ ــ ایران باستان ، نووسینی م. م. دیاکونوف ، وەیگڕانی دوکتور محەمەد موعین چاپی ساڵی ١٣٤٩ فا

١٠ــ ایران ازاغازتا اسلام ، نووسینی گیریشمەن ، وەرگێرانی روحی ئەرباب بە فارسی چاپی ساڵی ١٣٤٦ فا .

١١ــ جوغرافیای غرب ایران ، نووسینی ژاك دومورگان ، وەرگێرانی دوکتور کاظم‌و ەدیعی بەفارسی چاپی تەبریز ساڵی ١٣٣٩ فا.

١٢ـ تأريخ هرودوت ، نووسینی هرودوت ، وەرگێرانی دوکتور هیدایەتی ؛ فارسی چاپی سالی ١٣٣٦ فا. تاران .
١٣ـ حیات مردان نامی ، نووسینی پلوتارک ، وەرگێرانی رەضامەشایخی بە فارسی چاپی سالی ١٣٤٣ و ١٣٤٦ فا. تاران .
١٤ـ تقویم البلدان ، نووسینی ابو الفداء وەرگێرانی عبداله جیدئـایـەتی ، فاسی چاپی سالی ١٣٤٩ تاران .
١٥ـ تأریخ دیالمه ومغول ، نووسینی عەبباس پەرویز فارسی چاپی سـالی ١٣٣٦ فا .
١٦ـ ایران باستان ، نووسینی موشیر الدەوله حەسەن پیرنیا بە فارسی چاپی سـالی ١٣٤٨ فا ( جیبی )
١٧ـ تمدن هخامنشی ، نووسینی علی سامی بە فارسـی چاپی سالی ١٣٤٣ تـاران .
١٨ـ احسن التواریخ ، نووسینی حەسەن روملو چاپی سالی ١٣٤٩ تـاران بەفارسـی .
١٩ـ ظفـرنـامـه ، نووسینی شرف‌الدین علی یزدی چاپ اوزبگسـتان شورەوی ( اتحاد سوڤیتی ) سالی ١٩٧٢ تاشقند .
٢٠ـ اخبار سلاجقەی روم ، نووسینی ابن‌بی‌بی المنجم سالی ١٣٥٠ فا.تهران
٢١ـ تأریخ جهان‌گشا ، نووسینی علاءالدین جوینی چـاپ لیـدن ١٣٢٩ هـ ( ١٩١١ م )
٢٢ـ عالم آرای عباسی ، نووسینی اسکندربگ ترکمان تهران ١٣٥٠ فارسی
٢٣ـ عالەم آرای صەفەوی ، نووسینی نووسەرێ نەناسراو، چاپی سـالی ٢٥٣٥ شاهەنشاهی
٢٤ـ عالەم آرای نادری ، نووسینی محەمەد کاظم چاپی موسکو ؛ فـارسـی سالی ١٩٦٥م .
٢٥ـ تأریـخ خـوی ، نووسینی مهدی آقاسی چاپی تەوریز سالی ١٣٥٠ فا.
٢٦ـ تأریخ گزیده ، نووسینی حمدالله مستوفی چاپی سالی ێ١٣٣ـ١٣٣٩ فا.
٢٧ـ نزهت القلوب ، نووسینی حمدالله مستوفی چاپی سالی ١٣٣٦ .
٢٨ـ مجمل التواریخ زندیه ، نووسینی ئەبوالحەسەن گولسـتانه فارسـی ١٣٣٦ چاپی تاران
٢٩ـ رستم التواریخ ، نووسینی محمد هاشم آصف الحکماء فارسی ١٣٤٨ چاپی تاران .

٣٠ـ ناسخ التواريخ ، نووسینی لسان الملك سيهر فارسی ١٣٤٤ چاپی تاران
٣١ـ تأريخ ٢٥٠٠ سال ايران ، نووسینی عباس پرويز فارسی ١٣٤٤ چاپی تاران
٣٢ـ شرفنامه (فارسی)، نووسینی امير شرف خان بتليسی قاهرەسال.١٩٣٠م.
٣٣ـ مهاباد ديروز وامروز ، نووسینی حسن بابا طاهری (مهندس) (مهاباد)
٣٤ـ منتخب التواريخ ، نووسینی معين‌الدين نظنری تاران سالی ١٣٣٦ .
٣٥ـ كتاب دياربكريه ، نووسینی ابوبكر طهرانی چاپی انقره ١٩٦٢ .
٣٦ـ تأريخ جهان آرا ، نووسینی قاضی ئەحمەد غەفاری فارسی چاپی سالی ١٣٣٢ تهران .
٣٧ـ دائرة المعارف فارسی ، نووسینی غولام حوسەین موصاحيبو چەند نووسەری تری تاران چاپی ١٣٥٠ـ١٣٥٥ .
٣٨ـ فرهنگ دهخدا ، نووسینی دهخداو صەد ، ها ماموستا (٣٦) بەرگی دەرچووە .
٣٩ـ فەرهەنگ موعين ، نووسینی دوكتور محەمەد موعين (٦) بەرگە .
٤٠ـ فەرهەنگی عەميد ، نووسینی حەسەنی عەميد
٤١ـ شەرە فنامەی عەرەبی ، نووسینی شەرەفخانی بتليسی وەرگێرانی ڕۆژبەيانی ( خۆم ) چاپی ، بەغدا سالی ١٣٥٣ .
٤٢ـ تأريخ السليمانيه وانحاءها ، نووسینی محمد امين زكی‌بگ وەرگێڕانی ڕۆژبەيانی ( خۆم ) چاپی سالی ١٣٥٠ بەغدا .
٤٣ـ الكامل في التأريخ ، نووسینی عزالدين ابن الاثير چاپ صادر بيروت ١٣٨٦ .
٤٤ـ قاموس الاعلام ، ( تركي ) چاپ بولاق مصر سالی ١٢٤٨هـ .
٤٥ـ ڕەوضەت الابرار ، ( تركي ) چاپ بولاق مصر سالی ١٢٤٨هـ .
٤٦ـ اوراتو ، نووسینی دوكتور محەمەد جەواد مەشكور تهران سالی ١٣٤٥
٤٧ـ اوراتو ، نووسینی ب.ب. پيوتروفسكی ،و ەرگێرانی عنايت الله‌رضا؛ فارسی چاپی سالی ١٣٤٨ فا .
٤٨ـ شهرياران گمنام ، نووسینی احمد كسروی چاپی سالی ١٣٠٧ـ١٣٣٥ تاران .
٤٩ـ معجم البلدان ياقوت حەمەوی چەندجۆرەچاپ .
٥٠ـ تجربة الاحرار وتسلية الابرار ، عەبدالرەزاق بەگی دونبولی چاپی ١٣٥٠ فا .
٥١ـ مآثر سلطانيه ، عەبدالرەزاق بەگی دونبولی چاپی ١٢٠٦ فا. ودەيان كتێبی تری .




هەواڵنامەی کتێب

(١) یوسف : یەکی بووە لەیاوانی هەرە گەورەی کوردستان ، لەسەردەمی ئاق قویونلوو قەر ،قویونلودا ئنجا صەفەوی ویستیان بیکەنە میـری میرانی کوردستان ، بەلام خۆی دایە پاڵ عوثمانی ولەگەل صەفەویدا ←

کەوتە شەڕەوە ، وکرا بەوالی بەشێ لەویلایەتی بەغـــداو شـــارەزورو کوردستانی ئیران ..

(٢) مصطەفابیك لەسەردەمی سولطان سولەیمانی قانونی دابـو بەمیـری مەندەلی .

(٣) کیش لەسەردەمی سولطان سولەیماندا میری‌گلین‌ی لای زەهاوبو پاشان شاه طەهماسپ گرتی‌و کوشتی .

(٤) ئەولیابیك : لەشەڕی دمدمدا کوژرا .

(٥) شێربیك : دەبێ باپیرەگەورەی فەرمانڕەوایانی لقی دووەمی میرانـی موکریان بی .

(٦) شەرەف خـان نـاوی ناوە «قەرەخان» ، بەلام دەبێ (قـەرەتـاج) بی کەپاشانبووەبە ( ئەمیرخانی سولاغ = یەکدەست ) وپاشان بـووەبـە ( خانی‌لەپ‌زێڕین ) ،و دوکوڕەکەیشی لە شەڕی دمدمدا کوژران .

هەواڵنامەی کتێب

## بنەماڵەی یەکەمی فەرمان ڕەوایانی موکریان




ئەم درەختی بنەچەیەی ئەحسەن التەواریخ شەرەفنامە عالەم ئارای عەباسی عالەم
ئارای صەفەوی وەرگیراوە

هەواڵنامەی کتێب

## دووەمین سەلتەی فەرمانڕەوایانی موکریان




ئەمەدرەختی پشتەبەبی ی شەرەفنامەی عەرەبی. عالەم ئارای عەباسی، مەهاباد دیرووزووەروزە

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

٩٥٦ر٧٢
ر ٩٥٢ رۆژبەیانی ، محەمەد جەمیل
فەرمانڕەوایی موکریان / نووسینی محەمەد جەمیل
رۆژبەیانی . ـ بەغدا : دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکرونەوەی
کوردي ، ١٩٩٢ .
ل ؛ ٢٤ سم . ـ ( کتێبی ژمارە ؛ ٢٨٣ )
١ ـ کوردستان ـ مێژوو ٢ ـ فەرمانڕەوای موکریان مێژوو
أ ـ ناونیشـــان
م . ر
٩٩٢/٦٤٦

کتێبخانەی نیشتمانی ( پێرست کاری لە بڵاوکردنەوەدا )

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق
بغداد ٦٤٦ لسنة ١٩٩٢

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

دار الحرية للطباعة ـ بغداد
١٤١٣ هـ ـ ١٩٩٢ م